MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

له کەناری رووباری (راین)دا
و
له سەرووی عاشقبوون

زانا خەلیل

# لە کەناری رووباری (راین)دا
# و
# لە سەرووی عاشقبوون

**دوو نۆڤلێت**

**هەولێر - ٢٠٠٨**


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **لە کەناری رووباری (راین)دا - لە سەرووی عاشقبوون**
- نووسینی: زانا خلیل
- نەخشەسازی ناوەوە: طـــە حسین
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: ( ١٦٥٣)
- نرخ: (١٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠٠٧
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٦٠)**



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# (١)

# لە کەناری رووباری (راین)دا

# (من شیوەن)م

له (لیدل مارکت) قوتیەك گۆشتی ئامادەکراو دەکڕم و وردە وردە بە هەنگاوی سست و مەست، خۆم و (ئەپۆلۆن) دەچینە سەر کورسییەك و لە (راین) رادەمینێین..

یاختێك دێت و کەشتییێك دەچێ، بەلەمەکان بە کەنارەکەدا رەتدەبن، موسافیری ناو یاختەکان لە قاقا دەدەن و کحول دەخۆنەوە، هەندێ تۆڕەوانی بالآبەرزی بە شان و شەوکەت ماسی دەگرن، راوچییێکیتر قوولابەکەی خۆی فڕێداوەتە نێو دڵی راین و چاوەڕوانە، کەشتییێکی پەککەوتە لە کەنارەکە وەستاوە و کراوەتە کنابیە، باق و بریق و تریسکە تریسك و درووسکانەوەی گڵۆپەکانی لە شەودا نەك هەر بە تەنیا ئەو ناوە بەڵکو تاریکیی ناخی مرۆڤەکانیش (جگە لە من) رووناك دەکاتەوە..

– من چۆن دەشێم لە رۆحی تاریکیی رووناکی دەربێنم
که بشزانم هەموو شتێ ئاوا دەبێ؟
نا من ئەو ژنە ناچارە نیم چارەنووسی تاریکی بگۆڕم و
لەناو دڵی تاریکیی رووناکیی دەربێنم.
من نامەوێ چارەنووسی رووناکی بگۆڕم
نا من ئەو ژنە ناچارە نیم
رووناکیی لە قوڕگی تاریکیی دەربێنم
که بشزانم ئەسڵی رووناکیی تاریکییە.



که لە راین رادەمینێی، وا هەستدەکەی هەموو دنیا لەناو ئەو رووبارەدا دەگوزەرێنێ، هەندێ پیاسە دەکەن و پێدەکەنن، هەندێ بازرگانی دەکەن و هەندێکیتریش لەناویدا رۆنیشتوونە و لە دنیا و ژیان ورد دەبنەوەو شیعر دەنووسن یا گۆرانی دەڵێن یاخود هیچ ناکەن و بەتەنیا تەماشا دەکەن..

هەندێ زانای جیۆلۆجی دەڵێن پێش دوانزە ملیۆن ساڵ ئەو رووبارە درووست بووە، بەلآم کەس نازانێ لەبەرچی بۆ هەمیشەیی هەر لە جووڵە جووڵ دایە و هەرگیز ماندووش نابێ..

(راین) شەقامێکی درێژی خودایە لەسەرزەمینی ئەو کیشوەرەدا راکشاوە، دەڵێی ژنێکی بەژن بڵندە و بە رووتی پیاسە دەکا، دوانزە ملیۆن ساڵە هەرگیز نەخەوتووە، هەندێجار بێزاردەبێ و هەڵدەچێ، هەندێجاریش هێندە ئارامە دەڵێی حۆرییە و نووستووە، ئەو رووبارە وەکو سندوقێکی درێژی زێڕین وایە کە پڕ بێ لە نهێنی، هەندێجار کە باش لێی وردەبیتەوە دەڵێی ئەوە پرچی خوداوەندە لەسەرزەمین راکشاوە..

ئەو خوارووبارە گوێگرێکی باشە و دەتوانێ دەیان ساڵ گوێ بۆ کەسانی سەرلێشێواو و پەژموردەو ژاکاوی وەکو من رادێرێ، هەندێجار ئامێزی بۆ عاشقە دۆڕاوەکان ئاوەلآ دەکا تا لە باوەشیدا بۆ هەمیشەیی بخەون، هەندێجاریتر وەکو دایکێکی بە رەحم دڵی خۆی دەکاتەماڵی هەمیشەیی بێئومێدەکان، دەڵێن درێژییەکەی١٣٢٠ کیلۆمەترە و لە دەریای باکورەوە هەڵدەقوڵێ و بە هۆڵەندا و ئەڵمانیا و فرەنسادا تێدەپەڕێ، دەشڵێن ناوی راین مانای ئاوی گەورە دەگەیەنێ..

رەنگە ئەوە زۆر کاری ئێمە نەبێ کە بڵێین چەند مینای تێدایە و لە رووی ئابوورییەوە چ خزمەتێکی بە ئەوروپا گەیاندووە و چەندین جار بە تووڕەییەوە هەڵچووە و چەندین جار لە مێژووی خۆیدا تێنووی بووە، لە کوێ دەکەوێتە نێو دۆڵ و لە چ شوێنێکیش دوورگەی لێ لە دایك دەبێ و لە کوێی بەژنی خۆشی شاری گەورە لە ئامێز دەگرێ، ناسینی هەموو شارە گەورەکانی سەر راین گرینگی زۆری بۆ ئێمە نییە.. بەلآم ئەوەی دەبێ ئێمە لێرەدا هەڵوەستەی لەسەر بکەین شاری (کۆبلێنچ)ە..

کۆبلێنج دەکەوێتە سەر راین لەو بەشەی کە لە ئەڵمانیا دایە، کۆبلێنج دەکەوێتە سەر راین یاخود راین دێت و مەستانە بەنێو رۆحیدا تێدەپەڕێ، ئێواران نەورەسەکان پیاسەی بەختەوەریی خۆیان لەسەر ئەو رووبارە ئەنجامدەدەن، عاشقەکان بە درێژایی کەنارەکە لە ئاو دەڕوانن و بۆ جوانییەکانی ئاو و پاکییەتی عیشق رادەمینێن، عاشقەکانی ئێرە ئازادن، بە جۆرێکی جیاتر لە خۆشەویستی دەڕوانن.. هیچ کاتێك ناپاکیکردن لە عەشقدا بە خیانەت لە قەڵەمنادەن، کاتێ هێزی ئەو پەیوەندییەیان نامێنێ لە کۆتایی رێگاکەدا هەر یەکە و بەلایەکدا تێدەپەڕێ.. هەر یەکە و رێگایەکی نوێ بۆخۆی دەدۆزێتەوە، ئێ خۆ هەر واشە بە لەناوچوون و کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکی خۆشەویستی دنیا وێران نابێت و هەموو دەرگاکانیش داناخرێن، بەڵکو هەزاران دەرگایتر هەن کە مرۆڤ دەتوانێ لێیانەوە بچێتە نێو دنیایەکی نوێ و نۆژەن.

لە نزیك شەقامی (هۆف) بەرامبەر بە راین (ئەپۆلۆن) گۆشتی نێو قووتووەکەی خوارد، ئێستا راکشاوەو لە گلێنەکانی من دەڕوانێ و وەکو رۆژانی گۆرین گوێم بۆ هەڵدەخا.. من دەستێك بە پێستە سپییەکەی دادەهێنم و حیکایەتی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە، رەنگە ئێوە نەزانن بۆچی من بەتەنیا حیکایەتەکانی خۆم بۆ ئەپۆلۆن و راین دەگێڕمەوە، ئاخر لەو دوو مەخلوقە زیاتر من کەسیترم بەدەستەوە نەماوە، کێ دەتوانێ ئێستا گوێم لێبگرێ و باوەڕ بە رووداوەکانی ئەو چیرۆکەی من بکا.. ئێواران هەرسێکمان بەیەکەوە دادەنیشین و لەو نهێنیانە دەدوێین کە پێویستە ئاشکرایان بکەم، دوێنێ ئەوەم بۆ راین و ئەپۆلۆن باس کرد کە چۆن (رەوەند) هاتە نێو رۆحی من و ئیدی دەرنەچوو..

منداڵ بووم، خۆ لە مانای خۆشەویستی و عاشقبوونم نەدەزانی، بۆ تەماشاکردنی شانۆگەرییێك لەسەر کورسییەکانی هۆڵی شانۆییێك دانیشتین، ئێمە هەموومان بووین، دایکم، باوکم، رەوەند، من و چەندانیتریش، کە هۆڵەکە پڕبوو، شوێن نەما، منیان هەستاند، رەوەند بانگی کردم..

- لێبگەڕێن با بێتە سەر کۆشی من.



من لەسەر کۆشی ئەو دانیشتم، بە چرپەوە گوتی:

- دەزانم گەورەبیت شەڕ لەگەڵ مانگ و ئەستێرەکانی ئاسمان دەکەیت.

ئاخر چەند ساڵێك لە من گەورەتر بوو، ئەو کاتە تەمەنی من زۆر بچووکبوو، بەدرێژایی ئەو شانۆگەرییە، رەوەند هەر ماچی دەکردم و دەستی بەنێو پرچە رەشەکەم دادەهێنا..

من ناڵێم رەوەند هەستێکی جیا و تایبەتی بەرامبەر بە من هەبوو لەو رۆژەدا، منیش هیچ هەستێکم بەرامبەر بەو نەبوو، خۆ من نەمدەزانی خۆشەویستی چییە، بەلاَم شتێ لەناخی من ئاگری گرت، تا ئێستایش هەر نەکوژاوەتەوە..

کە رەوەند دەهاتە ماڵی ئێمە وەکو تۆپەڵێ گڕی عیشق وابوو، دایکم بەرامبەری دادەنیشت و لە گلێنەکانی دەڕوانی، هێرۆی مامۆژنم دەستی دەهاوێشتە ژێر چەناگەیی و لە ئەدگاری ورد دەبۆوە، ئیدی نەیاندەتوانی چایەك، کافێیەك، یاخود نانێکی باش بۆ مێوانەکەیان ئامادە بکەن، من ئەو کات نەمدەزانی ئەو چ ئاگرێکی لە رۆح بەردەدا، نەمدەزانی چ تۆفانێکە کاتێ دێت و هەموو عاتیفە و هەست و جوانییەك لەگەڵ خۆی رادەپێچێ، ئەو تۆفانێکی ئاسایی نەبوو، کە دەهات تێکەڵەیەك بوو لە بورکان و لافاو، خەڵکی هەمووی حەرام و حەڵاڵیان لێتێکەڵ دەبوو، گوناح و بێتاوانیی، دەشێ و ناشێ، هەموو شتەکانیان لێ تێکەڵ دەبوو ئەو خەڵکە، هەندێجار روومەتی دایکم یا هێرۆی ئامۆژنمی دەگرت و لەگەڵیان لە قاقای پێکەنینی دەدا و دەیگوت: خودا ئەو مامۆژنە جوانانەم لێنەستێنێ..چەند خۆشە مامۆژنی جوانت هەبێ..

ئەوان لە چاوەکانی رەوەندیان دەڕوانی، ئایا یۆگایان دەکرد کە هێندە بێ جووڵە لە رووخساری رەوەندیان دەڕوانی؟ ئایا ئەوانیش نەیاندەپرسی چەند خۆشە مێرد برازای ئاوا ساحیری هەبێ؟

رەوەند لەگەڵ هەموومان دەگونجا و بە هەر شێوە و شێوازێك بووایە کەلێن و درزێکی دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی بێتە نێو رۆحی ئێمە و ماڵ داکوتێ، ئەو رۆحی خۆی

دەژەنی و رۆحی خۆی دەدایە بەر تاوێر و کەڤر و کێوەکان، رۆحی خۆی دەژەنی و دارستان و چیا و پێدەشتەکان رۆحیان دەهاتە بەر، ئەو هێندە بەرزەفڕبوو سەری بە خۆر دەکەوت و هیچیشی لێنەدەهات، هەندێجار هێندە بە خاکەڕایی و نەوی هەڵدەفڕی کەچی چیاکان خۆیان لێی لادەدا.. لەگەڵ هەموومان دەگونجا و بەهەر شێوە و شێوازێك بووایە کەلێن و درزێکی دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی بێتە نێو رۆحی ئێمە و ماڵ داکوتێ، لەگەڵ باوکم باسی کتێبی دەکرد، لەگەڵ مامە سەلام کە ئەو کات هێشتا ئاوای بەسەر نەهاتبوو باسی سیاسەت و دواترین گۆڕانکاری و رەوشی سیاسی وڵاتی دەکرد، هەمیشە منی لەنێو کۆشی خۆی دادەنا و ماچی دەکردم، هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئەو زۆر لە تەمەنی راستەقینەی خۆی گەورەتر بوو، بۆ دایکم نوکتەی دەگێڕایەوە، ئێستایش لە بیرمە جارێك چەند نوکتەیەکی بۆ دایکم گێڕایەوە و گوتی: ((پیاوێك رەشۆڵەیەکی دیتبوو، زۆر پێکەنیبوو، گوتبووی یەکەم جارە ببینم کێشکە عەبای خەلیجی لەبەر بکا.)) ((پیاوێك بە ژنێك دەڵێ: ئەگەر زانیت ئەو پاکەتە چەند جگەرەی تێدایە هەر پێنج جگەرەت دەدەمێ، ژنەکە دەڵێ سێ.)) ((مەلایەك لەسەر رێگایەکی راست دەڕوا، کچێکی بەرامبەر دێت، لەولاتر پیاوێك هاوار دەکا مەلا مەلا خۆت لادا کچێك لە بەرامبەرتە، مەلا ئاوڕ لە پیاوەکە دەداتەوە و دەڵێ: سەگباب ئەگەر عاموود بووایە خۆ پێت نەدەگوتم)).

دایکم لە قاقای پێکەنینی داو دەستی هاوێشتە سەر شانیی و ماچێکی لێیکرد.. ئایا بۆچی دەستی خستە سەر شانی رەوەند و ماچیکرد؟ دایکم چ چێژێکی لە جەستە و گۆنای رەوەند وەردەگرت؟ ئایا کوڕەکەی خۆی ماچ دەکرد یاخود کوڕێکی قەرەج کە هیچ سنوور و یاسا و رێساییێك نەیدەگرتەوە؟

لە راستیدا ئێمە یەك ماڵ بووین، ئاخر باوکم و مامە سەلامم وەکو مامەکانیتر نەبوون، وەکو دیدالۆسیش نەبوون لە هونەرمەندی و مەشهوری برازاکەیان بترسن، هەرگیز نەیاندەتوانی رکیان لە برازاکەیان ببێتەوە، بەڵکو وەکو کوڕی خۆیان تەماشایان دەکرد و زیاتریش..



شەوێکیان باوکم لە ماڵ نەبوو، دایکم جێگای رەوەندی لە تەنیشت جێگاکەی خۆی بۆ راخست، نازانم چی بوو من پێداگریم کرد و سووڕبووم لەسەر داواکەم و گوتم: من دێمە نێوانتان..

دایکم گوتی: نا کچم ئێمە باسی ژیان دەکەین و ناخەوین.

گوتم: دایە منیش حەز دەکەم گوێم لە باسی ژیان بێت.. حەز دەکەم لە مانای راستیی تێبگەم، لە مانای خیانەت.

گوتی: کچم تۆ هێشتا زۆر بچووکی تا پرسیاری ئاوا گەورە بکەیت.

من پێداگریم کرد و سووڕبووم لەسەر داواکەم کە دەبێ بچمە نێوانیان، ئەوانیش بە ناخۆشحاڵییەوە رازیبوون، من تا بەیانی لە باوەشی رەوەندا خەوتم.. کێ ناڵێ دایکم حەزی بەوە نەدەکرد لە شوێنی من بووایە؟

تۆ ئەی ئەپۆلۆن ئەی رووناکی ژیانی من گوێم بۆ بگرە، تۆیش ئەی راین دەزانم گوێت بۆ هەزاران کەسی وەکو من رادێراوە، ئێستا گوێ لە من بگرن با باسی ئەوەتان بۆ بکەم کە بۆچی مامە سەلام و هێرۆی خێزانیی و سارای کچیان (کە چەند ساڵێك لە من گەورەتربوو) لەگەڵ من و رەوەند هاتین بۆ نیدەرلاند..؟

راستە مامە سەلام پیاوێکی هێندە عاقڵ و دنیادیتە و زانا نەبوو، بەڵام ئەوەش نەبوو کە پووش و پەڵاشی بیابانی خواردبێ و بە ـ با ـ ی خودا گەورەبووبێ، نا ئەو هەمیشە گوێی لە هەواڵە سیاسییەکان رادەگرت و جاروباریش رۆژنامەی دەخوێندەوە، تازە زاوا بوو، کە بۆ عەسکەری بانگکرا، بە جل و بەرگی خۆی رەوانەی پێشەوەی بەرەکانی جەنگیان کردبوو، جەنگ چ جەنگ؟ بە هەزاران لاشە تێکەڵی لمی زەردی بیابان ببوو، ئاسمان پڕبوو لە داڵ و شەوانە ئەو گۆڕەپانانە دەبوونە شوێنی ئاهەنگی چەقەڵ و گورگ و مار و دووپشك، دەنگی برووسکە و گرمەی تۆپ و هات و هاواری بریندارەکان هەموو ئاوێتە بوون، لەو جۆرە شوێنانەدا هەموو کەسێك دەپرسێ بۆچی جەنگ؟ مردن لە پێناوی چی؟ ئایا خاك لە مرۆڤ پیرۆزترە؟ ئایا بۆچی هەمیشە رق و کوشتن و مردن لە خۆشەویستی و ژیان باڵادەستترن؟ مامە سەلامم ئەو

پرسیارانەی لە خۆی کردبوو، بۆیە مردنێکیتری پێباشتربوو کە خۆی هەڵیبژێرێ نەك مردنێك کە بۆی هەڵبژێرن.

ئەو رایکردبوو، دە سعات، نا زۆر زیاتر، بیست کاتژمێر بە پێ رۆیشتبوو، تا لە هێڵی دوواوە کە بۆ لە سێدارەدانی راکردووەکانیان دانابوو، راوەستابوو، نەیزانیبوو چ بکات، لەو کاتە جێبێکی عەسکەری هاتبوو ئەو دەستی بۆ بەرزکردبوونەوە، ئەوانیش بۆیان راگرتبوو، مامە سەلامم تەنیا سڵاوێکی کردبوو، نە ئەوان قسەیەك و نە ئەویش قسەیەك، دیارە لەو تۆفانی خوێن و ئەو بارانی مردنە، لەناو ئەو داڕوخانی ئاسمان و لەرزینی زەمینە کەسێك نییە بیر لەوە بکاتەوە کە پیاوێك هێندە بە گەمژەیی لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ رابکا کە بشزانێ لێژنەی لە سێدارەدان رێگای پێنادەن و لە سێدارەی دەدەن.. ئەی چۆن رزگاری ببوو؟ رەنگە خودا بەو ئەفسەرانەی ناو جێبەکەی گوتبێ: ئەو پیاوە ئەفسەرێکی هەواڵگرییە، بۆیە بۆتان نییە پرسیاری لێبکەن..ئەوانیش وایانکردبوو.

جێبەکە دەگاتە (بەسرە)، لەوێ مامە سەلام فەرمانیان پێدەکا ئۆتۆمبێلەکە راگرن، بێ خواحافیزی دێتە خوار و لێیان دادەبڕێ.

لەناو بازاڕێکی میللی بەسرەدا سێوێك دەکڕێ و دەیخوا، پاشان ماسی گەورە گەورە دەبینێ کە تازە لە رووبارەکە دەرهێنراون، ماسییێك دەکڕێ و لە دڵەوە دەڵێ: ئەگەر بڕیاربێ پیاو بمرێ با بە تێری بمرێ.

ئێستا ماسییێکی گەورەی بە دەستەوە بوو، بەڵام لە کوێ سووری بکاتەوە و بیخوا؟ چووبووە دوکانێك پرسیبووی، دوکاندارەکە ژنەکەی خۆی بانگ کردبوو کە بچێ ئەو ماسییەی بۆ ببرژێنێ و سووریبکاتەوە، بێگومان هەقدەستی خۆشیان لێوەرگرتبوو، بەڵام تا ئەو کاتەی ژنی دوکاندارەکە دەگەڕێتەوە کەوتبوونە باس و خواس، کە مامە سەلام پێیگوتبوو: من کوردم و دەمەوێ بچمەوە کوردستان.. پیاوەکە ناونیشانی هەندێ وەستا و کرێکاری کوردی پێدابوو کە لە بەسرەدا پرد و بینایان درووستدەکرد.. دوای نانخواردن دەچێتە لای کوردەکان و دەیگەڕێننەوە



کوردستان، بەڵام مامە سەلامم چ بکات لە کوردستان کە ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانی هەمووی لە بەغدا بێ؟ بۆیە گەڕابۆوە بەغدا و گیرابوو، فرمانی لە سێدارەدانی دەرچووبوو چونکە بە پێشمەرگە لە قەڵەمیان دابوو، ئیدی لە ژوورێکدا چاوەڕوانی رۆژی رەشبوونەوەی خۆی دەکا، بەر لەوەی ئاوای بەسەربێ زۆر شتی بۆ خەڵکی سەبارەت بەو ژوورە گێڕابۆوە، گوتبووی کاتێ چوومە ژووری ئیعدام چەندین کەس دەهاتن و دەچوون و دەویان دەجووڵا، هەندێ دانیشتبوون کتێبیان دەخوێندەوە، بەڵام هەموو کتێبەکان وەکو یەك وابوون، ئەویش لەسەرەخۆ و بە هێوری پرسیبووی: ئایا ئێوە تاقیکردنەوەی بە کەلۆرییەتان هەیە؟

دواتر هەر خۆی تێگەیشتبوو کە دەبێ بێدەنگ بێ، چونکە هەموویان قورئان دەخوێنن، خۆ گاڵتە ناکەن..

باسی پشیلەیەکی رەشی کردبوو و گوتبووی کاتێ ئەو پشیلەیە بچووبووایە ئامێزی یەکێك بۆ بەیانی بڕیاری لە سێدارەدانەکە جێبەجێدەکرا، بۆیە هەموویان لەبەر ئەو پشیلەیە رایاندەکرد و جێیان پێ جێ نەبوو.. گوتبووی سەرهەنگێکی گەورەی سوپا تەنیا لەسەر ئەوەی کە شەوێ لە زاگە و شاری سەرۆکدا خەوتبوو بەیانی لای ژنەکەی خۆی گوتبووی پێشکە و مێشوولەی ئەو شارە زۆر گەورە و پیسن بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرابوو، باسی ئەفسەرێکی گەورەتری سوپای کردبوو کە دەستی لە مەمکی ژنەکەی خۆیدابوو، ریکۆردەرێکی لە ژێر ستیانەکەی دۆزیبۆوە و زللەیەکی لێدابوو، پێی گوتبوو: لەعنەت لە تۆ و لە ئەوانەش کە فێریانکردی سیخوڕی بەسەر مندا بکەیت.

ئیدی بۆ دوای نیو سعات بێدادگایکردن فرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا دەدرێ، باسی کوردێکی کردبوو لەو ژوورەدا لەگەڵی بوو، گوتبووی کە هێنایانە ژوورێ دشداشەکەی داکەناندبوو، چونکە حەساسیەی بە دشداشە هەبووە، کە خیاریشان بۆ دەهێنا سپی دەکرد ئینجا دەیخوارد، هەمیشە لەناو ژووری ئیعدامدا بە پێکەنینەوە بە خەڵکەکەی دەگوت: من باوەڕم بە خودا نییە..

هەندێجار دوای لە سێدارەدان لاشەی ساردوسڕی مردووییێکیان دەهێناو هەڵیان دەدایە ژووری ئیعدام، دوای پێنج کاتژمێر دەهاتن و دەیانبردەوە، هەندێجار یەکێکیان بانگدەکرد و دەیانبرد، کە دەیانهێنایەوە دەگریا، هێندەی لێیان دەپرسی کە چی روویداوە، وەڵامی نەدەدایەوە، تەنیا و تەنیا دەگریا..

زۆر شتی سەیری سەبارەت بەو کوردە گێڕابۆوە، باسی ئەوەی کردبوو کە رەخنەی لە ئایەتەکانی قورئان دەگرت، ئایینی پێ دواکەوتوویی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەیگوت بەشێك لەو کتێبانە مەبەستی (تەورات و ئینجیل و قورئان بوو) شیعریەتیان تێدایە، دەتوانرێ وەکو هەر تێکستێکی جوان لەززەتی لێوەربگیرێ..

دوای ساڵێك لەو ژوورەدا دەیان دەستەیان بەرەو مەرگ بەڕێکردبوو، تەنیا پشیلەکە رووی لە ئەو و کوردەکە نەکردبوو، تا رۆژی لە دایکبوونی سەرۆك، لەو رۆژەدا سەرۆك بڕیاردەدا، بڕیارەکەیان لە ئیعدامەوە بۆ تاهەتایی بگۆڕدرێ..دووساڵیش لەوێ مابۆوە، جارێکیتر لە رۆژی لە دایکبوونی سەرۆك فرمانی ئازادکردنیان درابوو، کە مامە سەلامم گەڕابۆوە ماڵ سارا بە پێیان دەڕۆیشت..

چەند ساڵی بەسەردا تێپەڕی کەس لە دەردی مامە سەلامم ئاگادار نەبوو، کاتێ چاوی بە منداڵێك دەکەوت شێت دەبوو، فرمێسك بە چاوەکانیدا رێچکەیان دەگرت، هێرۆی مامۆژنم هەمیشە پلاربارانی دەکرد و بە لمووز بەرزی و پۆزەوە لەگەڵی دەدوا، کەس نەیدەزانی بۆچی ئیدی منداڵێکیتریان ناوێ.. ئێوارەیەکیان مامە سەلامم بە هات و هار و جنێودان دێتە دەرەوە و سارای هێشتا بچووك دەبینێ و پەلاماری دەدات، بلّندی دەکا و دەیەوێ بە عەردی دابدات، یەکێ لە دراوسێکان دەستی دەگرێ و سارا رزگار دەکا.. ئیدی بێدەنگ دەبێ، هەندێجار جنێو دەدا:

- هێرۆ دەزانم تۆ لە چ قەحپەیەك لەدایکبووی، هێندە خۆت بە زل مەزانە، زووکە هەندێ ئاوم بۆ بێنە.
- هێرۆ تۆ بەلاّ و نسیبەتی، لەو کاتەوەی تۆم هێناوە هەموو ژیانم وێرانبووە، ئیدی چ ئومێدێکم بە ژیان بمێنێ، ژنی بێوەفا، زوو چایێکم بۆ بێنە.



- هێرۆ دێرە سە، چاوت مۆنە، رۆژێ دادێ سەرت لە لەشت جیا دەکەمەوە.
- هێرۆ، مەیمونی حاجی جەمیل گەواد، دەزانم چت لە بن سەری دایە، نانەکم بۆ بێنە.

سەلامی مامم وازی لە ژیان هێنابوو، تەنیا کارێ کە دەیکرد چاودێری کردنی هێرۆبوو، رۆژ و شەو تاقیبی دەکرد شتێکی لێببینێ، دلّی لێی پیس کردبوو، بەلاّم ئەوە خۆ دلّپیسی نەبوو، شەڕێکی هەمیشەیی بوو، هەندێجار پێیدەگوت: سەگی بەڕەلاّ دەزانم تۆ چ خیانەتێکم لێدەکەی بەلاّم تا ئەو کاتەی بە چاوی خۆم دەتبینم چاوەڕێ دەکەم..

هێرۆ نەدەوێرا بچێتە حەمام، مامم پێی وابوو غوسلی خیانەت لە خۆی دەردەکا، نەدەوێرا بچێتە ماڵی دراوسێکەیان، چونکە مامم پێی وابوو بۆ مێردی شلێر دەچێتە ژوورێ، نەدەوێرا لە ماڵ بە تەنیا بمێنێتەوە، چونکە مامم پێی وابوو ئێستا نا کاتێکیتر گەنجێك بە ژوور دەکەوێ، نەدەوێرا بێتە پێش دەرگا، بچێتە ماڵی خزم و ناسیاوێك، بچێتە ئاهەنگێك.. ئاهەنگ؟ چوون بۆ ئاهەنگ وەکو ئەوە وابوو بچێت بۆ قەحپەخانە.

خێڵ و خێزان کۆبوونەوە، چونکە کار لەوە دەرچووبوو، هەموو رۆژ شەڕ، شەڕێکی ناکۆتا لەگەڵ سارا و هێرۆ، ئێرەیی بردن بە گەنجان و رك لێبوونەوە لە هەموو کەسێك..خێڵ و خێزان بۆچی کۆبوونەوە؟

مام قادر قەمبور: ئەو پیاوە لەمەچێتری هەیە دەبێ بیبەینە لای شێخ مەلا شەریفی نوورانی.

حاجی مەولود: من شێخێکی باشتر پێدەزانم.

مامۆستا جەلالی شاعیر: کاکە کوا باوی شێخ ماوە؟ من دەیبەمە لای دکتۆر.

عومەر ئاغا: چەغە، بە خۆ و بە قوون و پانتۆڕەوە دەتەوێ بەو قسانەت لە دینیشمان وەرگەڕێنی.

باشە هەموویان بڕیاریاندا بیبەنە لای شێخ، بێئەوەی پێی بڵێن بۆ کوێ دەیبەن بە پێنج پیاوی بە شان و شەوکەت سواری ئۆتۆمبێلیان کرد و یەکەم کارێك کە شێخ کردی، بەستنەوەی بوو بە شیشەکانی پەنجەرەیەکەوە، بە گوریس توند توند لە شیشەی پەنجەرەیەکەوە بەستیانەوە، مامە سەلامم هاوار دەکا، لەگەڵ هاوار هاواریدا جامەکان ورد و خاش دەبن، باران دەبارێ، ئایا ئەوە فرمێسکی ئاسمان بوو؟

شێخ دەڵێ: من ئیعترافی پێدەکەم.

عومە ئاغا: دارێکی ئەستوورتر.

شێخ دارێکی ئەستوور دێنێ و لە تەپڵی سەریدەدا و دەڵێ: ناوی جنۆکەکان ئاشکرابکە.

مامە سەلام دەگریێ و هاوار دەکا، هاوار هاوار هاوار ئەی هاوار بۆچی وام لێدەکەن؟ من تاوانم چییە؟ من ناوی کێتان پێبڵێم؟

عومەر ئاغا: باشتری لێبدە شێخ با ناوی ئەو لەمەچێترانە ئاشکرابکات.

شێخ دارێك دەگرێتە پەراسوەکانی و یەکێ لە پەراسووەکانی ورد و خاش دەکا و دەڵێ: لێیان مەترسە، دەیانسووتێنم، زوو ناوەکانیان بڵێ..

ئەو زیندانییە قوڕبەسەرە هاوار دەکا، جامەکان هەمووی شکاون، باران بەگوڕتر دەبارێ، مەزاراکان دەگیرێن و لافاو هەڵدەستێ.. هاوار دەکا و هاوار دەکا و دەڵێ: ئامون و ئاتون.

شێخ پێدەکەنێ و دەڵێ: بیکەنەوە.

ئامون و ئاتون لەسەر کاغەزێك دەنووسێ و دەیانسووتێنێ، لەسەر کاغەزێکیتر هەندێ وشە دەنووسێ و دەیکاتە نووشتەیەك و پەڕۆیەکی سەوزی لێدەئاڵێنێ و دەڵێ: ڕۆژێ سێجار بەر لە نان خواردن بۆی لە ئاو هەڵکێشن.

حاجی جبرایل دەستی شێخ ماچ دەکا و دەڵێ: تۆ کوڕی خۆشەویستی پیرۆزی، ئەو دوژمنانە دەبێ هەر بەو دەستە نوورانییەی تۆ بسووتێن.



مامە سەلامم تا ساڵێك لەنێو جێگاکەی دەکەوێ، ئیدی تەنیا دەمێنێتەوە و قسە لەگەڵ کەس ناکا، هێرۆ نان و ئاوێکی هەڵدەداتە پێشی و تەواو، ئەو گۆشەیەکی هەڵبژاردووە، مووی ریش و سمێڵ و پرچی تەواو سپی هەڵگەڕاون، کە لە قژی دەڕوانی وا هەست دەکەی کێوێکە پڕ لە بەفر، ڕۆژانە نزیکەی سەد جگەرەیەك دەکێشێ، جگەرە بە لالێوییەوە تەواو دەبێ، هێشتا مژێکی لێنەداوە.. ناوە ناوە گەر بزانێ کەس دەستی پێی ناگا رادەکا، بەڵام دەیگرنەوە و دەیهێننەوە، بۆ هەمیشەیی لە ژێر چاودێریدایە، چەندین شێخ و مەلا و وجاغیتریان پێیکرد، کەچی ئەو هێشتا پیرتر و بێدەنگتر دەبێ.. چی لێبکەن؟

بردیانە لای دکتۆر، دکتۆری چی ؟ هێشتا وجاغ باشترە.. هەموویان ئەو رستەیان دووبارە دەکردەوە..

دکتۆر حەبی گێژبوونی پێدابوو، هەر لە کوڵە خۆی کردبۆوە.. ڕۆژێ دە دنکە حەب دەخواو لێیپاڵدەکەوێ، بێدەنگ رادەکشێ و جگەرە دەکێشێ.. هێرۆ لە گۆشەیەك دادەنیشێ و دەگریێ و بۆ مەرگی مێردەکەی فاتیحە دەخوێنێ، ئەوە کاری ڕۆژانەی هێرۆیە، بە خۆی مردووە، من و ساراشی کوشت.. چیمان پێدەکرێ و چیمان لە دەستدێت؟ خودا لەناوت ببا وەکو ئەوەی کە ئێمەت لەناو برد.

مامە سەلامم مووی رەشی لە سەر و ریش و سمێڵی نەماوە و لە گۆشەیەکدا راکشاوە و جگەرە دەکێشێ، خزم و ناسیار بە تەکە جگەرەی بۆ دێنن، هەندێ پارەی داوەتە ئامۆزایەکی کاری پێبکا، هەموو رۆژ لەسەری زیاد دەکا، تاو نا تاوێ تووڕە دەبێ و دەڵێ:

- گەواد پارەکەم بۆ بێنەوە.
- ئەگەر گەواد نەبی خۆت بە پارەی خەڵکیدی قەڵەو ناکەیت؟

ئەوە هەموو بیرکردنەوەو ژیانی ئەوی داگیرکردووە، سارا شەرم دەکا لەناو قوتابخانە و لای دەستە خوشکەکانی بڵێ ئەو شێت و وێتە باوکمە..

هێرۆ مەمکە قیتەکانی بۆ هەمیشەیی خەوتبوون، ئیدی کۆڵی ڕۆحی خۆی بە دوعا و نزا دەردەکرد.. ئێستا تێدەگەم بۆچی هێندە لە گلێنەکانی ڕەوەندی دەڕوانی..؟ بۆچی جاروبار بە دزی مامە سەلامم دەستی لەنێو قژی وەردەدا و بە گلەییی کردنەوە لە چارەنووس و خواو زەمین فرمێسکی هەڵدەوەراند و سەری ڕەوەندی دەخستە سەر مەمکەکانی..

عێڵ و عەشیرەت نا، بەڵکو باوکم بیریکردەوەو پلانی داڕشت و بڕیاریدا بمانێرێتە هۆلاند، ڕەوەندیش پێویست بوو لەگەڵمان بێت بۆ ئەوەی ئاگای لەو مامە شێتە و من و سارا و هێرۆ بێت، منیشی بۆ ئەوە نارد تا لە ئایندەدا کارێکیان بۆ بکەم بۆ ئەوەی ڕایانکێشم..

چۆن دەبێ سارای جوان و جحێل ڕەوانەی هەندەران بکەن، کە دەشزانن چ بەدڕەوشتییێك لەو دنیایەدا هەیە؟ بۆیە سارایان لە کوڕە خاڵێکی مارە کردو بەڕێکەوتین.

# (سەفەرەکە بە گێڕانەوەی سارا)

نازانم باران بوو یا فرمێسکی من کە ئاوا زەمینی تەڕ دەکرد؟

ناکۆتا فرمێسکی وشك، لە چاوەکانی مندا هەڵدەوەران، لە شاری (سلۆپی)یەوە بە پاسێکی نیمچە ڤالا و چۆڵ بەڕێکەوتین، ڕێگامان دوور بوو، دەبووایە نزیکەی بیست و چوار کاتژمێر لەنێو ئەو پاسەدا بمێنینەوە تا دەگەینە (ئیستەمبۆل)..

دایکم و باوکە شێتەکەم لە تەنیشت یەکترییەوە لەسەر دوو کورسی بەر لە ریزی پشتەوە دانیشتبوون، من و شیوەن و ڕەوەندیش لە ریزی پشتەوە، سێ کەس لەسەر پێنج کورسی، شیوەن سەری خستبووە باوەشی ڕەوەند و ڕەوەندیش دەستی خستبووە سەر شانی شیوەن کە لەناوەڕاستماندا ڕۆنیشتبوو، من لە دڵەوە زۆر بە کوڵ و حەسرەت و مەراقەوە دەگریام، من هەر بە تەنیا بۆ شوێنەکەی شیوەن نەدەگریام بەڵکو بۆ ئەو رابردووەش دەگریام کە هەروا بە سانایی هاتو گوزەشت، نا نەخێر من هەر بە تەنیا بۆ شوێنەکەی شیوەن نەدەگریام بەڵکو بۆ ئەو ئایندەیەش فرمێسکم هەڵدەوەراند کە من و ڕەوەندی بەیەکجاری و بۆ هەمیشەیی لەیەکتری جیاکردەوە..(بەڵام خۆ هێشتا کاتمان ماوە) ئەوە من بووم ئومێدم بە خۆم دەدا، (بەڵام کاتی چی؟) هەر خۆم ئاوا لە خۆمم دەپرسییەوە.. تازە کار لە کار ترازابوو، زەمین و ڕۆح پۆشاکی ئەبەنوس و جل و بەرگی قەترانیان پۆشیبوو.. ئیدی دارستانی ئومێد، باهۆزی بیابان و وەرینی پایز لێیدابوو، ڕووباری خەونەکان وشکیان کردبوو، ئیدی دڵ



بیابان بوو، گیانیش دارستانی بەرد، کە لە حەڵقە ترسناکەکەی قامکمم دەڕوانی هێندەیتر قوڕگم وشکی دەکرد و چاوەکانیشم تەڕتر، بەڵام بە فرمێسکی وشك وشك..

دەستی ڕەوەند لە سەر شانی شیوەن شۆڕببۆوە، من بە تیغی چاوانم لێیم دەڕوانی، بەڵام خۆ ئەوە دەست نەبوو کە بەسەر شانی شیوەن وەکو لاولاوەیەکی سەوز شۆڕببۆوە، بەڵکو دەنووکی باز بوو، من سوێند بە باران و سوێند بە راستیی دەخۆم هەمووومان حەزمان لێیبوو، (من، دایکم، شیوەن، دایکی شیوەنیش).

لەناو پاسەکەدا هەموو هەستەکانی خۆم لەناو مەمکی چەپەم قفڵ دابوو، چاوەڕوانبووم لەگەڵ تاسەیەك، ئاستەنگ و ڕووداوێك، هەڵوەستە و وەستانێك دەستی ڕەوەندی پێبکەوێ، ئەوەی نزیك مەمکی چەپەم خۆ دەست نەبوو ماری موگناتیزیی دڵی خودابوو.. (تاکەی چاوەڕوانی؟) ئاوا لە خۆمم دەپرسی.. ئەی بۆچی من دەستیم نەدەگرت و لەسەر ئەو مەمکەی خۆمم دانەدەنا کە پڕ بوو لە هەست و چاوەڕوانی؟

من دەترسام؟ لە چی؟ خۆ شیوەن هێشتا هێندە ورد و هەستیار نەبوو، لە نێو تاریکیی ئەو پاسەدا دەستی ڕەوەند ببینێ کە مەمکم لەنێو لەپی خۆیدا دەگوشێ و بە لافاوی لەززەت وێرانی دەکا.. ئەی بۆچی دەستیم نەدەخستە سەر مەمکی چەپەم کە بە درێژایی ڕێگا چاوەڕوان بوو..؟

دەترسام من؟ لە باوکم؟ دەزانم باوکم هەموو جەستە و گیانی کردۆتە چاو، بەڵام ئەو ئێستا چاوەکانی کزبوون، نا لەبەر ئەوەی بەڕاستی چاوەکانی کزبوون، بەڵکو لەبەر ئەوەی هێندە وڕ و گێژ و شێت بووە کە هەست بە هیچ شتێ ناکا.

من دەترسام؟ لە کێ؟ لە دایکم؟ باوەڕناکەم، چونکە دایکم منی لە باوەشی ڕەوەندیش ببینیبووایە خۆی گێل دەکرد و تەنیا جێیدەهێشتین.. ئەی بۆچی من دەترسام؟

لە دەزگیرانە ناخانەدانەکەم دەترسام من؟ نا نا هەرگیز، من نامەوێ بیر لەو ناخانەدانە بکەمەوە، چۆن پیاوێکە کە کچێکی دەوێ و کچەکە ئەوی ناوێ؟ کەسێکی بێ کەسایەتی و بەڕەڵا، لۆتی و سەرسەری و بێغیرەت..

ئەی بۆچی دەستیم نەدەخستە سەر مەمکی چەپەم کە بە درێژایی ڕێگا چاوەڕوان بووم..؟ کێ نالێ لە ڕەوەند دەترسێم؟ ئایا ئەو شوانە ڕازیدەبێ بەرخێکی خۆی بخوا؟ ئەو لە گورگ دەچوو لە هەمان کاتیشدا لە بەرخ.. ئێستا ئەو بەرخ بوو نەك شوان، ئێمە گورگی ئەو بووین و دەمانویست بیخۆین، بەڵام کامەمان زووتر دەستی پێیدەگات؟

ئەو حەز و هەوەس و ڤینەی من بۆ ڕەوەند مێژوویێکی درێژی هەیە، کە منداڵ بووین سواری ئەسپیان دەکردین، ئەو لە پشتەوە و منیش لە باوەشیدا دادەنیشتم، هەردووکمان دەترساین و پێشدەکەنین، کاتێ منداڵ بووین زۆرجار بەیەکەوە دەخەوتین، ماوەیەك لە چاوەکانی یەکترمان دەڕوانی و دەستمان لەنێو پرچی یەکتری وەردەدا، دواتر ئەو ڕووی خۆی وەردەگێڕاو منیش دەستم دەخستە سەر ملە ناسکەکەیی و دەخەوتین..

کە منداڵ بووین بەیەکەوە بە پۆشاکەوە دەچووینە نێو حەوزی ئاو، بەڵام خۆ ئەوە ئاو نەبوو، قوڕاو بوو، خۆڵاوبوو، دەهاتینە دەرێ و بەیەکەوە دووشمان دەکرد.. هێشتا منداڵ بووین نازانم لەبەر چیبوو کە لە ماڵی ئێمە دەڕۆیشتن من هەمیشە بە دوایدا دەگریام، ئەو پێدەکەنی و ماڵئاوایی دەکرد، دەستەکانی ڕادەشڵەقاند و پێدەکەنی، منیش دەگریام و بەدەم گریانەوە ماڵئاواییم لێدەکرد.. منداڵ بووین بەڵام دەمزانی هەموو ئاوابوونێك کرێت و قێزەون و ناشرینە، منداڵ بووین دەمزانی چاوەڕوانی هەمیشە بە حەسرەت و پڕ لە ئازارە، ئێستا من حەسرەت و ئازارم هەبوو چونکە چاوەڕوان بووم.. چاوەڕوان بووم کەچی دەستەکە لەسەر شانی شیوەن شۆڕببۆوە و خەوتبوو..

ئێمە ئێستا گەورەین و لە ڕێگادain، لە وێستگەکان دادەبەزین، ئێرە دەشتێکی پان و بەرینە، هیچ خزمەتکردنێکی پێوە دیار نییە، ناوە ناوە گوندێك دەبینین، گوندی چی کەلاوەیەك دەکەوێتە سەر ڕێگامان، ئێرە ماردینە، لەو بەرزاییە کوردەکان شارێکی جوانیان بۆ خۆیان دروستکردوە، چۆن لەو بەرزاییە شار دروستدەکرێ؟ ئەوە خۆ شار نییە قەڵایەکە بۆ خۆی.. ئەها ئێرە ئەدەنەیە، ئێمە دادەبەزین و نانێك دەخۆین، هەر سێکمان چایە دەخۆینەوە، بەڵام چایەی تورکەکان تاڵە، دوو قەندە



شەکر و پیاڵەیەك چایە، من چایەکە ناخۆمەوە، داوا لە دایکم دەکەم باوکم لەناو پاسەکە خەبەر بکاتەوە و تیکەیەك نان بخوا، دایکم گوێی بۆ نوکتەکانی ڕەوەند ڕادێراوە و پێدەکەنێ، شیوەن لێرەش واز ناهێنێ کورسیەکەی زۆر لە ڕەوەند نزیك کردۆتەوە، منداڵ نەبووایە حیسابی ترم بۆ دەکرد، ئێمە هەرسێکمان دەستمان خستۆتە ژێر چەنەگەمان و بە ڕیز لە چاوەکانی ڕەوەند دەڕوانین، پیاوێك لە شۆڕینی جامی پاسەکە تەواو دەبێ و هاوار دەکا(ئیستەمبۆل.. ئیستەمبۆڵ).. من زوو دەچمە کورسییەکانی پشتەوە، شوێنی پێشووتری خۆم دەگۆڕم کەچی هەمدیس شیوەن دەکەوێتە نێوانمان، خێزانێکی گوندنشین لە کورسییەکانی پێشەوە دانیشتوون بۆنیان لێدێ، ئێمە لووتمان دەگرین و بێزار دەبین، خزمەتگوزاری ناو پاسەکە دێ و بە لایت تەماشای پێیەکانمان دەکات و داوامان لێدەکات پێڵاوەکانمان لە پێ بکەین، ئێمە تورکی نازانین و بە کرمانجی دەڵێین: ئێمە پێڵاومان دانەکەناندووە..

ئێمە هێشتا لە ڕێگادain، باڵاخانەی جوان دەبینین، شەقامی جوان دەبینین، پارکی جوان دەبینین، گلۆپی درەوشاوە دەبینین، کەچی ناخی من هێشتا تاریکە، پاسەکە دەوستێتەوە، ئێرە مزگەوت و ڕێستورانتێکی لێیە، نان ناخۆین، بەڵام من دەزانم ئەدگار و ڕووخسارم خەواڵوە، حەز ناکەم ڕەوەند ئاوا ببینێ، تەوالیتێکی تایبەتی دانراوە دەبێ پارە بدەی بۆ ئەوەی بچیتە ژوورەوە.. پیاوێك لە شۆڕینی جامی پاسەکە تەواو دەبێ و هاوار دەکا(ئیستەمبۆل.. ئیستەمبۆڵ).. من زوو دەچمە سەر کورسیەکانی پشتەوە، شوێنی پێشووتری خۆم دەگۆڕم کەچی هەمدیس شیوەن دەکەوێتە نێوانمان..

بەیانی زوو گەیشتینە ئیستەمبۆڵ، تەم ئاسمانی ئەو شارەی گرتبوو، جوان و پیس دیاربوو ئەو شارە، هەر دەڕۆیشتین کەچی کۆتایی پێنەدەهات ئەو شارە، ئەوە خۆ شار نەبوو ئۆقیانۆس بوو، لە تەرمینال دابەزین، ئیدی ئێمە ئێستا لە ئیستەمبۆڵین، ئەدرێسی هوتێلێکی گرانبەهایان پێداوین، نازانین بە تورکی قسە بکەین، کارمەندەکە بە ئینگلیزیەکی خراپ و دواتر بە وشەی پچڕ پچڕی کرمانجی دەدوێ، هەرچۆنێك بێ

دەچینە ژوورێك و هەریەکە و لەسەر قەروێڵەیەك رادەکشێ، من نامەوێ رەوەند بەو هیلاکییەوە ببینێ، دەچمە حەمامەکە و دووشێك دەکەم، دشداشەیەکی تەنك و تەسك لەبەر دەکەم، مەمکەکانم تەواو دیار و دەرکەوتوون، هەرکەسێ بیبینێ بە رووتیش دێتە بەرچاوی..دێمە سەر جێگاکەم و لە رەوەند دەڕوانم، ئەو چاوەکانی داخراون، هێندە بە ناسکی خەوتووە دەڵێی سەدان ساڵە نەخەوتووە، ئێوارەکەی من و رەوەند دەچینە ساڵەی هوتێلەکە هەندێ ژنی سەیر دەبینین، پرچیان زەردێکی تۆخە، میکیاجێکی سەیریان کردووە و پۆشاکی رووتیان لەبەرە، یەکێکیان تەماشای رەوەند دەکا و پێدەکەنێ، جگەرە دەکێشێ و دووکەڵەکەی ئاراستەی رەوەند دەکا.. من بە رەوەند دەڵێم: با بچینەوە ژوورەکەمان..

رەوەند من رەوانەی سەرەوە دەکا و خۆی لە ساڵەکە دەمێنێتەوە.. من لەسەرەوە بیر دەکەمەوە: دەبێ رەوەند لەگەڵ ئەو بەرەڵلاڵیە نەکەوێتە داوێکەوە؟

بەیانی دەچینە پارك، کچێك دەمی خستۆتە نێو دەمی کوڕێکەوە، من شەرم دەکەم و سوورهەڵدەگەڕێم، چاوم لێیە دایکم و رەوەند پێدەکەنن و سەبارەت بەو دیمەنە قسە دەکەن.. شیوەن لەسەر جۆلانەیەك دێت و دەچێ و بە خەندەوە لە دایکم و رەوەند دەڕوانێ، لە نزیك من چۆلەکەکان گوڵە بەڕۆژە دەقرتێنن، من تاو نا تاوێ هەندێ گوڵەبەڕۆژەیان بۆ هەڵدەدەم، ئەوان کۆمدەبن و شەڕ و ململانێ دەکەن، من لەبەر خۆمەوە دەڵێم: ژیان ململانێ و شەڕە..

لە تەنیشتە من کچێك چۆتە سەر کۆشی کوڕێك، کوڕەکە گەردەنی دەمژێ، شەرم دەکەم و سوورهەڵدەگەڕێم، بە دایکم دەڵێم: با بگەڕێینەوە هوتێل، باوکم لەوێ تەنیایە، نەبادا شتێکی بەسەربێ..

دایکم ئاگای لە هیچ شتێك نییە، قسە بۆ رەوەند دەکا و پێدەکەنێ..

شەو جانتاکمان تێکنایەوە، کاتژمێر سێی بەیانی سواری فڕۆکە بووین و لەناو فڕۆکە رەوەند پاسەپۆرتە ساختەکانی لێستاندین و لە تەوالیتی تەیارەکە دڕاندیی و کاتژمێر حەوت و نیو ئێمە گەیشتینە بەردەم کۆنترۆڵی فرۆکەخانەی ئەمستردام.

## (گیران و ماڵدانان و ئاشکراکردنی نهێنییەکی سەلام، بە گێڕانەوەی هێرۆ.)

کە لە فرۆکخانە دابەزین و هەندێ خۆمان دواخست، دواتر ناچاربووین بەرەو کۆنترۆڵ بچین، بەڵام منی ژنێکی کەم ئەزموون لە ژیاندا چۆن دەوێرم و چۆن دەتوانم پێشیان بکەوم؟ ئایا دەمتوانی مێردەکەم پێش بخەم؟

بێگومان نەخێر، چونکە مێردەکەم مێرد نەبوو، بەڵکو پەیکەرێکی پیربوو، هەندێجار حەزمدەکرد بە چەکوشێك لەت و پەتی بکەم و تێك و پێکی بشکێنم، بەڵام نەدەکرا، رەوەند وەکو پەرژینێك وابوو، بێدرِدۆنگی و گومانەوە پێشمان کەوت، خۆیدایە دەستی پۆلیسێك و بە ئینگلیزی گوتی: ئێمە کوردی عێراقین و لە دەست رژێمی دیکتاتۆری رامانکردووە.

من رەوەندم وەکو منداڵێکی خۆم تەماشا دەکرد، هێندە خۆشمدەویست جیاوازی نەبوو لەگەڵ سارا، بۆیە هەموو گلۆپە سەوزەکانم بۆی داگیرساندبوو، لێدەگەڕام سەر بخاتە سەر مەمکەکانم، دەستم بەنێو قژی دادەهێنا، سەریم دەخستە سەر رانەکانم و دەمخەواند، هەر چەندە گەورەتر دەبوو من هێندە بە بچووکیی و منداڵییەوە لێیم دەڕوانی، دوای کەمپ و لێکۆڵینەوە، من رەوەند و شیوەنیشم بە منداڵی خۆم نووسی، باوەڕیان بە کێسەکەمان کرد و دادوەر داوای کرد سەلام بۆ دکتۆری پرۆفیشناڵ ببەین، ئێمەیش وامانکرد.



پارەیان پێداین و پاسەپۆرت و حەقی پەناهەندەیی و هەموو شتێ، ئێمە ماڵێکی رێکپۆشمان لە گوندێك دانا، گوندێکی بچووك، ژوورێکم بۆ رەوەند بە تەنیا دانا، یەکێکیان بۆ شیوەن و سارا، یەکێکیشیان بۆ من و سەلام، بەڵام سەلام حەزی لە گۆشەیەکی مەتبەغەکە بوو، لەوێ جێم بۆی راخست..

یەکەمین کارێك کە دەبووایە بیکەین جێبەجێکردنی فرمانی دادوەرەکە بوو، دەبووایە سەلام ببەینە دکتۆر، دەبووایە کەمێك فێری زمان ببین بۆ بازاڕکردن و دەشبووایە ئەو سێ منداڵەی خۆم بخەمە سەر سککەی خوێندن، ئیدی لێرەوە من لە جێی دایك و باوکیان بووم، سەلامەکەی من هێشتا هەر بێدەنگ بوو، دەتگوت بتێکی ناپیرۆزە، دەتگوت پەیکەرێکی شکستخواردووی شەکەت و بێئومێدە، هەر واشبوو من ئومێدم پێی نەمابوو، ئەو تەنیا پەیکەر بوو، بەڵام پەیکەرێکی پیرۆزنا..

بەیانی ژوانمان بوو لەگەڵ دکتۆر گێرهارد، ژنێکی کوردیش کە ساڵانێك بوو لە یەکێ لە شارە نزیکەکاندا دەژیا لەگەڵ من و سەلام و رەوەند بۆ تەرجەمە هات، سەرەتا ژنەی متەرجم و سەلام چوونە ژوورەوە، بەڵام هێندەی نەخایاند کە بانگی منیشیان کرد، من نەمدەویست لەبەر چاو و گوێی سەلامە مردووەکەی خۆم هەموو نهێنییەکان ئاشکرا بکەم، ئاخر پەیمانم پێیدا بوو ئەو نهێنییە لەگەڵ خۆم ببەمە ژێر گڵ، هەرواشم کردبوو، تا ئێستا ئەو نهێنییەم نەدرکاندبوو، خیانەتیشم لێینەکردبوو، بەڵام نەدەکرا هێشتا بێدەنگ بم، ئاخر نەدەکرا بە مردوویەتی بژیم، چەندین ساڵ بوو لەگەڵ مردندا بەیەکەوەبووین، خەڵك یەکجار دەمرێ، من هەموو ژیانم یەکپارچە مەرگ بوو، داوام لە دکتۆر کرد سەلامە نەخۆشەکەی من بباتە دەرەوە، سەلامی ناردە دەرەوە.. من هەموو شتێکم وەکو خۆی بۆ دکتۆر گێڕایەوە، بە دکتۆرم گوت: سەرەتا دڵی لێم پیس کرد، چاودێری دەکردم، خۆی دەتۆراند، تورە دەبوو، جگەرەی زۆری دەکێشا، بەدوای دروستکردنی کێشەدا دەگەڕا، بە تەنیا دادەنیشت و دەگریا، هێندێ جار چاوەکانی خوێنیان لێدەتکا، هەندێجاریش ئاگر، لەو کاتانەدا تەنیا لە وەحشێك دەچوو بیەوێ لەت و پەتم بکا، دەیویست لەناو سندوقێکم بئاخنێ و

بەدەریامدا بدا، چوونم هەبێ و هاتنەوەم نەبێ، دەیویست رقی هەموو ژیان بەسەر مندا هەڵڕێژێ، من هەمیشە بێدەنگ دەبووم، دەگریام، دوعام دەکرد، لە خوا دەپاڕامەوە، کەچی رێگاچارەیەك نەبوو، خوا خەوتبوو، حەق لەنێو تاریکیدا راکشابوو، من نەدەوێرام بڵێم تەواو، با واز لەیەکتری بێنین، هەندێجار پێدەکەنی، قاقا پێدەکەنی، هەندێجار دەگریا، هۆن هۆن دەگریا و فرمێسکی هەڵدەوەراند، لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ئەو هێشتا هەر توڕەتر دەبوو، جارێکیان هەوڵی کوشتنی کچە تاقانەکەمانیدا، جارێ دەیویست من بخنکێنێ، بردیانە لای شێخ و مەشایخ، لای دکتۆر، بەڵام ئەو هەر خراپتر دەبوو..

دکتۆر پرسی: باسی پێش ئەو رووداوانەم بۆ بکە، پیاوێکی چۆن بوو؟

- نەرم و نیان و بە رەحم و پڕ لە سۆز، هێمن بوو وەکو هێمنی دەریا لە هاویندا، پیاوێکی جوان بوو، خۆ ئەوە نەبوو کە ئێستا تۆ دەیبینی، هەموو زیندان وای بەسەر هێنا..

- لە کەیەوە بەیەکەوە ناخەون؟ واتە لە کەیەوە سێکس ناکەن؟

- شەوێك بەر لەوەی بیبەن بۆ عەسکەری، لەوکاتەوە تا ئێستا من ژنێکی بێمێردم، کە هاتەوە شەوی یەکەم من لە تەنیشتی راکشام، باوەڕم بە چاوەکانی خۆم نەدەکرد، نەدەوێرام دەستی بگرم، نەدەوێرام لێی نزیك بکەومەوە، نەدەوێرام لە گلێنەکانی بڕوانم، ئاخر جەستە و گیانی من وەکو بەفر وابوون و ئەویش ئاگر، دەترسام لەگەڵ دەستگرتنیدا ئیدی گیانم روو لە شوێنێکی نادیار هەڵبفڕێ.. شەو درەنگانێ دەستی خستە نێو قژم، منی لە ئامێزکرد، ماچیکردم، کەوتینە ناو دنیایەکی زۆر خۆشتر لە شەوی بووکێنیمدا، زۆر خۆشتر لە هەموو چرکەکانیتری ژیانم، بەڵام ئەو دەیتوانی چ لە من بکات جگە لە ماچێکی وشك، جگە لە ماچێکی ناخۆش و تفت و تاڵ، ئەوە خۆ ماچ نەبوو، خەمێکی ئەبەدی بوو، هەر هەوڵیدا بەڵام هیچی پێنەکرا، ئەو هەوڵیدەدا، بەڵام چیمان پێدەکرێ لەگەڵ مردوو، خۆ ئێمە عیسا نەبووین مردوو زیندوو بکەینەوە، ئەو تازە تاهەتایی رۆیشتبوو، مردبوو، پرسەکەشی



هەڵگیرابوو، بەڵام تازە من پرسەم بۆی دادەنا، منیش پرسەم بۆی دانا، ئەو برینەکانی دەکولانەوە، ژان و حەسرەت و خەمەکانی دەهاتەوە یاد، هەردووکمان دەستمان لە ملی یەکتری کرد و گریاین، ئێمە بە رووتی دەگریاین، بۆ کێ شینمان دەکرد؟ ئێمە بۆ کێ فرمێسکە درشتەکانمان هەڵدەوەراند؟ ئەو وەکو ژنێکی لە من بێدەستەهەڵاتتر بە گریانەوە گوتی: کوشتیان، خۆ من نەمکوشت، خواش نەیکووشت، ئەوان کوشتیان، سەرەتا هێلکەیەکیان دەرهێنا، دواتر لەبەر چاوی من لە شیشیاندا و بە زۆر لە دەمی سەرهەنگێکی گەورەی سوپایان ناو پێیان خوارد، هی ئەویشیان بە من خوارد، ئاخر خۆ من تاوانم نەکردبوو بۆچی لێیان کوشتم، بەوەش وازیان نەهێنا، سووتاندیان، ئینجا بە تەواوی مرد، ئێستا خۆشەویستەکەی تۆ مردووە.. ئەو بەڕاستی مردبوو، پێمان زیندوو نەکرایەوە، هەرچی هەوڵماندا پێمان زیندوو نەکرایەوە، ئێستا من پیاوێکم هەبوو بە تاکە هێلکەیەکەوە، پیاوێکم هەبوو کە بۆ مردنی گەنجایەتی خۆی دەگریا، پیاوێکم هەبوو بۆ مردنی من دەگریا.. من هێشتا هەر ماچمدەکرد و بەدەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە دەمگوت: قەینا پیاوە خۆشەویستەکەی خۆم، تۆ بە کەس ناگۆڕمەوە لەو دنیایە، من هەرگیز رۆژێ لە رۆژان بیر لە خیانەت ناکەمەوە، رۆژێ لە رۆژان تەنیا تاکە چرکەیەکیش چییە بێوەفایی لە منەوە بۆ تۆ نابێ.. من دەگریام و ئەو دەگریا، لە دڵەوە بۆ خۆم دەگریام، ئاخر بەو گەنجایەتییە چ لە پیاوێکی بێگون بکەم؟ چ لە پیاوێك بکەم کە کیرێکی کوژاروی مردووی پێوەبێ؟ ئیدی لێرەوە شەڕی گەورە و ناکۆتا دەستی پێکرد، سەرەتا چاوەکانی سوور سوورهەڵگەڕان، شێوە و ئەدگاری گۆڕا و بە دەموچاوێکی تووڕە و هەڵچووەوە گوتی: ئەوە نهێنییەکە لەگەڵ خۆت هەڵبیدەگری بۆ ناو گۆڕ، گوێم لە کەسێك بێت ئەو نهێنییەی زانیوە سەرت لە لەشت جیا دەکەمەوە، دەستی نایە قرقرۆگەم و گەرووی توند توند گرتم، خەریکبوو بمخنکێنێ، هەناسەم لێبڕا، ئەو بە تووڕەیەوە و شێتیەتیەوە لە چاوەکانی منی دەڕوانی و دەیگوت: خوێنت دەڕێژم خیانەتم لێبکەیت، خوێنت دەڕێژم ئەو نهێنییە ئاشکرا بکەیت، خوێنت دەڕێژم خۆشت نەوێم.. دەستی لە قوڕگم کێشایەوە و توند سەری

خۆی گرت و لە پڕمەی گریانی دا، من بە ترسەوە لێیم دەڕوانی و دەگریام و گەرووی خۆشم توند گرتبوو، ئەو بێدیماهی دەگریا، سەری بەرەو خوارەوە شۆڕکردەوە و توند پێیەکانمی گرت و کەوتە ماچکردنیان، پاڕایەوە، پێیەکانت ماچدەکەم خیانەتم لێمەکە، پێیەکانت ماچدەکەم لە بیرم مەکە، پێیەکانت ماچدەکەم نهێنییەکە بپارێزە.. من وەکو دایکێکی وەفادار باوەشم بۆیکردەوە، ئەو دەگریا و سەری خستبووە سەر مەمکەکانم، پێمگوت: مەگریە گیانی من، من نهێنییەکە دەپارێزم، بۆ تۆ وەفادار دەبم، خۆشی و ناخۆشیمان بەیەکەوە، مان و نەمان و ژیان و مەرگمان بەیەکەوە، ئازار و خۆشبەختی، خەفەت و پێکەنین، هەموو شتمان بەیەکەوە.. ئەو هەمدیس تۆرا، تووڕەبوو، هەڵچوو، سەرەتا بزەیەکی کرد: خۆشبەختی و پێکەنین و ژیان؟ هاهاها تازە تۆیش وەکو من مردوویت، ئیدی بیر لە پێکەنین و ژیان و خۆشبەختی ناکەیتەوە، تۆ دەتوانی تەنیا چێژ لە مەرگ بکەیت مەرگ، مەرگ و هیچ شتیتر نا، ئا لە بیرم چوو ئازار و مەرگ و ژان و هیچیتر نا.

دکتۆر گێهارد تەنیا گوێم بۆ رادەدێرێ و شتەکان دەنووسێ.. ئێستا لە رێگای متەرجمەکە داوام لێدەکات کە هەستین و بڕۆین، چونکە هەموو شتەکان تێگەیشتووە.. ئێمە دەگەڕێینەوە ماڵ، پاش دوو رۆژ نامەیەکمان بۆ دێت و داوامان لێدەکات سەلام ببەیەن بۆ لای دکتۆر گێهارد و ئەویش دەیباتە نەخۆشخانەیەکی دەروونی، چونکە مانەوەی ئەو بەو شێوەیە جێگای مەترسییە، من سەرەتا رازی نابم، بەڵام دواتر تەسلیمی وڵاتی دەکەین و دەیبەنە نەخۆشخانەیەك کە هەزارانجار لە ماڵەکەی ئێمە خۆشترە، سەرەتا هەفتەی جارێك سەری لێدەدەین، دواتر دوو هەفتە جارێك و کەمێك دواتر سێ هەفتە تەنیا جارێك، ئێستا ئێمە لە گوندێکی هۆڵەندا بە تەنیا دەژین، من و رەوەند و سارا و شیوەن.. دەبێ لەو خانووە چۆلە و لەو گوندە بچووکەدا کە تەنیا ئێمە تێیدا کوردین چ رووبدات و چ جۆرە ژیانێ بەسەر ببەین؟

## (ژیانی خانەوادەیەکی پەناهەندە لە گوندێکی هۆڵەندا بە گێڕانەوەی سارا.)

گوندێك تەنیا پەنجا ماڵێك و کڵێسەیەکی گەورە و کۆنی لێیە، یەك مارکێتی بچووکی لێیە کە تەنیا شتی زۆر پێویست دەفرۆشێ، نیو کاتژمێر لە شارێکی گەورەوە دوورین بە پاس، پاس لە رۆژانی هەفتە جگە لە شەممە و یەکشەممە هەموو سەرە سعاتێك بەرەوە ئەو شارە دەچێ و دەگەڕێتەوە، من و شیوەن لە قوتابخانەیەك دەخوێنین، سەرەتا دەیانەوێ فێرە زمانمان بکەن، ئینجا دەمانخەنە ناو کلاسەی ئاسایی، من پێنج ساڵ لە شیوەن گەورەترم و رەوندیش دوو ساڵ لە من گەورەترە و دایکیشم تەنیا چواردە ساڵ لە رەوەند گەورەترە.. شیوەن ئێستا تەمەنی دوانزە ساڵە..

من کچێکی گرێدراو یا پەیوەستم بە کوڕێك کە هیچ هەستێکم بەرامبەری نییە، پەیمانم لەگەڵی بەستووە بۆیە رەوا نییە خیانەتی لێبکەم، بەلاّم کوا دەستگیرانە شەلاتییەکەی من هی ئەوە بوو من خۆشم بوێ یا خیانەتی لێنەکەم؟

من گریام و گریام و هەر گریام و بە رەوەندم گوت: من هەرگیز بەو چارەنووسەی خۆم رازینیم.

ئەوە یەکەمینجار بوو کە گلەیی و گازاندە و مەراقە گینگڵ خواردووەکانی ناخم و گرێ کۆرەکانی دەروونی خۆم بۆ رەوەند بکەمەوە.. خەریکی سڕینەوەی جامی دەرگای ماڵەوەبووم، تیشێرتێکی تەسك و تەنکی رەش و پانتۆڵێکی رەشم لەبەردابوو، رەوەند لەسەر کورسییەك دانیشتبوو لێی دەڕوانیم و گوێی بۆ قسەکانی من رادێرابوو..



پرسی: ئەی ئەگەر بە دەستگیرانەکەت رازینیت دەتەوێ چیبکەیت؟

گوتم: هیچ شتێك و هەموو شتێك.

پرسی: هەموو شتێك یانی چی؟

گوتم: من بەر لەوەی بە زۆر بدرێمە ئەو تووتکە سەگە، لەبەر ترادتسیۆن و حەیا و شەرم و رێساکانی کۆمەڵ و ئەو شتە پڕوپووچانە خۆم زیندانی کردبوو، بەلاّم ئێستا من دەمەوێ بە ئازادی بژیم و بە ئازادی بیربکەمەوە، دەمەوێ ئازادبم، ئازاد بەڵێ ئازاد وەکو باڵندەی ئاسمان ئازاد، دەمەوێ بە ئازادی و بە ئارەزووی خۆم بەسەر ئۆقیانۆس و بیابان و دارستاندا هەڵفڕم و بنیشمەوە..

من دوای ئەو رستانە تێدەگەم کە دەبێ رەوەند لە نیازی من تێبگا، رەوەند بزەیەك دەکا و بە چاوێکیتر لێم دەڕوانێ، خۆ دەبێ وابێ چونکە من باسی ئازادییەکانی بۆ دەکەم، رەوەند بزەیەك دەکا و بە چاوێکیتر لێم دەڕوانێ، منیش هەر ئەوەم داوایە، دەمەوێ سەرنجی ئەو چاوە بازاویانەی بەرەو خۆم راکێشم، دەمەوێ سەرنجی ئەو چاوە بازاویانەی بەرەو مەمکەکانم لە شەقەی باڵ بدەن، من وادەکەم، قسەی زیاتری سەبارەت بە ئێشەکانی خۆم بۆ دەکەم، سەبارەت بە ناکامی خۆم بۆی دەدوێم، پێی دەڵێم: خۆبەستنەوە بە کەسێك کە من نەك خۆشم ناوێ بەڵکو رکیشم لێیەتی چ سوود و لەززەت و بەختەوەرییێکی بۆ من هەیە..؟

ئەو هێشتا هەر بزە دەکا و رووخسار و ئەدگاریشی لە بەرخێکی نێچیر بۆ گوریگێکی نێچیروان وەردەچەرخێ، منیش ئەوەم داوایە، دەمەوێ ئیدی ئەو گورگ بێ، بەلاّم دەشترسێم، لە چی دەترسێم؟ لە باوکە شێت و هەشبەسەرەکەم کە تا ئێستا هەر لە نەخۆشخانەی شێتاندایە؟

لەو دایکەم دەترسێم کە گوناحی کرد و نهێنییەکانی باوکمی ئاشکراکرد و هەموو ئێران و تورانی تێگەیاند؟ بۆچی لێی بترسم؟ ئێستا ئەو لە دیدی من و باوکە شێتەکەم گوناهبارە.. کێ نالێ لە دەستگیرانەکەم دەترسێم و نامەوێ خیانەتی لێبکەم؟ ئاخ ئەو خۆ هەزاران کیلۆمەتر لە من دوورە، چ ئاگای لە ژیانی ئێمەیە؟ کێ

نالێ ئێستا لەسەر یەکێ لە خیابانەکانی وڵاتدا بە سەرخۆشی لێی راکشاوەو منیشی هەر لە بیر نییە؟

بەهەر شێوەیەکە من رەوەند لەو راستی و هەستانەی ناخی خۆم ئاگادار دەکەمەوە، رۆژانە قسەی زیاتری بۆ دەکەم، باسی خۆشەویستی خۆمی بۆ دەکەم سەبارەت بە ئازادی، باسی وەرسی خۆم و گاڵتەکردن بە ژیانی بۆ دەکەم، باسی بێزلێبوونەوەی دەستگیرانەکەمی بۆ دەکەم، باسی تەنیایی ناوەوەی خۆمی بۆ دەکەم.. ئەویش خۆ مرۆڤە دەبێ تێبگا کە من دەمەوێ چی تێبگەیەنم..

لەو گوندەی ئێمە دارستانێکی گەورە هەیە، رێگای نێوانی ماڵی ئێمە و دارستانەکە دە خولەکە بە پێیان، ئەو رێگایە هەمووی بە گوڵ و درەخت و سەوزایی رازاوەتەوە، ئایا ئێمە لە باخە هەڵواسراوەکانی بابلین؟

ئێواران لەگەڵ رەوەند دەچینە ناو دارستانەکە و بۆنی گوڵ و درەخت و جوانی هەڵدەمژین و باسی ژیان بۆ یەکتری دەکەین، هەموو ئێوارەیەك بە هەر بیانۆ و فێڵێك بێ دەیبەمە ناو دارستانەکە، لەوێ ئێمە تەنیاین، جگە لە دەنگی سەما و شنانەوەی گەڵاکان و دەنگی هەڵفڕینی باڵندەکان گوێمان لە دەنگی هیچ شتێکیتر نییە، من دەبێ بزانم ئێستا ئەویش جۆرێکیتر بیر دەکاتەوە، دەبێ بپرسێ: بۆچی هەموو ئێوارەیەك بۆ ناو ئەو دارستانە؟

بێگومان نابێ لە دەستی خۆیدابێ، دەبێ بەو شێوەیە بیر بکاتەوە کە من لێیم داوایە، رەنگە ئێستا تێمگەیاندبێ کە من بۆچی هێندە باسی ئازادی و جوانی ژیان و بەختەوەری و نارەزاییەکانی خۆمی بۆ دەکەم..؟

ئێستا هەموو دوای نیوەڕۆیەك فانیلەیەکی عەلاگەی سپی و شۆرتێکی سپی لەبەر دەکەم و لە گۆڕەپانەکەی بەر دەرگا دادەنیشم و لە خۆر دەڕوانم.. لەبەرامبەر پەنجەرەی ژوورەکەی رەوەند دادەنیشم و تەماشای خۆر دەکەم، تیشکی خۆر گەمە لەگەڵ سینگ و مەمکم دەکا، لە پەنجەرەی ژووری رەوەند دەڕوانم: (دەبێ ئێستا چی بکا؟)



پاش تاوێ جووڵەیەك لە پەردەکەوە هەستپێدەکەم، بە قەد ئەستووری پەنجەیەك پەردەکە لادەدرێ، خۆم بێئاگا دەکەم و لە خۆر دەڕوانم، تاو نا تاوێ لەرزینی پەردەکە سەرنجم رادەکێشێ و بە دڕدۆنگییەوە تەماشا دەکەمەوە، باوەڕناکەم، لەو دەرەزەدا چاوێك دەبینم بە دزییەوە لێم دەڕوانێ، لە ناخمدا کێوی حەز دەتەقێتەوە و دەبێتە بورکان، تێکەڵەیەك لە زریان و بورکان لە ناخمدا دەستپێدەکا، تەماشای خۆر دەکەمەوە و بزە دەکەم، پەردە بە ئاشکرا دەلەرزێ و بە قەد دەستێك کراوەتەوە، تەماشا دەکەم هەردوو چاوەکانی رەوەند دەبینم لێم دەڕوانن، پێڵوەکانی دەکەون و بڵند دەبنەوە، چەند چرکەیەك دەخایەنێ و هەموو شتێك کۆتایی پێدێ و پەردەکە دادەخرێتەوە.

ئەوە سەرەتا و دەستپێکی چیرۆکێکی نوێی نێوانی من و رەوەندە.. ئیدی ئێواران، هەموو ئێوارەکان لە کاتێکی دیاریکراودا لەبەرامبەر تەلەڤزیۆنی ناو ساڵەکە دادەنیشم، لە شوێنێك دادەنیشم کە رەوەند بتوانێ بە سانایی لە درزێکەوە من ببینێ و دایکم و شیوەنیش نەتوانن ئەو ببینن، من لە تەلەڤزیۆنەکە دەڕوانم، بەڵام خەیاڵ و تیغێکی چاوم لەسەر پەنای دەرگاکەیە، (ئا ئەوەتەیە هاتەوە) رەوەند لە درزی دەرگاکە لێم دەڕوانێ، بۆچی رەوەند لەو درزە لێم دەڕوانێ؟

بەبەرچاوی منەوە دەکەوێتە جووڵە جووڵ و تا ئۆرگازموز ناوەستێ.. من حەز دەکەم خۆم بخەمە ژێر دەستی بەڵام ناتوانم، ناشزانم بۆچی؟

دوای نیوەڕۆیەك کە بە پاس بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە، دیواری شەرممان روخاند و هەموو شتێکمان ئاشکرا کرد، لەناو پاسێکی چۆل تەنیا من و شیوەن و رەوەند شوفێرەکەبووین، شیوەن هیلاك بوو، سەری خستە ئامێزم، یان باشترە بڵێم سەری خستە سەر مەمکەکانم، رەوەند لەسەر کورسییێکی دوای ئێمە دانیشتبوو، نە ئەو قسەیەك و نە ئێمەیش قسەیەك، بە هێوری دەستی خستە نێو قژم، پەنجەکانی لە پرچی درێژم لوولدا، دەستی بردە ژێر کراسەکەم و کەوتە شێلان و مەساجکردنی شان و پیلم، نە ئەو قسەیەك و نە منیش قسەیەك، سەرەتا بە هەردوو دەست و دواتر بە تەنیا دەستێك، تەنیا بە دەستی چەپەی، من هەستمدەکرد هەموو ئاراميیەکانی

گەردوون بەنێو جەستە و رۆحی مندا تێدەپەڕێ، چاوەکانی خۆم نووقاندبوو، گەرمایی هاوینی بیابان هاتبووە نێو گیان و جەستەم، رەنگی سێوی سوورم هەڵێنابوو، چاوەکانم هێشتا داخرابوون و بیری لەرزینی دەستیم دەکردەوە، لە پڕ هیچ شتێ نەما، نە دەست و نە ئارامیی دنیا و نە گەرمایی هاوینی بیابان و نە رەنگی سێو لە ئەدگارم، بە تووڕەییەوە ئاوڕێکم دایەوە و بە ناڕزاییەکەوە گوتم: ئیگۆئیست.

ئەو هەمدیس دەستەکانی هێنایەوە و کەوتەوە مەساجکردن و شێلانم، دەستی هێنایە خوارەوە بۆ سەر مەمکەکانم، من رێگام نەدا.. کە لە پاسەکە دابەزین، هیچ قسەیەکمان نەکرد، بە بێدەنگی هەنگاومان دەنا، لەبەر دەرگا شیوەن لە پێش ئێمەدا چووە ژوورەوە، ئێمەیش بە سەرسوڕماوی و بزەیەکەوە لە یەکتریمان روانی، رەوەند هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشا و گوتی: زۆر خۆشبوو.

لێرە بە دواوە ئێمە دیوارەکانی شەرم دەڕوخێنین، من دەچمە ژوورەکەی رەوەند، ئەو لەسەر قەروێڵەکە لێفێکی بە خۆیداداوەو هێشتا نەخەوتووە، من بە ئەنقەست لەسەر رانی دادەنیشم، زوو سەر رانی جێدێڵم و دەڵێم: ببوورە نەمزانی.

ئەو بە شێوەیەك لە چاوەکانم دەڕوانێ، دەڵێی هەزار ساڵە یۆگا دەکا، منیش تەماشای گلێنەکانی دەکەم و سڵ لە هیچ شتێ ناکەمەوە، سەرەتا بە شەرم و ترسەوە جووڵە جووڵێك دەکا، دواتر دەکەوێتە نێو دنیایەك لە خۆ راهەژاندن، من سوێند بە مەسحەف و سوێند بە ئەستێرەی ئاسمان دەخۆم هیچ ئاگای لە خۆی نییە، یەکێ لەو دنیایەی ئێمەدابێ واناکا، بە ئاشکرا تەماشای مەمکەکانم دەکات و بانگم دەکا: سارا سارا سارا وەرە دەی وەرە کۆتاییەکەیە، وەرە دەی دەستت بێنە..

من ناچم، نازانم بۆچی بەڵام ناچم، تەنیا تەماشای دەکەم.. ئەو دادەمرکێتەوە، ئیدی وەکو مردوویێك راکشاوە، بە زۆر دەتوانێ تەماشام بکات، دواتر دەستەکانی دەخاتە سەر رووخسار و ئەدگاریی و بە پێکەنینەوە دەڵێ: حەیامان چوو.

کاتی خۆرکەوتن کە پیاسەیەك دەکەین و بە تەنیشت کێڵگە و تەویلەی ئەسپەکانی (یاکۆب)دا رەتدەبین، داوای ماچم لێدەکات، من رێگای نادەم، داوا دەکا دەست لە قۆڵ



و باسکم بدا، من رێگای نادەم، ئەو بە پاڕانەوە دەڵێ: ئەی خۆت باست لە ئازادی نەدەکرد، دەی ئێمە ئازادین با بە ئارەزووی خۆمان چیمان دەوێ ئەوە بکەین..

من بە گاڵتە پێکردنەوە پێی پێدەکەنم.. ئەو هیچی لە دەست نامێنێ و پێم ەڵێ: حەز دەکەم لەناو کا و قەسەری ئەو تەویلەیەدا رووتت بکەمەوە..

من دەترسێم و دەڵێم: با بچینەوە ماڵ..

دەگەڕێینەوە ژوورەکەی رەوەند، دایکم شێو درووست دەکا و شیوەن تەماشای تەلەڤزیۆن دەکا، ئەو دەچێتەوە ژێر لێفەکەی، من لە بەرامبەری دەوەستم، ئەو بە شێوەیەك لە چاوەکانم دەڕوانێ، دەڵێی هەزار ساڵە یۆگا دەکا، منیش تەماشای گلێنەکانی دەکەم و سڵ لە هیچ شتێ ناکەمەوە، سەرەتا بە شەرم و ترسەوە جووڵە جووڵێك دەکا، دواتر دەکەوێتە نێو دنیایەك لە خۆ راهەژاندن، من سوێند بە مەسحەف و سوێند بە ئەستێرەی ئاسمان دەخۆم هیچ ئاگای لە خۆی نییە، یەکێ لەو دنیایەی ئێمە دابێ واناکا، بە ئاشکرا تەماشای مەمکەکانم دەکات و بانگم دەکا: سارا سارا سارا وەرە دەی وەرە کۆتاییەکەیە، وەرە دەی دەستت بێنە..

من ناچم، نازانم بۆچی بەڵام ناچم، تەنیا تەماشای دەکەم.. ئەو دادەمرکێتەوە، ئیدی وەکو مردوویێك راکشاوە، بە زۆر دەتوانێ تەماشام بکات، دواتر دەستەکانی دەخاتە سەر رووخسار و ئەدگاریی و بە پێکەنینەوە دەڵێ: حەیامان چوو.

منیش بزەیەك دەکەم و دەڵێم: دەچم هاریکاری دایکم دەکەم.

شەو درەنگانێ شیوەن خەوتووە، من ناتوانم بخەوم، دەڵێی گرانایی هەموو گەردوون کەوتۆتە سەر مێشکم، پێڵوەکانم وەکو دوو جەمسەری دژ بەرامبەر یەکتری بە تووڕەییەوە وەستاون، وێنە و کەڤاڵ و تابلۆکانی رەوەندم دێتەوە یاد، جووڵە جووڵە خۆش و ترسناکەکانی، هەموو وشە و قسەکانی، هات و هاوارە شێتانیە نزمەکەی: سارا سارا سارا وەرە دەی وەرە کۆتاییەکەیە، وەرە دەی دەستت بێنە.. مەمکەکانت بێنە.

من بە خەیاڵ و خەون هەموو داواکارییەکانی رەوەند جێبەجێدەکەم، دەستدەکەم بە جووڵە جووڵ و هانکە هانکێکی نزم و لاڵ، دەمەوێ رابم و بچمە ژوورەکەی رەوەند

و بە رووتی بچمە ئامێزی و لە ژێریدا رابکشێم، بەڵام ناتوانم، ناشزانم لەبەر چییە، کاتێ تێکەڵەی ئاگر و مەراق و چێژ و لافا و دادەمرکێتەوە، من سەرم سووك دەبێ و پێڵوەکانیشم بێویستی من بۆ باوەشی یەکتری دەچن.

بەیانییەکی رۆژی شەممە چوومە ژوورەکەی رەوەند، ستیانەکەمم لە ژێر خاولیەکە دەرهێنابوو، لەناو دەستەکانمدابوو، دەمزانی من ببینێ ستیانەکەش دەبینێ، ئەو هێشتا لە ژێر لێفەکەی بوو، بە هەندێ مەکرەوە پێمگوت: دەچمە حەمام.

ئەو تێگەیشت، ستیانەکەی لەنێو دەستەکانم پڕ دایە و کەوتە بۆن کردن و دەستیکرد بە جووڵە جووڵ، ئەو دامرکایەوە، من بە توڕەییەوە گوتم: ئیگۆئیست.

پرسی: چیت بۆ بکەم.. تۆ هیچت ناوێت و هەموو شتێکیشت دەوێ.

من نەمدەویست نە خۆمی پێبدەم و نە داواشی لێبکەم، بەڵام ئەو بەیانییە زۆر جیاتر بوو، بۆیە گوتم: لەبەرامبەر دەرگای حەمامەکە کورسیەك دانێ و لە تەلەڤزیۆن بڕوانە.. ئەو تێگەیشت، بۆیە وایکرد.. من خۆم رووت کردەوە و لە کونی دەرگای حەمامەوە لێیم روانی.

رەنگە ئێستا دایکم و شیوەن هەستێکیان بەو پەیوەندییە نائاساییەی ئێمە کردبێ، بۆیە دایکم زوو زوو تەلەفۆنێکی زاواکەی وەڵام دەداتەوە و داوای لێدەکات تا چی زووترە بێت، من بە ناوهێنانی دەستگیرانە توڕەهاتەکەم تووڕەتر دەبم، ئێوارەکەی لە رکی ناوهێنانی دەستگیرانەکەم بۆ یەکەمینجار رێگا دەدەم رەوەند ماچمبکا، رێگا دەدەم هەندێ دەست بە رانەکانم دابخشێنێ، بەڵام زوو رێگای پێدەگرم، چونکە ئەو دەیەوێ زۆر دوور بڕوا، هەموو شتێکی دەوێ، منیش حەز دەکەم بەڵام ناوێرم، خۆشم نازانم بۆچی؟

زۆرجار رەوەندم بانگدەکردە ژوورەکەیی دەمگوت: لەسەر ئەو کورسییە دانیشە..

خۆم دەچوومە پشتەوەی کورسییەکە و دەستمدەکرد بە شێلانی شان و پیلی، دەستم لە سینگی دەدا، ئەو هەر جووڵە جووڵی بوو، من بەو پەڕی موشتاقییەوە لێیم دەڕوانی، دەمویست راکێشم و ئەویش بە ئارەزووی خۆی بملێسێتەوە، بەڵام نا، من



هەرگیز رێگام پێینەدا، ئەوە دواترمین و دوورترین سنوور بوو کە من و رەوەند بینیبوومان، سنووری چێژکردن و لەززەتکردنی ئێمە لێرەدا کۆتایی پێهات، تەنیا دووجار منی ماچکرد و تەنیا دوو جاریش بە زۆر و بە پەلاماردان دەستی لە مەمکەکانی مندا.

من لەو زیاتر حەزمدەکرد بە ئارەزووی خۆی گەشت بەنێو جەستە و رۆحی مندا بکات، بەڵام رێگام پێینەدا، بۆچی؟ نازانم، نەمزانی، ناشزانم، سوێندم بە ئەستێرەی ئاسمان و بە باڵندەکانی ئاسمان، ئێستاش نازانم بۆچی رێگام پێنەدا.

## (شیوەن چیرۆکی خۆی و ڕەوەند بۆ ڕاین و ئەپۆلۆن دەگێڕێتەوە)

لە (لیدل مارکت) قوتیەك گۆشتی ئامادەکراو دەکڕم و وردە وردە بە هەنگاوی سست و مەست، خۆم و (ئەپۆلۆن) دەچینە سەر کورسییەك و لە (ڕاین) ڕادەمینێین.. یاختێك دێت و کەشتییێك دەچێ، بەلەمەکان بە کەنارەکەدا ڕەتدەبن، موسافیری ناو یاختەکان لە قاقا دەدەن و کحول دەخۆنەوە، هەندێ تۆڕەوان ماسی دەگرن، ڕاوچییێکیتر قوولابەکەی خۆی فڕێداوەتە نێو دڵی ڕاین و چاوەڕوانە، کەشتییێکی پەککەوتە لە کەنارەکە وەستاوە و کراوەتە کنایپە، باق و بریق و تریسکە تریسك و ترووسکانەوەی گڵۆپەکانی لە شەودا نەك هەر بە تەنیا ئەو ناوە بەڵکو تاریکیی ناخی مرۆڤەکانیش ڕووناك دەکاتەوە.

– من چۆن دەشێم لە ڕۆحی تاریکیی ڕووناکی دەربێنم
که بشزانم هەموو شتێ ئاوا دەبێ؟
نا من ئەو ژنە ناچارە نیم چارەنووسی تاریکیی بگۆڕم و
لەناو دڵی تاریکیی ڕووناکیی دەربێنم.
من نامەوێ چارەنووسی ڕووناکی بگۆڕم
نا من ئەو ژنە ناچارە نیم
ڕووناکیی لە قوڕگی تاریکیی دەربێنم



که بشزانم ئەسڵی ڕووناکیی تاریکییە.

ئەوڕۆ ڕۆژی شەممەیە، بەیانیەکەی هەمدیس نامەیەکم لە ڕەوەندەوە بۆ هاتووە، بەلاّم من نامەوێ بیبینم، نامەوێ جارێکیتر گوێی لێڕاگرم، نامەوێ تەنانەت ناویشی ببیستم، تۆ ئەی ڕووباری خوا گوێم بۆ ڕادێرە، تۆیش ئەپۆلۆن، گۆشتەکەت تەواو کرد؟ دەی ئێستا پاڵکەوە و لە چاوەکانم بڕوانە با هەموو شتێکتان بۆ باس کەم..

من و سارا دەچووینە قوتابخانە، من هێشتا بچووك بووم، مەمکەکانم هێندەی هەرمێیەك نەدەبوون، بەلاّم چێژ و خۆشەویستی لەناو ڕۆحمدا سەریان هەڵدابوو، کەسیان ئەوەیان نەدەزانی، نە ڕەوەند و نە هێرۆ و نە ساراش، بەیانیان لە دەستی من دانەبوو، دەبووایە بچمە ژوورەکەی ڕەوەند، لە خەوم هەڵدەستاند و دەمگوت: بەیانی باش، من دەڕۆم.

ماچێکم لێیدەکرد و دەڕۆیشتم.. ڕۆژانێکی زۆربوو ئاوا گوزەشت.. کاتێ بە تەنیا لە ژوورەوە دەبوو دەچوومە لای، ئەو هەمیشە لە ژێر لێفەکەیدا ڕادەکشا و کتێبی دەخوێندەوە و لە تەلەڤزیۆنی دەڕوانی، ڕۆژێك لە ژێر لێفەکەیدا خۆی ونکردبوو، ئایا ئەو خەوتبوو؟ بێگومان نا، ئەی بۆچی وەلاّمی نەدەدامەوە؟ هەمیشە وەکو خوشکێکی بچووکی خۆی تەماشای دەکردم و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکردم، منیش بەو نەبووایە دڵم بە هیچ شتێك خۆشنەدەبوو، هەر بانگیم دەکرد کەچی ئەو وەلاّمی نەبوو.

دەستم دەبەمە ژێر لێفەکە، دەست بە قژی دادەهێنم، نە ئەو قسەیەك و نە منیش قسەیەك، دەست لە مووی سینگی وەردەدەم.. نە ئەو قسەیەك و نە منیش قسەیەك..

هەر بە تەنیا بەوە نەوەستام، دەستم لە لێوەکانیدا، نە ئەو قسەیەك و نە منیش قسەیەك، بەلاّم هەردووکمان ئۆکسجینێکی پڕ لە غەریزەمان هەڵدەکێشا و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنێکی پڕ لە چاوەڕوانیمان دەدایەوە، ئەو وەکو خوشکێکی بچووکی خۆی دەستی بەنێو پرچم دادەهێنا و منیش وەکو برایەکی گەورەم دەچوومە سەر کۆشیی و کەروێشك ئاسا خۆم لە ئامێزی مت و خامۆش دەکرد،

بەلاّم ئێستا شتێکیتر روویدابوو، دەستم لە لێوەکانی دەخشاند، ئەو نەدەدوا و منیش، (چیبکەم باشە؟)، ئاوا پرسیارم لە خۆم دەکرد..

لە نکاوێکدا دەستمی توند توند گرت، خەریکبوو دەستەکانم بتوێنێتەوە، ئایا دەستەکانی ئەو ئاگربوون و هی منیش بەفر؟ دەستەکانمی گرت و خستییە سەر گۆپەکەی مەمکەکانی خۆی، دوو گۆپکەی رەق رەق، هێشتا نە ئەو قسەیەك دەکا و نەمنیش قسەیەك..

لێفەکە لەسەر رووخساری لادەدا و بە بزەیەکەوە لە گلێنەکانم دەڕوانێ، من نازانم ئەو وشەیە لە کوێ دێنم و دەڵێم: سەختەچی.

ئەو سەری دێنێتە پێش و دەمی دەخاتە نێو دەمم، پێنج دەقە، هەناسەم دەبڕێ، ئەوە یەکەمینجارە لێو و زمانێك دەمژم، پاڵێکی پێوە دەنێم و دەڵێم: نەمدەزانی ئاوا سەختەچیی!

ئەو پێدەکەنێ و دەستێکی دەخاتە ژێر تیشێردەکەم و دەست لە مەمکم دەدا و دەڵێ: ئەو گوێزانە دەشکێنم و دەیانخۆم..

من حەزدەکەم بیانشکێنێ و بیانخوا، بەلاّم رێگای پێنادەم، پێدەکەنم و دەچمەوە ژوورەکەی خۆم.

بەیانی خۆم پێناگیرێ، دەچم ئەو هێشتا هەر لەناو جێگاکەی بە رووتی راکشاوە، وەکو ئەوەی خۆم بخەمە نێو ئاوی دەریا ئاوا خۆم هەڵدەدەمە سەری، ئەو لەناو خۆیدا غەرقم دەکات، ماچمدەکات و مەمکەکانم دەمژێ، من رێگای پێدەدەم، دەیەوێ رووتم کاتەوە، من رێگای نادەم، ئەو خۆی رووت دەکاتەوە، من یەکەمینجارە پیاوێك ئاوا بە رووتی ببینم، شێتدەبم، نا دەبوورێمەوە، نا دەمرم و دەژیێمەوە، ئاو دەبینم، هەموو شتێك دەبینم کە دەمانێکە چاوەڕوانی بینینیمە..

جاروبار دەمباتە تەویلەی ئەسپەکانی یاکۆب، لەناو کایەکە دڕێژم دەکات و رووت رووتم دەکاتەوە، مەمکەکانم دەمژێ، هەموو جەستە و گیانم دەلێسێتەوە، من رێگای پێدەدەم، ئەو تەنیا بیر لە خۆی ناکاتەوە، من چیم بوێ ئەوەم بۆ دەکا، لە بنی پێمەوە



تا تەوقی سەرم هەموو بۆتە موڵکی ئەو، بێپاسەپۆرت و پرس و کۆنترۆڵ بە ناو جەستەمدا پیاسە دەکا، سوێند بە ئەسپەکەی یاکۆب، بە ئێوە ئەی راین، ئەپۆلۆن، ئەو پیاوە سەرخۆش دەبوو لەو کاتانە، نا سەرخۆش نەدەبوو دەبۆوە منداڵ، نا نەدەبۆوە منداڵ شێت دەبوو، شێتیش نەدەبوو دەمرد.. لەناو کاو قەسەری تەویلەکەی یاکۆب رایدەخستم، ئەسپەکان تەماشایان دەکردین، پێدەکەنین و دڵخۆش دەبوون، هەندێجار ئێرەییان پێدەبردین، بەلاّم هێرۆ ئاگرەکە بوو، ئاگری ئێرەیی و ئاگری ژێر کایەکە، هێرۆ هەستیدەکرد، هەستی بە چی دەکرد؟ بەو پەیوەندییەی نێوانی من و رەوەند یا نێوانی رەوەند و سارای کچی؟

من دڕدۆنگ بووم لەوەی پەیوەندییێکی نائاسایی لەنێوانی سارا و رەوەنددا هەبێ، تەنیا دیمەنێك کە تووشی گومانی کردم دیمەنی ناو پاسەکەبوو، سارا وای هەستدەکرد من خەوتووم، بەلاّم من نەخەوتبووم، لە قەهر و خەفەت و حەسرەتدا مردبووم، ئاگاداربووم کە شان و پیلی سارا مەساج دەکا، بەلاّم دوای ئەوە هیچ شتێکیترم نەدیت، هیچ شتێکیتر بەڵێ هیچ شتێکیتر.

لە بەرامبەر کۆمپیوتەرەکە دانیشتبوو کە من چوومە باوەشی، لێوەکانیم دەمژی کاتێ هێرۆ هاتە ژوور، نازانم دیتی یان نا، بەلاّم من زوو خۆم کێشایەوە، هێرۆ بە نەختێ تووڕەییەوە گوتی: وەرن نان بخۆن.

رەوەند لەسەر خوانەکە دادەنیشت و نانێکی لەت لەت دەکرد و یەکا و لەتێکی دەدایەنێ، ئێمەی فێری شەرابیش کردبوو، سەرەتا گلاّسێك شەرابی بۆخۆی تێدەکرد و دواتر بەسەر گلاّسەکەی ئێمەدا دابەشی دەکرد، دەیگوت: بخۆن، لە جەستە و خوێنی من بخۆن.

هێرۆ بە پێکەنینەوە دەیگوت: مەسیحە بچووکەکەی من ئێمە لە خوێن و جەستەی سۆسیال دەخۆین، نەك تۆ و مامە هەشبەسەرەکەت.

کە دەچمە قوتابخانە یەکێك چاودێریم دەکات، لە ترسی سارا ناوێرێ زۆر خۆی رەپێش بکا، لە دوورەوە (من لە خۆم دەدزێ)، رۆح لە جەستەم دەدزێ، جەستە لە

رۆحم دەدزیێ، خوام لێدەدزیێ، جا چی مابوو لێم نەدزیێ؟ ئەو دزە گەورە کێبوو کە دەهات و تەخت و تاراج و خوای لێدەدزیم؟ رەوەند بە پێدزکێوە دەهات و لە گۆشەیەکی قوتابخانەدا پێیدەگوتم: لە ژیانمدا تەنیا تۆم خۆشویستووە، هەر تۆشم خۆشدەوێ تا من لە ژیاندا ماوم..

بۆچی پێی باوەڕ نەکەم؟ هەمیشە باسی خۆشەویستیم بۆ دەکا، باسی ئایندە، باسی جوانیی ژیان، باسی راستگۆیی، باسی درۆ نەکردن، باسی خیانەت نەکردن، باسی وەفا، باسی وابەستبوونی خۆی بە منەوە، باسی گەورەبوونی مەمکەکانم، باسی هەڵچوون و بڵندبوونی بالاّم.. بۆچی باوەڕی پێنەکەم؟

من باوەڕم پێیکرد و پەیوەست بووم بە رۆحی ئەو، بە جەستەی، باوەڕ ناکەم کەسێك وەك من جەستەکەی ئەوی ناسیبێ، هەندێجار لە ترسی هێرۆ و سارا دەچووینە ژێرزەمینەکە، خۆمان رووت دەکردەوە، لە گڤە گڤی ـ با ـ ش دەترساین، جێیەکە خۆشنەبوو، دەچووینەوە تەویلەی ئەسپەکانی یاکۆب..

ئێواران سارا دەچووە ژوورەکەی رەوەند، من دڵم تەنگ دەبوو، تەماشای تەلەڤزیۆنم دەکرد بەلاّم هیچم نەدەدیت، سارا چارێگە سعاتێك لەوێ دەبوو، دەهاتەوە دەرێ، هەندێ حوزن و حەسرەت و مەراقی پێوە دیاربوو.. ئێوارانی پێشتر لەگەڵ رەوەند پیاسەی ناو دارستانیان دەکرد، تا دەهاتنەوە خوێن لەناو دەمارەکانی مندا دەمەیی، باهۆز لە دڵ و دەروونمدا هەڵیدەکرد، هەڵدەستام بە دوایاندا بچمە ناو دارستانەکە، هێرۆ بانگی دەکردم:

— شیوەن گێسکێك لە ساڵەکە بدە.

— شیوەن ئەو کەل و پەلانە هەڵبژێرە.

— شیوەن وەرە پشتم بشۆ.

هێرۆی ئامۆژنم ژنێکی جوان بوو، کە پشتیم دەشۆری جەستەیم بە رووتی دەدیت، درۆ ناکەم بەو تەمەنەش کە سی و چوار ساڵێك دەبوو هێشتا لە من و لە سارا جوان و ژنانەتر خۆی نیشاندەدا، جەستەیەکی سپی و لووس، زگێکی راست و بێگرێ، جووتێ



مەمکی قیت و رەق، بەژنی لە من لە سارا درێژتر بوو، چەند سانتیمەترێکی کەمیش لە رەوەند کورتر بوو، زۆرجار بەزەییم پیا دەهاتەوە، دووچاوی گەورە و رەنگاڵەیی، پێنج شەش رەنگ لە گلێنەکانی دەبینران، لەگەڵ پۆشاکەکانی رەنگی چاوی دەگۆڕدران، هەندێجار سەوز، هەندێجار شین، هەندێجار برۆنزی، جاروباریش رەنگاڵەیی..

دوای نیوەڕۆیەك کە سارا و هێرۆ بۆ سەردانی مامە سەلامم رۆیشتن، من و رەوەند تەنیا ماینەوە لە ماڵەوە، وەکو عادەتی هەمیشەیی چوومە باوەشی، ئێستا مەمکەکانم وەکو جووتێ سێو وابوون، ئەو گەورەی کردبوون، دەستی گرتم و بردمیە تەویلەی ئەسپەکانی یاکۆب، لەوێ لەناو کایەکە رووتی کردمەوە، هەموو جەستەی لێسیمەوە و کەوتە گیانم، من نازانم چی روویدا، تەنیا هەستم بە خۆشی و ئازارێکی زۆر دەکرد، لەناکاوێکدا ئەسپەکان حیلاندیان، تەرزە و باران دەستیپێکرد و هەور گرماندی، ئەسپەکان شێتانە دەیانحیلاند، هەور زیاتر لە جاران دەیگرماند و باران بە خوڕتر دادەباری..

من سەر و قژم تێکئالاّبوو، پێدەکەنیم و دەگریام، رەوەند جگەرەیەکی داگیرساند، من ستیانە رەشەکەم دەبەستەوە کە بوقعەیەکم لە کایەکەدا دیت سوورهەڵگەڕابوو، ئەوە خوێنی رۆحی من بوو ئێرەی سوورکردبوو؟ بەڵێ رەوەندبوو خوێنی ڕشت، خوێنێکی نیمچە قاوەیی، من گریام، ئەو منی خستە ئامێزیی گوتی: هەر بۆ منی، پێویست بە گریان ناکا.

ئەسپەکان پێکەنین، تابلۆیەکی سەیریان دیتبوو، فرمێسکی بەختەوەریان هەڵدەڕشت، هەورەکە ئیدی نەیدەگرماند، باران وەستابوو، ئێمە هێشتا لە ئامێزی یەکتردا بووین، کە هەستمکرد هەموو دنیا ئێرەییمان پێدەبا، ـ با ـ و کا وئەسپ و هەور و باران، بەلاّم لە هەموویان زیاتر کایەکە نەبوو بەڵکو ئاگری ژێر کایەکە بوو، هێرۆ، سارا و هێرۆ، هێرۆ و سارا بەدوای ئەوەدا دەگەڕان هەموو شتێك کۆتایی پێبێنن، هەرواشیان کرد، کۆتاییان بە هەموو شتەکان هێنا.

## (پەیوەندییێکی نامۆ، بە گێڕانەوەی هیڕۆ)

من دەبووایە دایکیان بووام، خۆ هەر واشبوو من دایکیان بووم، چییان پێویستبووایە بۆم جێبەجێدەکردن، بەلاّم شتێ کە تووشی بێزاری دەکردم، خەونەکانم بوون.. من خەونم بە چییەوە دەدیت؟

هەمیشە خەونێك دووبارە دەبێتەوە، (لە گۆڕستانێکی گەورە و بێسنووردا، رەوەند لە گۆڕێکدا دەرمدێنێ، کفنەکەم بە پارچە ئەلّماسێك هەلّدەزڕێنێ و بە رووتی لەبەرامبەری دەوەستم، مەمکەکانم هەر وەکو خۆیانن، رەق و سپی، بەژنم وەکو جاران بلّند و جەستەیەکی گەرم، لە خەونەکەدا پێم سەیرە کە یەکێك لە گۆڕ دەربهێنرێ و هێشتایش ئاوا خوێن بە جەستەیدا گوزەر بکا، هێشتایش هەر خاوەنی ئەو جەستەیە نەرم و گەرم و رۆحە رووناکە بێت! رەوەند دەستمدەگرێ و دەمباتە نێو باخێکی سێو، بە خێرایی تێدەپەڕین و دەچینە کەنار دەریایەك کە پڕە لە گوڵەگەنم، ئاسمان پڕە لە نەورەس، لەوێ ئاگرێك دەکەینەوە و پێدەکەنین، هەردووکمان بە رووتی سەما دەکەین و دواتر پۆلوویێ ئاگر هەلّدەگرێ و داخم دەکات و دەگەینەوە کەنار گۆڕەکە و کفنەکە دەخاتەوە بەرم و دەمخاتەوە ناو گۆڕەکە..)

لەوەتەی لێرەین هەمیشە ئەو خەونە دووبارە دەبێتەوە، بەلاّم دوێنێ شەو خەونەکە بە شێوەیەکیتربوو، خەونێك کە هەرگیز ناتوانم لە یادی بکەم، (هەر لێرە لەسەر جێخەوەکەی خۆمدا رەوەند وەکو باران لە بنمیچی ژوورەکەمدا هاتە خوار، ماچیکردم و رووتی کردمەوە، بە کورتی سێکسمان کرد، سێکس تا ئۆرگازموز) بەیانی وام



هەستدەکرد ئەو کارە بە ڕاستی روویداوە، بۆیە رەوەند بانگ دەکەمە ژوورەکەم، سارا و شیوەن لە قوتابخانەن، من نیمچە رووتم، بە ئانقەست ناوەڕاستی مەمکەکانم دیاردەخەم، باوەڕ ناکەم کەسێك هەبێ حەز بە دیتنی ئەو دیمەنە نەکا، بە رەوەند دەلّێم: وەرە نزیکم.

ئەو خۆی نزیك دەکاتەوە، قۆڵ و رانمان بەیەکەوە دەنووسێنین، بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە شەرم و ترس دەلّێ: فەرمان بدە.

من حەددی ئێسقان دوو دڵ و نیگەرانم، هەرگیز وەکو ئێستا نەترساوم، خۆشم نازانم داوای چی لە رەوەند بکەم.. دەست بەسەری دادەهێنم، ئەو وەکو بەرخێك خۆی مات و مەلوول و بێدەنگ دەکا، پێیدەلّێم: کوڕەکەی خۆم، ئەو ژیانەت بە دلّە؟

ئەو بە ئاستەم دەنگی دەردەچێ و دەلّێ: خراپ نییە.. ژیان بریتییە لە گریان و پێکەنین.

من سەری دەخەمە سەر مەمکەکانم و دەپرسم: لە هەلّس و کەوتی من رازیت؟

دەلّێ: زۆر.

من توند دەیگوشم و نازانم بە چ رووگەیەك ئاراستەی بکەم، لێی دەترسم و دلّم دەلەرزێ، تاریکیی لەناخمدا دەستپێدەکا، هیچ شتێ نابینم، من ناتوانم ئیدی بیر بکەمەوە.. مەست و سەرخۆشم یا شێت و مردوو؟ هەرچییەکم گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە ماچێکی لێدەکەم، بەلاّم ئاساییە ئەو واهەست دەکا دایکی خۆی ماچی لێدەکا، چونکە پێشتریش جاروبار ماچیمدەکرد، من تەنیا چواردە سالّ لە رەوەند گەورەترم، زۆربەی جارەکان وەکو دایك لەگەلّی دەدوێم، بەلاّم ئەوجارەیان نازانم، من نازانم وەك کێ لەگەلّی دەدوێم، رەنگە وەك هەموو شتێك و وەك هیچ شتێکیش لەگەلّی بدوێم، من روومەتی ماچدەکەم، ئەو وەکو کەروێشکێك بێدەنگە و خۆی لە ئامێزی مندا خامۆشکردووە، ئایا ئەو شەمالکە کە ئاوا وردە وردە بەسەر مەمکەکانی مندا دەتوێتەوە؟ من هێشتا هەر ماچیدەکەم و وشەی پچڕ پچڕ فرێدەدەم، ئاگام نەك لە رابردوو یا ئاینده نییە بەلّکو خۆشم لە دەستداوە، خۆمم

لێوونبووە، ئایا دەتوانم لە لێوەکانی ڕەوەند خۆم بدۆزمەوە، بۆچی نا؟ ئاگاداری خۆم نیم بەلاّم دەزانم چێژ لە ڕوومەت و قژی پشیلە خنجیلانەکەی خۆم وەردەگرم، من لەززەت لە گەرمایی جەستەی دەکەم، ئایا ئەو لە بورکانە یا ئاگرێکی پەتیی؟ هێدی هێدی سنووری ماچ تێدەپەڕێنم، لێوەکانم نزیك لێوەکانی دەکەمەوە، ئەو هیچ قسەیەك ناکا، وادیارە لەززەت وەردەگرێ، من ئاگام لە خۆم نامێنێ، لێوەکانی دەمژم، ئاژاشکە و موچڕك هەموو گیانم داگیر دەکا، دەمرم، دەمرم، دەمرم، ڕووباری شەهوەت و ئیرۆتیك و عیشق و جوانی لە ڕۆح و جەستەمەوە دادەچۆڕێ، تاو نا تاوێ برووسکە ڕستەیەك بەنێو ڕۆحما دەگوزەرێنێ و دەڵێ: خیانەت ئۆقیانۆسە، ئێستا تۆ لەناویدا غەرق بوویت.

من لەناو ئۆقیانۆسی چێژ و لەززەت و ئازادکردنی بەهاکانی ڕۆح و جەستە مەلەم دەکرد نەك ئۆقیانۆسی خیانەت، منیش مرۆڤم خودایە، خۆم دایە ڕەوەند، ڕەوەند مەمکەکانمی دەمژی، نەك هەر مەمکەکانم بەڵکو هەموو جەستەمی دەلێسیەوە.. ئەو هەموو تەکنیکە لە کوێ فێربووە ئەو بەرخە بەستەزمانە؟

من لە خۆشیدا فرمێسکم دادەباراند، ئۆرگازموز، ئۆرگازموز، ئۆرگازموز، سەدان و سەدان ئۆرگازموز بە دوای یەکتریدا بە جەستەو ڕۆحمدا دەهاتن و دەیانگوزەراند، ئایا ئەوان کاروانی ناکۆتا بوون باری لەززەتیان هێنابوو؟

کوڕە بچووکەکەی خۆم وێلاّنە کەوتبووە گیان و جەستەم، ئایا ئەو بازە دامیار و نێچیروانە گەنجە تەرزە بوو کە ئاوا بەسەر جەستەم دادەباری؟ لاولاوەبوو لەبەژنم ئالاّبوو؟ بیرم لە زۆر شت دەکردەوە و بیرم لە هیچ شتێکیش نەدەکردەوە، بیرم لەو زەمەنە دوورودرێژە بە فیڕۆ چووە دەکردەوە..ئایا چۆن ئەو زەمەنەم پێدەگەڕێتەوە؟ بەس ئەگەر ئەوجارەیان دەگەڕێتەوە من دەزانم چی بە وشکیەتی دەڵێم..

ڕەوەند سەرمەمکەکانمی تەڕکردبوو، من نەمدەهێشت هەستێ، توند توند لە باوەشی خۆمم گرتبوو.. زمانم لە زمانی نەدەکردەوە، بەیەکتریەوە نووسابووین.. ئێستا بەیەکەوە دەچینە حەمامەکە، جوان جوان دەیشۆم، داوای لێدەکەم پشتم



بشووا، بەر لە هاتنە دەرەوەمان هەمدیس تێکدەئاڵێین، هەمدیس ئۆرگازموزێکی نوێ و دێینە دەرێ.

ئەو ماوانە ئەدگارم دەگەشێتەوە، ڕەنگ و ڕووم خۆشتر دەبێ، پێدەکەنم، ژیان لەبەر چاوم جوان و ناسك خۆی نمایش دەکا، چەندین کاتژمێر هەر لەو کاتەوەی شیوەن و سارا دەڕۆن، من ڕەوەند بانگ دەکەم، ئێستا ئەو دەتوانێ وەکو پیاوێکی بێشەرم و کامڵ ئەمرم پێبکا، داوام لێدەکا خۆم وەرگێڕم، دەمباتە حەمامەکە، داوا دەکا بمباتە تەویلەکەی یاکۆب، جارێك لەگەڵی دەچم، بەلاّم تامێکی جیاتری هەیە، ئەسپەکان لێمان دەڕوانن و بینینی ئەو دیمەنەیان پێخۆشە، دەمباتە ناو دارستانەکە و لەناو گژوگیا و هەندێ گەلاّی وەریو درێژم دەکا، حەز دەکا ئازارم بدا، منیش پێم خۆشە، ئێواران لێی نزیك ناکەومەوە، چاوم لێیە سارا هەموو ئێوارەیەك دەچێتە لای، ماوەیەك دەمێنێتەوە و دواتر بە ئەدگارێکی سوورهەڵگەڕاوی تووڕەوە دەیبینم.. دەمەوێ بزانم چی لە ژوورەوە ڕوودەدات، ئەو ئێوارەیە پلان دادەنێم، شیوەن ڕەوانەی شارەکەی نزیکمان دەکەم، لە کونی دەرگاکەش لە ژوورەکەی ڕەوەند دەڕوانم، هیچ نابینم، سارا لەسەر قەروێڵەکەی ڕەوەند دانیشتووە، ڕەوەند لەژێر لێفەکەیدا ڕاکشاوە، دەگەڕێمەوە شوێنی خۆم، جاروبار بێ لە دەرگادان دەچمە ژوورەوە بەلاّم ئەوان هیچ ناکەن، سارا لەسەر قەروێڵەکەی ڕەوەند دانیشتووە، ڕەوەند لەژێر لێفەکەیدا ڕاکشاوە، هەندێجار لە پەنای پەردەکە تەماشا دەکەم کە دەستی شیوەن دەگرێ و بەرەو دارستانەکەی دەبا، من دڵم تەنگ دەبێ، دەترسێم پەیوەندییێکی نائاسایی لەنێوانیاندا هەبێ، ئەگەر وابێ ڕەنگە واز لە من بێنێ، یا ئەو لەززەتەم پێنەدا کە ئێستا پێمدەبەخشێ.. دەچم چاودێریان دەکەم، شیوەن دەباتە تەویلەکەی یاکۆب، مەمکەکانی شیوەن دەمژێ، دەیلێسێتەوە، من مردنی خۆم بە چاوی خۆم دەبینم، توڕە دەبم، بەلاّم هیچ ناکەم و لە گۆشەیەکەوە لێیان دەڕوانم، ئەوان ئاگایان لە هیچ شتێك نییە، منیش ئاگام لە هیچ شتێك نییە تەنیا ئەوان نەبێ، تووڕەم و نازانم چیبکەم، بەلاّم ئەوان زیاتر دەڕۆن، سەیرە! ئەوان سێکس دەکەن، توند ڕووخساری خۆم

دەگرم و دەگەڕێمەوە ماڵەوە، (دەبێ لە کەیەوە شیوەن ژن بێ؟).. من بە ساردی خۆم دەخەمە ئامێزی رەوەند، بە ساردی لەگەڵی دەخەوم، ئەو لە جاران گەرمتر ماچمدەکا، دەیەوێ لە جاران زیاتر ئازارم بدا و خۆی بەسەرمدا بسەپێنێ، دەچینە حەمامەکە ئاسایی دەیشۆم، ئەویش بە گەرمی پشت و مەمکەکانم دەشوا..

من گومانم لە ساراش کردووە، هەموو ئێوارەیەك دەچێتە لای رەوەند، من شیوەن رەوانەی مارکێتی گوندەکە دەکەم، لە کونی دەرگاکە لێیان دەڕوانم، سارا شان و ملی رەوەند دەشێلێ، بەلاّم هەر ئەوەندە و هیچیتر، ئەوە شتێکی ئاساییە، شەو بێ لە دەرگادان دەچمە ژووری رەوەند، شیوەن لە باوەشیدا خۆی مات و مەلوول کردووە، خۆم لە شیوەن توورە دەکەم و بانگی دەکەم، لە ژوورەکەی خۆمدا حیسابی لەگەڵ دەکەم، ئەو بێشەرمانە دەڵێ: خۆشمدەوێ، من رەوەندم خۆشدەوێ.

من هەڵدەچم و پێیدەڵێم: من بەو شێوەیە قبووڵتان ناکەم..با بتخوازێ.

شیوەن دەتۆرێ و دەگرییێت، منیش دەگریم و ئەو کێشەیەم پێ حەل نابێ..

دوێنێ دکتۆر گوتی باری تەندرووستی سەلام زۆر بەرەو باشتر چووە، رەنگە لەو ماوانەدا بیگەڕێیننەوە ماڵەوە، منیش هەست بە باشبوونی حاڵەتی سەلام دەکەم، بە هێمنی و بە زەردەخەنەوە لەگەڵم دەدوێ، وەکو جارانی بەر لەو نەخۆشیەی لێهاتوەتەوە، ئەو رۆژە بە دزی ساراوە پێی گوتم: شەوی رابرد شەیتان پێم پێکەنی.

من زۆر بەو قسە فۆلکلۆرییەی ئەو و شێوازی گوتنەکەی پێکەنیم و باوەڕیشم پێینەکرد، بەلاّم دواتر دکتۆرەکەش گوتی: نەك هەر لە رووی دەروونیەوە، بەڵکو لە رووی جەستەییشەوە بەرەو باشتر چووە، تەنیا شتێك کە ناتوانین چارەی بکەین، منداڵبوونە، ئیدی ناتوانن منداڵتان ببێ..

چاکبوونەوەی سەلام خۆشحاڵ و دڵتەنگی کردم، ئەگەرچی لەبەر رەوەند دڵتەنگ بووم بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ترسێکم لە رەوەند نەبوو، ترسی من شیوەن بوو، دەترسام.. بەڵێ لە شیوەن دەترسام.



سەلام دەگەڕێتەوە و زاواکەشمان لە رێگادایە، رەنگە بەو زووانە بگات، کە دەگات لەگەڵ ئێمە دەژییێت، ئایا من و شیوەن دەتوانین لەو پەیوەندییە بەردەوامبین لەگەڵ رەوەند؟ بێگومان نەخێر.. ئەی چۆن ئەو پەیوەندیانە لەبەر یەکتری هەڵوەشێنینەوە و وەکو سەرەتا شێوەیەکی ئاسایی بدەینەوە ئەو پەیوەندیانە..؟

ئێمە ناچارین بەمزووانە رێگاچارەیەك بدۆزینەوە و خۆمان لەو هەموو کێشەیە دەرباز بکەین.

ئەسپەکانی یاکۆب، من پێدەکەنم و تەنیا جێیدەهێڵم، با لە چاوەڕوانیدا بمرێ، وەك ئەوەی کە منی لە چاوەڕوانیدا بە کوشتدا..

ئەو بەیانییەی دەچمە قوتابخانە، بەڵام لە ڕێگادا بۆچوونم دەگۆڕدرێ، ڕاستتر بڵێم ئەو نەچوونە قوتابخانەیەم پەیوەندی بە گۆڕانی بۆچوونم نەبوو، بەڵکو خووی مانگانەم هەبوو، سك وسەرم دەهێشا، شیوەن ڕۆیشت و منیش بە هەمان پاس دەگەڕێمەوە ماڵ، لەناو پاسەکەدا بیر لە گەڕانەوەی باوکم و هاتنی دەستگیرانەکەم دەکەمەوە، بیر لە دۆزینەوەی دەرگایەك دەکەمەوە کە لەو پەیوەندییەم ڕزگار بکات، ئایا ڕەوەند هەر وا بە سانایی دەتوانێ قبوولی پچڕانی ئەو پەیوەندییە بکات؟

ڕاستە من عەزابی دەدەم، بەڵام ئەو هەندێجار وەکو شێت بە دوای ئەو عەزابانەدا دەگەڕا.. خۆ لە دەستی خۆیدا نییە، پێیدەڵێم: تەواو من گەمەم لەگەڵ کردی، ئێرە سەرەتای کۆتاییێکی تاهەتاییە..

ئەویش دەتوانێ خەفەت بخوا و دواتر لە یادی دەچێتەوە.. با قبووڵیش نەکا، چیپێدەکرێ؟ دەتوانێ چیبلێ؟ دەتوانێ بلێ من پەیوەندیم لەگەڵ سارا هەیە؟ ئەی دایکم و باوکم و دەستگیرانەکەم و کەسانیدی چۆن وەڵامی دەدەنەوە؟ ئەویان وەکو سەگێکی پاسەوان لەگەڵ ئێمە ڕەوانە کردبوو، نەك گورگێك کە بکەوێتە گیانم..

لە پاسەکە دادەبەزم، هەنگاوی هیلاك دەهاڤێژم و دێزڤڕمەڤە ماڵ، بە بێدەنگی هەنگاو دەهاوێژم، گوێم لە هانکە هانکێك دەبێ، هانکە هانکی دایکمە، لەبەرە خۆمدا دەڵێم: نا باوەڕ ناکەم.

ئەی ڕەوەند بۆ کوێ چووە؟ دایکم کاری واناکا، نا دەبێ کێی دۆزیبێتەوە؟ یاکۆب یا دوکاندارەکە؟ یا کەسێك کە من هەرگیز ئەدگاریم نەبینیوە؟ ئەی ڕەوەند لە کوێیە؟ پاسەوانەکەی ئێمە لە کوێیە؟ کێ ناڵێ بۆ کارێك ناردوویەتیە شار؟

من لە دەرگای ژوورەکە نزیك دەکەومەوە، لە کونی دەرگاکە تەماشای ژوورەوە دەکەم و دەبوورێمەوە..

# (یەکلایی بوونەوەی کێشەکە بە گێڕانەوەی سارا)

دووسبەی باوکم لە نەخۆشخانە دەگەڕێتەوە، بە گوێرەی دوا ڕاپۆرتی دکتۆرەکان بێت ئێستا ئەو تەواو چاکبۆتەوە، هەر دووسبەیش لەوانەیە دەزگیرانەکەم بگات، من ترسم لەو پەیوەندییە ترسناکەی نێوانی خۆم و ڕەوەند هەیە، دەستگیرانەکەم باش دەناسم، شەلاتییێکی تەواوە، زۆر حیساب دەکات و تەواو بە هەست و ئەزموونە لەو ڕووانەدا، دەتوانێ لە نیگاییێکی شەهوەتئامێز هەموو شتێك تێبگا کە کچێك و کوڕێك دەیگۆڕنەوە، دەتوانێ هەموو شتێ تەنیا بە تەماشاکردنێك بزانێ و ئاشکرای بکات..

من ئێستا ڕەوەندم خۆشناوێ، دەکرێ بڵێم خۆشەویستی من بۆ ڕەوەند لەو ڕۆژە کۆتایی پێهات کە ڕێگایدا من بدەن بە شوو، هەموو ژیانی خۆم لە چاوەڕوانی ئەو بەسەر بردبوو، کەچی بەر لە هەر کەسێك پیرۆزبایی لێکردم، پیرۆزبایەك کە پڕ بوو لە کولاندنەوەی برین و حەسرەت، بە پێکەنینەوە گوتی: پیرۆزە، بە هیوای ژیانێکی بەختەوەر.

من گریام، ئەو داوای هێمنبوونەوەی لێدەکردم، بەڵام من چۆن دەتوانم ئارام ببمەوە، ئیدی ئومێد و خەون و چاوەڕوانییەکانم هەمووی کۆتاییان پێهات.. ئێستا کە ئێواران بۆی دەچمە ژوورەوە، تەنیا گەمەیەکی تاڵ و پڕ لە عەزابی لەگەڵ دەکەم، ڕێگانادەم دەست لە مەمکەکانم بدا، ڕێگانادەم ماچم بکات، چەندین جار دێت و وەکو منداڵێك لەبەر پێم دەپاڕێتەوە و دەلاڵێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵی بچمە تەویلەی

کە خەبەرم دەبێتەوە، دایکم بە ترس و چاوی بە فرمێسکەوە لەسەر جێخەوەکەم دانیشتووە، هەر دەگریێ و کڕبوونەوەی بۆ نییە، پێیەکانم ماچدەکات، من دەمەوێ لەسەری هاوارکەم و بقیژێنم، دەمەوێ لەگەڵ هاوارێك چی لەناو هەناومدایە لە دەممەوە بێتە دەر و کۆتایی بە ژیانم بێت، هاوار دەکەم، بەلاّم دەنگم دەرناچێ، تەنیا وشەیەك بە نزمییەوە لە لێوەکانم بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕێ ئەوەیە کە دەڵێم: گوناهبار.. گوناهبار.. خائین.. خائین..

دایکم دەگرییێت و هاواردەکا: بمبوورە، شەیتان پێیکردم، بمکوژە.. شەیتان پێیکردم.. ئاخر خۆ منیش مرۆڤم خودایە..

شەوەکەی گێژم و لە هەموو ماڵەکە دەگەڕێم، رەوەند نادۆزمەوە، گەر دەیبینم، دەزانم بە چ کارەساتێکی دەگەیەنم، چەقۆیەکم بە دەستەوەیە و دەمەوێ بیکوژم، بەڕاستیش دەیکوژم.. بەلاّم کوانێ گورگەکەی ئێمە؟ کوانێ ئەو گورگەی کەوتۆتە گیان و جەستەی خانەوادەی سەلامە شێتەکەی ئێمە؟

من دەگریام، بۆ خۆم و بۆ دایکم و بۆ سەلامە شێتەکەی خۆمان دەگریام، من دەگریام و گێژبووم، بە گێژی و وڕی و خەمناکییەوە بۆ خیانەتە گەورەکەی رەوەند دەگریام، دەگریام و دەمویست خوێنی ئەو گورگە بڕێژم، بەلاّم کوانێ؟ لە کوێیە؟ بۆ کوێ چوو ئەو گورگەی کە کەوتۆتە گیانی سەلامە شێتەکەی ئێمە؟

دایکم هات و گوتی: بەسە ئیدی مەگریە، ئەو رۆیشت، دەرمکرد، ئیدی نایبینینەوە.. رۆیشت و بوو بە رابردوو، بەیانی دەستگیرانەکەت دەگات، باوکت دێتەوە.

ئێمە هەرسێکمان یەکترمان لە باوەش کردو بێووچان دەگریاین، بەلاّم گریانی شیوەن لە ئێمە پڕ لە سۆز و حەسرەتتربوو، پێدەچوو هیچ کەسێکی نەمابێ لە دنیادا.. هێندە بە خەمگینی و حەسرەتەوە دەگریا، دەتگوت ئیدی گلێنەکانی دەبنە فرمێسك و بەسەر گۆناکانیدا دێنە خوار.. ئێمە هەرسێکمان بەو شێوەیە چیرۆکی خۆمان بۆ یەکتری گێڕایەوە، هەموو نهێنییەکانی یەکترمان ئاشکراکرد، من و دایکم هێور بووینەوە، ئێستا خەمی شیوەنمان بوو.

من پێی پێدەکەنیم، گاڵتەم بە عەقڵی بچووکی ئەو منداڵە دەهات، بەڵام دوێنێ شەوەکەی دوای ونبوونی رەوەند و دوای ئاشکرابوونی ئەو هەموو فێڵەی کە لە هەرسێکمانی کردبوو، ئیدی بڕیاری خۆمدا، ئایا بڕیاری چیمدابوو من؟

کێشەی من هەر بە تەنیا رەوەند نەبوو، گێژ و شێت و سەرگەردان ببووم من، ئیدی چۆن دەتوانم لەگەڵ مامۆژن و دۆتمامێکی لەو جۆرە بژیم کە خیانەت و پلان و ناشرینی هەموو گیانی داگیرکردبوون؟ چۆن دەتوانم ئیدی بیر لە گورگێکی وەکو رەوەند بکەمەوە؟ تازە کار لە کار ترازابوو..

شەوەکەی بە یوسفم گوت: بڕیارمدا، دەبمە هاوسەرت بە مەرجێك هۆڵەندا جێبێڵین و بەرەو شوێنێکیدی بڕۆین و سەرهەڵگرین.. گرینگیش نییە ئەو شوێنە کێندەر بێ.

ئەو تەلەفۆنەکەی لە دەست کەوتە خوار، باوەڕی نەدەکرد، دوای چەند چرکەیەك بێدەنگی گوتی: زۆر باشە دەچینە ئەڵمانیا.. دۆست و ناسیاوم لەوێ هەن.. زۆر باشە دەچینە ئەڵمانیا..

ئەو بەیانییەی دەبووایە لە وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر پێشوازی لە دەستیگرانەکەی سارا بکەم، هێرۆ چووبوو سەلام بێنێتەوە، ژنی بە وەفا چووبوو مێردە خۆشەویستەکەی خۆی بێنێتەوە، یوسف گەیشتە وێستگەی شەمەندەفەر، ئامێزی بۆ کردمەوە، بە ساردی و خەمبارییەوە باوەشم بۆیکردەوەو سواری شەمەندەفەرێك بووین بەرەو بەرلین، لە (چۆلیگیشەگاردن) دابەزین..

بەرلین شارێکی گەورە و جوان و پڕ لە جووڵە جووڵە، منداڵێکی هاوتەمەنی ئێمە هاتە پێشوازیمان، چووین کلیلی خانوویەکی پێداین و ئێوارەکەی مەلایەکی تورکی هێناو من بە شەرعی بوومە ژنی یوسف.

خۆمان بە ناویتر تەسلیمکرد، مافی پەناهەندەییمان وەرگرت و ژیانێکی ئاساییمان دەسپێکرد، سەرەتا زمانمان خوێند و شارەزاییمان سەبارەت بەو ولاتەیش کۆکردەوە.

# (شیوەن)یش دەڕوا

ئەی ئەپۆلۆن گوێم بۆ رادێرە، تۆیش ئەی راین، ئەی ژنی نهێنی پارێز، راین ئەی ژنی میهرەبان گوێم بۆ رادێرە، با باسی هەلاتنەکەی خۆمتان بۆ بکەم..

بەیانی ئەو رۆژە دەبووایە پێشوازی هاتنی دەستگیرانەکەی سارا بکەم لە وێستگەی سەرەکی شەمەندەفەر، بەلام من پەیمانم بە یوسف دابوو لەگەڵی بڕۆم..
یوسف کێبوو؟

بە درێژایی ئەو کاتانەی لە قوتابخانە بووم وازی لێم نەدەهێنا، ئەو خۆ وا بە سادەیی منی خۆشنەدەویست، بەڵکو عاشقێکی سەرمەستی پێکەنین و بزە و قسەکانی من بوو، وەکو منداڵێك لەبەرم دەپاڕایەوەو داوای پەیوەندی لێدەکردم، بەڵام من رەوەندەکەی خۆمم بە هیچ کەسێك نەدەگۆڕیەوە، رەوەند بۆ من وەکو پیاوێك بوو کە لەناو حیکایەتە ئەفسانەییەکانەوە هاتبێتە دەر، رەوەند گوزارشتێك بوو لە مان و نەمان و خۆشی و ناخۆشییەکانی من، بوراقێك بوو دەهات و رووەو ئاسمانی شینی پڕ لە ئەستێرە و مەملەکەتە دوورەکانی ئارامیی رۆحی دەبردم..

یوسف لە تەمەنی خۆمدابوو، تورك بوو، گەنجێکی جوانیش بوو، بەلام من رێگای هیچ شتێکم پێنەدەدا، ئەو بەڵێنی دووپات دەکردەوە کە تەنیا ئامانجێك لە پەیوەندی نێوانی ئێمەدا پێکهێنانی هاوسەرییەتییە، هەمیشە دەیگوت: هەموو جوانیی و بەختەوەرییێکت پێدەبەخشم لەو دنیایەدا..

تا ساڵێك پەیوەندییێكی خۆش لەنێوانماندابوو، ئەگەرچی یوسف ئەو كەسە نەبوو كە من بتوانم نەك بەراوردی پێ لەگەڵ ڕەوەند بكەم، بەڵكو هی ئەوەش نەبوو لەگەڵی بژییم..بەلام دەبووایە من بەو چارەنووسە ڕازیبووام، ڕازی نابم چیدەكەم؟

ئێستا كێشەكە لەوە نییە كە منم ڕازینیم، بەڵكو بە پێچەوانەوە، دەبێ تەحەمولی گاڵەوگێڤە و هات و هاوار و دڵپیسی و پەلارەكانی ئەو كەسە بكەم كە هەرگیز خۆشم ناوێ.. یوسف بە تووڕەییەوە دەڵێ:

– زۆر پاكیزە بووی ها كە تۆم هێنا..؟
– خوا بزانێ كە منت لێدیار نییە چ خیانەتێكم لێدەكەیت..؟
– بزانیبووایە ئاوای هەرگیز لە خۆمم تێكنەدەدا..
– تۆ شیاوی ئەو نیت كەسێك خانەوادەكەی خۆی لە پێناوت جێبێڵێ..
– من هەمیشە گومانم لە تۆ هەیە..
– بۆچی ڕێگانادەی منداڵێكمان ببێ، گەر نیازێكیترت نەبێ..؟

ڕەنگە لەو ڕستەی كۆتاییدا یوسف ڕاست بكا، هەمیشە داوای منداڵم لێدەكات، بەلام من ڕێگای پێنادەم، ناشزانم بۆچی، پێدەچێ ئەو باشتر بۆی چووبێ.. لەگەڵ ئەوەشدا من هێشتا جارێك بە تەواوی بیرم بۆ لەیەك جیابوونە نەچووە، با بیریشم بۆی بچێ، دەتوانم چیبكەم؟ خۆ من تەنیام، نە كەسێك دەناسم كارێكم بۆ بدۆزێتەوە، نە كەسێكیش دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بكا، با كەسێكیش بناسم یارمەتیم بدا و كەسێكیش دەستی هەرەوزیم بۆ درێژ بكا، بەلام ئەو دەتوانێ چ شتێ بۆ من بكا، كە من مافی پەناهەندەییم لە ڕێگای یوسفەوە وەرگرتبێ، هەر كاتێ بڕیاری لێكجیابوونەوە بدەین، ئەوا من مافی پەناهەندەیشم لێدەسڕێنرێتەوە..

ئێوارەیەك یوسف بە تووڕەییەوە لە ماڵەوە چاوەڕوانمە، من درەنگ دەچمەوە، ئەو بێ هیچ قسەیەك دەكەوێتە جنێودان، بەلام من ڕێگای پێنادەم، ئەو پێم دەڵێ: قەحپە.

من دەڵێم: دایك و خوشكت.



دەستی بەرز دەكاتەوە زوڵمم لێبدا، من ڕێگای نادەم و دەڵێم: تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەكەم.

دەرمدەكا لە ماڵی خۆی.

بە چاوی بە گریان و فرمێسكەوە دەچمە وێستگەی شەمەندەفەر، دوو كاتژمێر دادەنیشم و فرمێسك هەڵدەوەرێنم، لە دنیا دەڕوانم كە تا چ ئاستێك بچووك بۆتەوە! جانتایەكی بچووكم پێیە و نازانم پلیتی چ گوند و شار و وڵاتێك ببڕم.. بۆ كوێ بچم؟ ئێستا هەموو دنیا بۆ من وەكو یەك وایە.. بیر لە هەزار شت دەكەمەوە، بیر لەو بڕە پارەیە دەكەمەوە كە بەشی تەنیا دوو ڕۆژیترم دەكا، بیری دایك و باوكم دەكەمەوە، بیر لە ڕووداوەكانی ڕابردوویێكی نزیك دەكەمەوە، لە هەموو ئەوانەیش زیاتر بیر لە ڕەوەند دەكەمەوە، سەرباری ئەو هەموو ئازار و چارەنووسە تراژیدیەی كە بۆی خوڵقاندبووم هێشتا نەمدەتوانی ڕكم لێی ببێتەوە..

لەسەر كورسیەك دانیشتبووم و دەگریام، پیاوێكی باڵابەرزی ئەڵمان دەستی خستە سەر شانەكانم و گوتی: دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

من سەرەتا ترسام، خۆ حەقی خۆشم بوو بترسم، چونكە كەسانی بەدڕەوشت زۆرن، بەلام ئەوەیان وا دیار نەبوو، تەمەنی نزیكەی چل ساڵێك دەبوو، چاكەت و پانتۆڵ و كەرەڤاتەی لەبەردابوو، بە پیاوی كار دەچوو، ئەو بە نەرمییەوە دووبارەی كردەوە: دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

من هیچ وەلامێكی ئامادەم پێنەبوو، بۆیە گوتم: نازانم.

پرسی: پاسەپۆرتت نییە؟

گوتم: هیچ شتێكم نییە.

گوتی: خەڵكی چ وڵاتێكی؟

گوتم: بێوڵاتم.

گوتی: گەر حەزدەكەی كار بكەیت، من دەتوانم لە بەیانییەوە بتخەمە سەر كار.

من دەبووایە زۆر سوپاسی بکەم، چونکە تاکە ڕێگای دەربازبوونم، کارکردن بوو.. بێئەوەی لە جۆری کار و شوێنی کارەکەی بپرسم، گوتم: من سوپاست دەکەم و ئامادەشم لە سبەینێوە لەگەڵت کار بکەم.

پرسی: ئامادەی ئەو شارە جێبێڵی؟

گوتم: بەڵێ.

چوو پلیتێکی شەمەندەفەری بۆم کڕی، لە شەمەندەفەرەکە سەرکەوتین، بەدەم ڕێگاوە باسی زۆر شتمان کرد، تەنیا جۆر و شوێنی کارەکە نەبێ..لە شاری کۆبلێنچ دابەزین، منی بردە نێو باڕێکی گەورە، لەوێ بە پەیژەیەکەوە سەرکەوتین، ریزێك ژوور هەبوو، دەرگای یەکێکی لە ژوورەکان کردەوە و گوتی: ها ئەوە کلیل، لێرە بە دواوە ئەوە ژووری تۆیە، ئەو شەوە دەحەسێیتەوە، بۆ بەیانی سەبارەت بە کارەکە قسە دەکەین.

کە ئەو ڕۆیشت من کەوتمە بیر کردنەوە و تێگەیشتم کە ئەو ژوورە ژوورێکی نائاساییە.. بۆچی ئەو ژوورە نائاسایی هاتە بەرچاوی من؟ گڵۆپەکانی نێو ژوورەکەم سوورتاریك بوون، هەندێ وێنەی رووت بە دیوارەکاندا هەڵواسرابوو، تەلەڤزیۆنێکی بچووکیش لە گۆشەکە دانرابوو.. ئەمە جگە لەو باڕە گەورەی کە ڕێك دەکەوتە ژێر ریزە ژوورەکە..

هەرچۆنێ بوو لەبەر هیلاکی خەو بردمیەوە، بەیانی (هێر تۆماس) هات و بە دەنگی لێدانی دەرگاکەوە خەبەری کردمەوە، هاتە ژوورەکەم و دانیشت، بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە میهرەبانییەوە گوتی: خەوێکی خۆشت کرد؟

گوتم: بەڵێ.. بەڵێ، زۆر سوپاس.

بە میهرەبانییەکی زیاتر لە جارانەوە گوتی: ئەو بالاّخانە هی منە، ئەو باڕەی خوارەوەش هەر هی منە، وا دیارە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە باسی کارەکەمت بۆ بکەم، لە خوارەوە باڕ و ڕێستوڕانت هەیە، ئەوانەی لێرەدا کار دەکەن چەند جۆرێکن و



پۆلێن کراون، هەندێکیان لە ناندینەکەدا کاردەکەن، تۆ دەزانی ئەرکەکانی کارکردن لە مەتبەغ چییە..؟

من بەسەر راهەژاندنێکەوە تێمەگەیاند کە دەزانم.

بەشێکیتر لە سێرڤس کاردەکەن، کارکردنی سێرڤسیش ئەوەیە کە داواکارییەکانی خەڵك جێبەجێدەکەی، بەشێکی ترمان هەیە کە ئەوەیان بە ئارەزووی خۆتە، رەنگە حەزیش نەکەم لەوێ کاربکەیت، ئەو کارە بە تایبەتی لە شەوانی شەممە و یەکشەممەدا هەیە تۆ دەچیت لەگەڵ مشتەری دادەنیشیت و لەگەڵی دەخۆیتەوە و قسەی لەگەڵ دەکەیت و دواتر گەر ئارەزووی بکەیت و لەسەر پارە ڕێکبکەون ئەوا دەتوانی بیهێنیتە ژوورەکەی خۆت، بەڵام سەدا پەنجای ئەو پارەیە بۆ ئێمەی خاوەنە..

من زوو بە کارکردن لە مەتبەغ رازیبووم، دەستمکرد بە کارکردن، ڕۆژێ دوانزە تا شانزە کاتژمێر بێحەسانەوە لەو ناندینە کاردەکەم، ئێستایش لەگەڵ دابێ هەر لەو ڕێستورانتە کاردەکەم.. بەڵام ئێستا لە ناندینەکەدا کارناکەم بەڵکو لە سێرڤس..

ئەگەرچی ئێستا بارودۆخم گۆڕاوە، هێر تۆماس پاسەپۆرت و مافی کارکردن و پەناهەندەیی بۆ وەرگرتم، ژوورێکم بە کرێ گرتووە، لەگەڵ ئەپۆلۆن بەیەکەوە دەژین، ئەپۆلۆن ئەو سەگەیە کە جارێك لە دارستانەکەی خۆرهەلاتی شاردا لە خاوەنەکەی ونببوو، من کە ئەوم هێندە بە تەنیایی دیت خۆمم هاتە بەرچاو، بۆیە لە ئامێزم کرد و تا ئێستا بەیەکەوە دەژین.. من ئێستا زۆر لەو ژیانەی خۆم رازیم، بەڵام ئەوەی کە ئازارم دەدا رەوەندە.. رەوەند هەمیشە دڕدۆنگم دەکا و تووشی قەلەقی کردووم، وازم لێناهێنێ، هەمیشە لە خەیاڵ و خەون و ژیانمدا دەردەکەوێ و دەردەکەوێتەوە.

من ئێستا هەموو شتێك سەبارەت بە رەوەند دەزانم، دەزانم چۆن دەژیێ، چۆن کارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات و چۆن حەددی ئێسقان ئازاری پەشیمانی دەچێژێ.. ژیانی ئەو وابووە، پڕ بووە لە سەرەڕۆیی، پڕ بووە لە ترس و نیگەرانی و پەشیمانبوونەوە، پێش ئەوەی بێینە هۆڵەندا حەزی لە دراوسێیەکیان دەکرد، بەڵام خۆ حەزی لە کچێکی دراوسێیان نەدەکرد، بەڵکو لە ژنێکی خاوەنی دوو منداڵ، ژنەکە

هی ئەوە بوو پیاوێکی وەکو ڕەوەند حەزی لێبکا، چونکە جوانێك بوو عەقڵی لە سەری پیاو دەڕفاند، جوانییەکەی دەیان پیاوی کاس و گێژ و وڕ کردبوو، بەڵام بۆ ڕەوەند دەستەمۆ ببوو، لە شەوانی هاوین بەر لەوەی مێردەکەی بگەڕێتەوە ماڵ، جێی دەبردە سەربان و چاوەڕوانی ڕەوەندی دەکرد، ڕەوەند کێشەی نەبوو لەگەڵ سەرەڕۆیی، بە سەرخۆشی دەگەڕایەوە ماڵ و ئەو سەربانەی نێوانیانی دەبڕی و دەگەیشتە لای، تا تێر دەبوو ماچیدەکرد، ئەو ژنە هێندە عاشقی ڕەوەند ببوو کە نە منداڵ و نە مێردەکەی هیچ گرینگیەکیان نەمابوو، نیوەڕۆیەك کە ژنە لەسەر جێخەوەکەی بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ ڕەوەند دەکات و باسی ئیرۆتیك و جەستەی یەکتری بۆ یەك دەکەن، ئاگای لە منداڵەکانی نامینێ، یەکێ لە منداڵەکانی ئاگر لە قەنەفەی ساڵەکە بەردەدا و خانوو گڕ دەگرێ، ئەو ژنە کە خەبەری دەبێتەوە ماڵ تەواو ئاگری گرتووە، دوو منداڵەکە ڕایانکردووە بۆ قاتی سەرەوە و خۆیان لە ژوورێك ناوە، بەڵام پاڵەپەستۆی دووکەڵ دەرگای بە ڕوو داخستوون، کە خەڵکی کۆڵان دەزانن ئاگر لەو ماڵە بەربووە کۆدەبنەوە، تەلەفۆن بۆ ئاگرکوژێنەرەوە دەکەن، بەڵام ئاگرکوژێنەرەوە چ سوودێکی هەیە؟ تا ئەوان دەگەن ئەو دوو منداڵە ئێسکیشیان نامێنێ.. خەڵك هێرش دەبا بەڵام بێسوودە، لە دەرگای سەرەکییەوە کەسێ لەبەر پاڵەپەستۆی دووکەڵ و تەوژمی دووکەڵ ناتوانێ نزیکی ژوورەوە بێ، لە دەرگاکەی سەربانیشەوە بە هەمان شێوە، تەنیا تاکە ڕێگایەك مابوو کە کەس درکی پێنەدەکرد ڕەوەند نەبێ، ڕەوەند لەسەر دیواری ماڵە سووتاوەکە چووبووە سەر شانی گەنجێك و لە دیوی پێشەوە خۆی گەیاندبووە قاتی سەرەوە، بە هەنیشك جامی ژوورەکەی شکاندبوو، تەماشای کردبوو هەردوو منداڵەکە هێشتا ماون.. هەردووکی لە ئامێزکردبوو، بەهەمان پەنجەرەی شکاو هاتبۆوە دەرەوەو هەردوو منداڵەکەی لە مەرگێکی ڕاستەقینە ڕزگارکردبوو.. مێردی ژنەکە ئێستا و ئێستایش سوپاسگوزاری ڕەوەندە..

بەر لەوەی بێینە هۆڵەندا، ڕەوەند سەرەڕۆیی یەکجار زۆری کردبوو، بەڵام کە منی دەبردە نێو تەویلەی ئەسپەکانی یاکۆب هەمیشە پەیمانی نوێ دەکردەوە کە هیچیدی



ئەو کارانە ئەنجامنەدا، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو گورگ هەلا هەلای کردین و لەیەك کاتدا کەوتبووە گیان و جەستەی هەرسێکمان.

ئێستا من چۆن دەتوانم جارێکیتر باوەڕی پێبکەمەوە؟ چۆن دەتوانم باوەڕ بە چەقەڵ بێنم نەك شێر؟ ئەو خاسیەتەکانی شێری تێدانەبوو، هەرگیز نەیزانیوە تێربێ، شێر کە تێر دەبێ واز دێنێ، بەڵام ئەو کەلاکی ئێمەی لەژێر خاکدا حەشاردەدا، ئەو ئێمەی بە چاوی نێچیری هەمیشەیی تەماشاکردووە..

گوتی: من کچم و بە دەستگرانەکەم رازی نیم.

گوتم: منیش مرۆڤێکی بێدەسەلاتی خودام، بەشێکم چاکەیە و بەشێکیشم خراپە، کچەکەی خۆم با واز لە رابردوو بێنین، ئێمە کچی ئەورۆین، لەگەڵم بیر بکەرەوە، بزانە چییان پێبلێین.

سارا بە تووڕەییەوە گوتی: پێیان بڵێ شیوەنی بە زۆر کردە ژن و پەلاماری ساراشی دا، بەڵام سارا رووبەڕووی وەستا و هەموو شتێکی ئاشکرا کرد و دەرمانکرد.. بۆ شیوەنیش بڵێ لەگەڵ کوڕێکی تورك هەڵات، لەگەڵ یوسف، من یوسف دەناسم، بەڵێ راستە لەگەڵ یوسف رایکرد.

سارا باش بۆیچووبوو، کە دانیشتین و پرسیان، من بەو شێوەیەی کە دامانڕشتبوو تێمگەیاندن، ئێستاش هەموو کەس ئەو چیرۆکە ئاوا دەزانێ، رەوەند پەلاماری سارای داوە و شیوەنیشی کردۆتە ژن، شیوەن چاوەڕووی مانەوەی نەماوە و لەگەڵ کوڕێکی تورك رایکردووە.. هەموویان باوەڕیانکرد.

سارا ئێستا ژنی عیسمەتە، منداڵێکیان هەیە جوان و ژیکەڵە و لە خانوویەکی نزیك ئەو گوندەی ئێمە دەژین، من و سەلامیش تەنیاین، سەلام باشبووە، ئیدی غیرە ناکا، مانگ نا مانگێك جارێ بەیەکەوە دەخەوین ئەوەشیان خراپ نییە.. من بە خەیاڵ لەگەڵ رەوەند دەنووم نەك سەلام، کە تەواو دەبین دەترسێم و حەزناکەم رەوەندم بکەوێتەوە یاد..

ئێمە ئاسایی دەژیێین و هیچ هەواڵێکی شیوەن و رەوەند نازانین و ناشمانەوێ هیچ هەواڵێکیان لە بارەوە بزانین..چۆن رۆیشتن با ئاوا بڕۆن و نیوەی راین ماڵیان بێ..

# (ژیانی خانەوادەی سەلام دوای رەوەند بە گێڕانەوەی هێرۆ)

سەلام هاتەوە و دەسگیرانەکەی ساراش گەیشت، ئێستا ژیانێکی ئاسایی و رێکپۆشمان هەبوو، تەنیا تاکە کێشەیەکمان مابوو کە پێویست بوو چارەسەری بکەین، دەبووایە جێگای بەتاڵی شیوەن و رەوەند لە سەلام و دەستگیرانەکەی سارا و تەواوی عێڵ و عەشیرەت بگەیەنم، بەڵام چۆن دەمتوانی هەروا بە سانایی چیرۆکێکی ئاوا بدۆزمەوە و باوڕیان پێبێنم..

نەدەوێرام بڵێم بەیەکەوە رۆیشتوون و ئیدی ژیانێکی تایبەتیان هەڵبژاردوە و ئێستا ژن و مێردن.. ئەی بۆچی هەواڵیان نییە، خۆ کەس رێگر نەبوو کە رەوەند داوای شیوەنی بکردبایە..؟ سەرم تەواو گێژی خواردبوو، ناچاربووم هانا بۆ بیرکردنەوە و پلانی سارا ببەم، سارا زۆر دڵڕەقانە لەگەڵ من دەدوا، بەڵام بۆ ئەو کێشەیە ئەویش وەکو من مۆن و بێدەسەڵات بوو، هەردووکمان بە یەکجاری تیا دەچووین، رەوەند و شیوەن خۆیان دەربازکردبوو.

سارا گوتی: راستیان پێبڵێ.

من تووڕە و دڵتەنگ، بەڵام هەوڵمدا خۆم هێورکەمەوە و بە هێمنی گوتم: دیارە حەز دەکەی بکوژرێین.

گوتی: بۆ تۆ مردن باشترە.

گوتم: تۆش لە من کەمترت نەکردووە.

## (دەرکەوتنەوەی رەوەند بە گێڕانەوەی شیوەن)

لە رێستورانتەکە کاری خۆم دەکرد، دوای نیوەرۆیەك چوومە سەر مێزێك، کچێکی ناسك و جوان داوای دوو بیرەی کرد، من بە گاڵتەو رووخۆشییەوە گوتم: بۆچی بەیەکجار دوو بیرە.

بەدەست ئاماژەی کرد و بە نەرمییەوە گوتی: ئەو کوڕەم لەگەڵە.

کە کوڕەکەم دیت، چیم لە دەستبوو کەوت، توند دەمی خۆمم گرت، ئەویش لەبەرامبەر وەستا، من دڵم لەرزی و ژیان لەبەر چاوم گۆڕا و ئیدی تەنیا تاریکیم دیت..

کە لە نەخۆشخانە خەبەرم بۆوە، رەوەند لەسەر سەرم وەستابوو، توند دەستمی دەگوشی و دەستمی خستبووە ناو هەردوو دەستەکانی، من نەمتوانی تەنانەت وشەیەکیش چییە لەگەڵی بدوێم، هەڵیستاندم و گوتی: نا نا زۆر باشی، گەورەش بوویت.

من نەدوام، نەك نەدوام، بەڵکو ناتوانم تەنانەت وشەیەکیش چییە دەربڕم.. منی سواری ئۆتۆمبێلێك کرد و بێئەوەی لێم بپرسێ ماڵم لە کوێیە منی گەیاندەوە ناو ژوورەکەم، لەسەر جێخەوەکم درێژی کردم و داپپۆشیم و گوتی: لێرەم دەتبینمەوە.

رۆیشت.

دوای دوو رۆژ کە نەخۆشیی و هیلاکیەکەم رەوایەوە و دەستم بە کارکردن کردەوە، هەر چاوەڕوان بووم، زۆر ئاگام لە کارکردن نەبوو، هەمیشە دەمپرسی و دەمپرسیەوە، باوەڕم بەو رووداوانە نەدەکرد، ئایا ئەوە رەوەند بوو؟ لە کوێ هات و بۆ کوێ چوو؟ ئەی ئەو کچەی لەگەڵی بوو کێبوو؟ لە ناکاو لە پڕمەی گریانم دەدا و لەبەر خۆمەوە



دەمگوت کێ ناڵێ ژنیتی؟ نەمدەتوانی ئەرکەکانم رێکپۆشانە جێبەجێبەکەم.. داوام لە هێر تۆماس کرد چەند رۆژێك ئیجازەم پێبدا، ئیدی لە ماڵەوە هەمیشە دەگریام و چاوەڕوانبووم، خەریکبوو رەوەند لەناو زاکیرەی خۆمدا دەربکەم، چونکە باوەڕم بەوە نەمابوو کە ئەو رووداوانەی من بینیبووم جگە لە وەهم شتێکیتر بووبێ.

ئەوە چەند رۆژێکە خووم بەوە گرتووە کە بێمە ئێرەو چیرۆکەکانی خۆم بۆ راین و ئەپۆلۆن بگێڕمەوە، ئەورۆژە دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك بەسەر ئەو رووداوانە نامەیەکم لە رەوەندە پێگەیشتبوو، ئەو نامەیە قەلەقی و گومانی منی رەواندەوە و زانیم ئەوەی بینیبووم راستییە، بەڵێ راستییەکی رووت.

بەڕێزی لەو نامەیە داوای لێبووردنم لێدەکات، داوا دەکات ژیانێکی نوێ دەست پێبکەینەوە چونکە منی خۆشویستووە و خۆشیشی دەوێم، من نامەکەم بە گریانەوە خوێندەوە، ئەو لە نامەکەیدا نووسیبووی: هەستدەکەم لەو دنیایەدا زۆر تەنیام، تەنیا تۆ دەتوانی ئاوەدانی پێشکەش بە رۆحم بکەی.. من هێرۆم دێتەوە بەرچاو و ساراش، من خیانەتەکانی رەوەندم دێتەوە یاد، من باوەڕکردنەکانی خۆم بە درۆکانی رەوەند دەکەوێتەوە یاد، ئایا دەشێ هەمدیس باوەڕی پێبکەمەوە؟ تازە من هیچ پێویستییەکم پێی نییە، هەموو شتێکم هەیە.

رۆژێك دوای نامەکە هات و لە دەرگایدا، من لە کونی دەرگاکە تەماشامکرد، دیتم رەوەندە، دەمویست دەرگاکەی بەڕووی ئاوەلاّ بکەم بەلاّم نەمتوانی، خۆشم نازانم بۆچی! دەرگاکەم لێینەکردەوە.. چوومە سەر جێگاکەم و تا بەیانی گریام.. بیرم لە تووڕەبوونی ئەو دەکردەوە، دەترسام بتۆرێ و روو لە مەملەکەتێکیتر سەر هەڵگرێ، ئەوجارەیان خوا بۆمی ناردۆتەوە، ئەی جارێکیتر کێ دەینێرێتەوە؟

ئەوە دوو رۆژە دێتە رێستورانتەکە و داوا دەکا تەنیا دوو وشەم بۆ دەربڕێ، من بە بیانووی بێ کاتیی رێگای پێنادەم، ئەو بە نەختێ تووڕەییەوە پارەکەی دەدا و تێدەپەڕێ..

ئەوەی لایمن زۆر سەیرە و جێگای پرسیارە ئەوەیە کە چ قەدەر و رێکەوتێك ئێمەی فڕێداوەتە ناو شارێك کە هەزارەها کیلۆمەتر لە شوێزاوە دوورە؟ لەناو شار

و ولاّتێکدا هیچ کەس هێندەی من ئەو ناناسێ و بە چیرۆکەکانیی ئاشنا نییە و لەناو شار و ولاّتێکدا هیچ کەس هێندەی ئەو من ناناسێ و بە چیرۆکەکانم ئاشنا نییە، ئینجا دیوارێك هەیە ناهێڵێ لە رابردوو دەربچین و ژیانێکی تازە لە کەناری راین دەستپێبکەین..

ئاخر خۆ ئەو کەمی نەکردووە، من هەمیشە ئەو رستەیە دووبارە دەکەمەوە، بەلاّم ئەو لە هەموو گوناهەکانی من دەبووریّ و دان دەنیّ بە هەڵەکانی خۆی.. من راڕام، ئەگەر درۆ لەگەڵ خۆم نەکەم هێشتا خۆشمدەوێ، لە هەموو گوناحەکانی دەیبوورم، بەلاّم شتیّ هەیە لە ناخی مندا رامدەهەژێنیّ و رامدەشڵەقێنیّ و رابردوو و پێکی تفت و تاڵی رووداوەکانی رابردووم دەخاتەوە یاد، پیاوێك لەگەڵ ئامۆژنی پەیوەند سێکسی هەبیّ چاوەڕوانی چی لێدەکریّ؟

هەوڵدەدەم باوەڕ بە خۆم بێنم کە گوناحەکە لە هێرۆیە، گوناحەکە لەو شەیتانەیە، گەرنا گەنجێکی لەو تەمەنە چۆن دەوێریّ نزیکی بارودۆخێکی لەو جۆرە بکەوێتەوە کە لە هەموو دین و یاسا و رێسایەکدا قەدەغە کراوە؟

هەوڵدەدەم تێیبگەیەنم کە منیش دوای رۆیشتنی ئەو رۆیشتم و لەگەڵ یوسف ساڵێك بەیەکەوە ژیاین، دەمەویّ هەموو شتێکی وەکو خۆی تێبگەیەنم.

لەو سەر کۆترێکی سپی، نا کوڕێك بە پۆشاکێکی سپییەوە دەردەکەوێ، پانتۆڵ و تیشێردێکی سپی پۆشیوە، ئایا ئەو ئاراراتە؟

کە دەڕوا زەمین لەژێر پێی دەلەرزێ و راین پێدەکەنێ، کە دەڕوا هەموو گەردوون تەماشای هەنگاوەکانی دەکا، ئەویش مەست و سەرەڕۆ هەنگاوەکانی دەهاوێژێ و لەبەرە خۆیدا زەمزەمە دەکا، وەکو هەموو کاتەکانی ژیانی گۆرانی دەچڕێ، من زۆرم پێ سەیرە تا ئێستا هیچ یەك لە هێرۆ و ساراو شیوەن باسیان لەو بەهرەیەی رەوەند نەکردووە، ئەو کە گۆرانی دەڵێ، دارستانی بەرد و کێوەکان رۆحیان دێتەبەر، گەردوون پێدەکەنێ، درەختەکان سەما دەکەن، نا ئێوە باسی هیچتان نەکردووە، بۆچی لەوە نەدواون کە رەوەند دەتوانێ بە زمانی باڵندان قسە بکا، رەوەند کە دەنگ هەڵدەبڕێ گوڵەکان دەمیان دەکرێتەوە و دەبنە کۆرس، ئێوە سەبارەت بە رەوەند هیچ شتێکتان باس نەکردووە، هێرۆ بۆ نەیگوت کە ئەو مەسیح بوو، هات و لە چاڵێکدا دەریهێنام، هێرۆ مردبوو رەوەند زیندووی کردەوە، بە چێژ و لەززەت گڕی تێبەردا، بۆچی هێرۆ نەیگوت من ژنی بوتیفیار بووم، هەموو کاتەکان خەونم بە عیشقبازی دەدیت لەگەڵ ئەو یوسفەی خاکی میسر و کەنعان؟ بۆچی نەیگوت من لە ژنەکەی بوفیتیار تێمپەڕاند و بە زۆر لەگەڵی کەوتمە نێو گەمەی ئیرۆتیك و عیشقبازی و رووتبوونەوە؟ بۆچی نەیگوت من ئەو یوسفە کۆیلەیەی خۆم تۆمەتبارکرد کە تاوانیشی نەکردبوو؟ بۆچی نەیگوت ئەو یوسفە کۆیلەی من نەیدەویست خیانەت لە سەلامی بوتیفیار بکا، بەلاّم من شەرم پێیفرۆشت، شەڕێکی گەورەی چێژ و لەززەت و ئیرۆتیك؟

ئەی بۆچی سارا لە گێڕانەوەکەیدا نالێ تا هەتایەش بە خەیاڵی رەوەند لەگەڵ عیسمەت دەخەوم، بۆچی نەیگوت ئێستایش چاوەڕوانم، بۆچی نەیگوت ئەیوب هەر هیچ سەبری نەگرتووە بە بەراورد لەگەڵ مندا؟ بۆچی نەیگوت من بەدوای تۆڵەکردنەوەیەکدا دەگەڕام کە شیاوی ئەوە نەبوو، بۆچی نەیگوت من بۆیە لێی تۆرابووم چونکە بە ژیان لەگەڵ مندا رازینەبوو؟

# (بە گێڕانەوەی نووسەر، لە کەناری راین ژیانێکی نوێ دەست پێدەکا)

شیوەن لە (لیدل مارکت) قوتیەك گۆشتی ئامادەکراو دەکڕێت و وردە وردە بە هەنگاوی سست و مەست، خۆیی و (ئەپۆلۆن) دەچنە سەر کورسییەك و لە (راین) رادەمینێن.. یاختێك دێت و کەشتییێك دەچێ، بەلەمەکان بە کەنارەکەدا رەتدەبن، موسافیری ناو یاختەکان لە قاقا دەدەن و کحول دەخۆنەوە، هەندێ تۆڕەوان ماسی دەگرن، راوچییێکیتر قوولابەکەی خۆی فڕێداوەتە نێو دڵی راین و چاوەڕوانە، کەشتییێکی پەککەوتە لە کەنارەکە وەستاوە و کراوەتە کنابیە، باق و بریق و تریسکە تریسك و ترووسکانەوەی گڵۆپەکانی لە شەودا نەك هەر بە تەنیا ئەو ناوە بەڵکو تاریکیی ناخی مرۆڤەکانیش رووناك دەکاتەوە.

شیوەن دانیشتووە و لە هەموو لاکانی خۆی دەڕوانێ، کۆستوومێکی رەشی پۆشیوە، قۆڵەکانی رووت کردووە، لێوەکانی نەختێ سوورکردووە و قاچەکانی دەلەرێنیەوە.. هێندە بە حەماسەتەوە چاوەڕێ دەکا دەڵێی لەناو زریان و لافاو دانیشتووە، هێندە بێئارامە دەڵێی چاوەڕوانی گەڕانەوەی کۆتر دەکا، ئایا ئەو بە دوای کێوی ئاراراتدا دەگەڕێت، چاوەڕێی دۆزینەوەی وشکانی دەکات.. لەسەر پشتی کەشتییێکی گەورە دانیشتووە و دەیەوێ کۆڵ بە تۆفانی چاوەڕوانی بدا و سەرلەنۆژەن زەمینی خۆی ئاوەدان بکاتەوە.

لە گێڕانەوەکانتان غەدری زۆرتان لە رەوەند کردووە، کا کەی باسی ئەوەتان کردووە کە رەوەند جوانترین کاتەکانی ژیانی ئێوەی لە زاکیرەی ئێوە تۆمارکردووە؟ بۆچی باسی بزەکانی، خەندە و پێکەنینەکانی، باسی زمانی پڕ لە مەلحەم و دەرمانیتان نەکردووە؟ ئەو لە جیاتی وشە گوڵی لە دەم دەکەوتە خوار و لە جیاتی رستەش بەدیهێنانی خەونەکانی ئێوە؟

رەوەند هات و هات و گەیشت، شیوەن بە گومان و دوودڵیەوە هەستا، بەلاّم زانی ئەوە کێوێکە لە عیشق و پاکیزەیی، زانی ئەوە دارستانێکە لە سووتانی عیشق و وەفا، زانی ئەوە کۆترێکە و گەلاّی زەیتوونی هێناوە، بۆیە دەستی تەوقەی درێژ کرد، رەوەند چۆکێکی دەخاتە سەرزەمین و بە ئەتاکێتەوە پشتە دەستی شیوەن ماچ دەکا، هەندێ لە گلێنەکانی یەکتر دەڕوانن، هەردووکیان پێدەکەنن و یەکتری لە ئامێز دەکەن و لە راین دەڕوانن، تاوێ بێدەنگ دەبن و هەردووکیان لەیەك كات و لەیەك چرکەساتدا بە پێکەنینەوە دەڵێن: راین ئەی راین تۆ شاهێدی، ئێمە پەیمان بە تۆ دەدەین، سوێند بە ئاو و ئاگرو هەواو خاك دەخۆین، لێرەوە ژیانێکی پاك و بێ خیانەت بۆ تا ئەبەد دەست پێدەکەین.

**٢٠٠٧\٠٣\١١**
**٢٠٠٧\٠٣\٢١**
**هەولێر**

# (٢)

# لە سەرووی عاشقبوون

من باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان دروستکردووە، چونکە خۆشەویستی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردوون داگیرساوە و، هەمیشەیش بە هەڵایساوی بۆ بوونەوەرەکان دەرۆشنێتەوە..

لەو نامەیەدا ناوی خۆمت بۆ نانووسم، نا لەبەر ئەوەی ترسێکم هەبێ لە ترادتسیۆن و کۆمەڵگا، یاخود لە ژنەکەم.. مەترسە ناوی تۆش نانووسم، نا لەبەر ئەوەی کە ناوێری بە تەك مێردەکەت رابکشێیت و لە ترسی ئەو نەوێری ئەو چیرۆکە بخوێنیتەوە، بەڵکو دەمەوێ بە زمانی یادەوەرییەکان لەگەڵت بدوێم، دەمەوێ بە پردی بیرەوەرییەکان تێپەڕم و لەوبەر کەناری یادەوەرییەکان شوناسی خۆم دەربێنم و بەرامبەر هەموو گەردوون و بوونەوەرەکانی ناوەوەی و بەرامبەر بە خودا پێت بڵێم: هێشتا خۆشمدەوێی.. یان نا تۆ خۆت گوتت: وشەیەکی تر هەیە، هەستێکیتر هەیە، ئەو هەست و وشەیە لەودیو سنووری ئاگرەکانی ئەڤینەوەن، هێشتا قاموسی مرۆڤایەتی هیچ قاڵبێکی بۆ نەخولقاندونە و ناشتوانێ بۆیان دابڕێژێ.. ئەو وشەیە سیحرە، نا نەخێر سیحریش نییە، منداڵێکە لەناو تۆدا هەمیشە دەگرییێت و هاوار دەکا، کە هاواریش دەکا دەبێ ئەو شتەی دەستبکەوێ کە دەیەوێ دەستی بکەوێ.. کێشەکە لەوە دایە بۆ هەمیشەیی و بەردەوامیش دەیەوێت و دەبێ دەستیشی بکەوێ.. دەبێ تێبگەی ئەو شتە هەستێکە لە سەرووی عاشقبوون.. شتبوونیش نییە، شتێکە هێشتا مرۆڤایەتی زاراوە و وشەی بۆ دانەناوە.



من ئەو هەستەم بەرامبەر بە تۆ هەیە، بۆ هەمیشەیی پێویستیم بە تۆیە و دەشمەوێت هەمبیت.. من بۆ هەمیشەیی لەناو یادەوەرییەکانی خۆمدا لە ئاڤژەنینم، بەتایبەتیش لەو کاتانەی کە هەست دەکەم بەشێکی گرینگی زەمەن و ژیان و عومری خۆم داوە بە تۆ .

من کێم؟ ئایا زریانم هاتوومە خێوەتی بەختەوەری تۆ وێران بکەم؟ یا ـ با ـ یێکی زستانی تووڕە دەمەوێ گوڵی سەفا و جوانییەکانی تۆ لە رەگەوە هەڵتەکێنم؟ من گوتم: ناوی خۆمت پێنالێم، نا لەبەر ئەوەی کە مێردەکەت پێبزانێ تاریکیی بکاتە حیجابێك و رووخسارتی پێداپۆشێ و ئیدی بۆ ئەبەد هەڵاتنی خۆر و رۆشنایی مانگ و ئەستێرەکان بە چاوانتەوە نەبینیەوە، بەڵکو چونکە دەمەوێ لە رێگای بیرەوەرییەکان بێنمەوە یادت کە من کێم و چیم؟ بۆچی دەمەوێ بمناسیتەوە؟ لەبەرچی ئەو نامەیە بۆ تۆ دەنووسم؟

ئاخر من گوتم: من باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان درووستکردوە، چونکە خۆشەویستی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردووندا، هەمیشە بە هەڵایساوی بۆ بوونەوەرەکان دەرۆشنێتەوە..

ئاساییە، دەکرێ لە زۆر شوێنەوە دەستپێبکەین، دەکرێ زنجیرەیەك رووداوی یەك بە دوای یەکتریت بۆ بنووسمەوە ئەو کاتە زوو دەمناسیتەوە، بەڵام نا، من هەرگیز نامەوێ ببمە پۆلیسێك و فەرمان بە نائاگایی و یادگەم بکەم کە بە رێکوپێکی و رووداو بە رووداو هەموو شتەکانت بیر بێنێتەوە، نا نامەوێ وا زوو بمناسیتەوە، نا لەبەر ئەوەی کە بمناسیتەوە تۆ زوو لە خوێندنەوەی من بێزار دەبیت، بەڵکو دەمەوێ چیرۆکی عەشقی نێوانی من و تۆ، بۆ خۆم و بۆ تۆ و بۆ هەموو دنیا بگێڕمەوە.

من پرسیار لە تۆ دەکەم ئەو نامەیە لە کوێوە دەستپێبکەم..؟

رەنگە کەسانێ بێزار بکەین کە لە ناوەڕاستی رووداوەکانەوە دەستپێبکەین.. خۆ دەکرێ ئاسایش بێ کە لە ناوەڕاستی رووداوەکانەوە دەستپێبکەین، من هەرگیز لەگەڵ ئەو بۆ چوونە نیم کە سەر لە خوێنەر بشێوێنین و تووشی سەرئێشەی بکەین،

بەلاّم پێم باشە لە سەرەتاوە دەستپێنەکەین.. کەوابێ با لە ورچە سپیەکەوە هەنگاو بنێین کە دلێکی سووری لە باوەشدایە و لەسەر دلّەکە نووسراوە: خۆشمدەوێی .

٢٠٠٥/٧/١ زەنگێکت لێدا و بڕیارماندا یەکتری ببینین، کاتژمێر ٤ی ئێوارە من لەوێ بووم، نازانم ناوی چی لەو شوێنە بنێم ! سەرەتا من ئەو گەڕەکەم نەدۆزییەوە، بەلاّم کە نزیك کەوتمەوە بۆنی سێو سەراپای رۆحی داگیرکردم، بۆنی سێوم لە دارو دیوار و درەخت و شەقامەکان دەکرد، دنیا یەکپارچە بۆنی سێوی لێدەهات، ئیدی من گومانم نەما کە تۆ لەوێی.. من لە تۆ دەپرسم: ناوی چی لەو گەڕەکە بنێین کە بۆنی سێوی لێدەهات؟

O.k با ناوی بنێین (ئەو شوێنەی کە من تێیدا هەنگاوێکی زیاترم بەرەو نزیك بوونەوە لە رۆحی پیرۆز و لە خودا هاوێشت).. لەوێ لەو شوێنەی کە من چەند هەنگاوێکی زیاتر لە خودا نزیك کەوتمەوە، نەمدەزانی سەبارەت بە من ئەوڕۆ چی لە ژیاندا هەیە، نەمدەزانی بۆچی ئەوڕۆژە نەختێ جیاترە لە رۆژەکانیدی، تۆ لە نێو سەیارەکە لە تەنیشتم دانیشتی، بۆنی سێو دنیای وێران دەکرد، من لە رۆحەوە بۆنم دەکردی، هەزار سالّ بە بێدەنگی لە نیگاکانی یەکترمان ڕوانی، ئێمە وەکو خەلّك وشە و رستەکانمان نەکردبووە پردێك بۆ ئەوەی لە یەکتری بگەین و گوزارشت لەو غەریبیکردنە بکەین کە بۆ یەکتری هەمانبوو، بەلّکو بە زمانی ڕۆح دواین، تۆ بە زمانی گلێنە شیعری پڕ لە شیعرییەتت بۆ دەخوێندمەوە، من بە زمانی دلّ هاوارم دەکرد و دەگریام.. تۆ دەستت درێژکرد و ئەو ورچە سپیەت دایە من کە دلێکی سووری لە باوەشی دابوو، لە سەریشی نووسرابوو: خۆشمدەوێی .

من نەمدزانی ئەو دیارییە گران بەهایە لە پای چی !

تۆ گوتت: سالڕۆژی لە دایکبوونت پیرۆز بێت .

من ئەو کاتە زانیم چەند سالێك بەر لە ئێستا لە رۆژێکی ئاوادا لە دایکبوویمە.. بەر لە ٢٠٠٥/٧/١ کاتێ کە ئەو رۆژە دەهات، بیرم بۆ هەزارەها پرسیار دەچوو، ئایە



پێویستی دەکرد ئەو رۆژە لە سالّنامەیەکدا هەبووایە؟ ئایە ئەو رۆژە شوومترین و ناشترین رۆژی سالّە یا بە پێچەوانەوە؟

من ورچە سپیەکەم وەرگرت و نەختێ لەو ورچەم روانی و خەندەیەکم بۆی کرد و لەسەر کۆشی خۆمم دانا، ئەو کاتە هەمدیس بە نیگا قسەی زۆرمان کرد، من پێمگوتی: بۆنی سێو دێ، بۆنی سێو وەکو لافاوی نوح هەموو زەمینی داگیرکردووە.

خۆم بۆ نەگیرا و دەستتم توند توند گرت، ئایا سیحر لە نێو دەستەکانی تۆدا هەبوو کە هێندە سەرسام و سەرمەست و سەرخۆشی کردم؟

تۆ خۆت بۆ نەگیرا و گوتت: حەزدەکەم دەست لە پرچت بدەم..

من بە بێدەنگی پێکەنیم و تۆ گوتت: لەبەر بازنەکانی کۆمەلّگا ناوێرم لە شوێنێکی ئاوا دەست لە پرچت بدەم .

من گوتم: ماچێکم بدێ.. لێوەکانم نزیك کردەوە.. تۆ حەزتدەکرد ماچمبکەیت، بەلاّم ترسایت، لە ماچی من نا، بەلّکو لە چاوە تیژەکانی دەوروبەر .

لەو رۆژەدا دوو دەقیقە بەیەکەوە بووین بەلاّم لە یادگەی مندا ئێستا هەست دەکەم ئێمە دوو سەد سالّمان بەیەکەوە گوزەراند.. ئێستایش بۆنی سێوەکانی ئەو رۆژە هەموو جەستەمی تەنیوە، ئایا تۆ بۆچی ئەوەندە بۆنی سێوێکی تێنووت لێدەهات؟

من کە گوتم: لە ورچە سپیەکەوە دەستپێدەکەین ئەوە نەبوو کە بۆم باسکردی، ئەوە تەنیا پێشەکیەك بوو بۆ ئەوەی بچمە ناو چیرۆکی ئەو ورچەوە..

کە هاتمەوە مالّ ورچەکەم لەسەر تەلەڤزیۆنەکە دانا لە ژووری نووستندا.. ئەو ورچە ماوەیەکی باش بێدەنگ بوو.. چونکە من هێشتا تۆم هەر هەبوو لە لایەك و تەنیاش بووم لە لایەکی ترەوە..ئەو پێویست نەبوو ئێرەیم پێ ببا، چونکە تەنیا کەسێك کە لەگەلّی دەدوام خۆی بوو، بەلاّم چەند رۆژێ دواتر کە هەستم راگرت و ئیتر من لە ژووری نووستندا تەنیا نەبووم، گوێم لە نالّە نالێك بوو، گوێم لێبوو یەکێك هاواری دەکرد، گوێم لێبوو یەکێك گلەیی دەکرد.. لە خۆم دەپرسی: ئایا ئەوە کێیە گلەیی دەکا؟ ئەوە کێیە نالّە نالّ دەکا؟ ئەی ئەوە کێیە دەگرییێت و هاوار دەکا؟ لە

خۆم دەپرسی: ئەوە کێیە شەوانە شووشەییێ عەتری سێو لەنێو ژووری نووستنی مندا ورد و خاش دەکا؟

من شەوانێکی زۆر بە دیار ئەو هەموو گلەیی و هاوار و فیغان و ناڵە ناڵە سامگرتوو دەبووم، سەرم دەسوڕما، بۆنی سێوم دەکرد و گومانم دەکرد.. شەوێکیان کە هەمدیس تەنیا بووم، گوێم لە دەنگێك بوو پرسی: بۆچی بەبەر چاوانی منەوە هەموو ڕێساکانی گەردوون تێکدەشکێنی؟

من سەرەتا ترسام، ترسێك کە تا ئەو شەوە هەستم پێینەکردبوو، ئایا ئەوە من بووم کە ئاوا بەنێو ترسدا گوزەرمکرد یاخود ترس بوو هات و بەناو مندا تێپەڕی؟ لە هەموو لاکانی خۆمم روانی، ئایە من خەون دەبینم یا خەونە ئاوا بێباکانە دێت و بەناو مندا تێدەپەڕی؟ بێگومان نەخێر.. ورچەکە بوو ئەو پرسیارەی کرد.. پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: بۆچی بەبەر چاوانی منەوە هەموو ڕێساکانی گەردوون تێکدەشکێنی ؟

گوتم: ئەوە من نیم یاساکانی گەردونم تێك شکاندوە، بەڵکو ئەوە خودایە کە دەیەوێ مرۆڤایەتی بەو شێوەیە هەنگاو بنێ، گەر نا مرۆڤ بۆ هەمیشەیی نەیدەتوانی لە چەمکی عەشق تێبگا.. بەلاّم تۆ بۆچی دەخوازی بە بۆنی سێو هەناسەکانم تەنگبکەیت؟

گوتی: بۆچی زووتر نەهاتی؟

گوتم: ورچە جوانەکە، خوا ڕێگای نەدا، من چەند جارێ هاتم و بە دواتدا گەڕام، هەموو کەسێك و هەموو شتێکم دۆزییەوە تۆ نەبێ .

گوتی: تۆ درەنگ هاتی و منیش درەنگ بۆت دەرکەوتم .

گوتم: ڕاستە، من کە هاتم تۆ لەناو تەمی ناموڕادی و خەمێکی قووڵدا لە سەمادابووی .

ئیدی ورچەکە زمانی لاڵ بوو، نەدوا، شەوانە کە من، ژنەکەی خۆمم بەبەرچاوەکانی ئەوەوە ماچ دەکرد ئیدی ئەو هار و شێت و وێڵ دەبوو، کراسی بەر خۆی دەپڕووکاند.. چاوەکانی خۆی دەشکاند.. دەگریا و هاواریدەکرد.. کە لە ژنەکەم تووڕە دەبووم ئەو پێدەکەنی، لە روانگەی هاوسۆزی ئافرەت بۆ ئافرەت نەختێ دڵگیر



دەبوو، حەزی نەدەکرد پیاوێك ئاوا بە تووڕەیی لەگەڵ ئافرەتێکدا بدوێ، بەلاّم لە روانگەی بەرژەوەندی تایبەتییەوە حەزی لەو کێشمە کێشمە و تێکئاڵۆزان و تێکنەگەیشتنە دەکرد.. ئێستا ئەو ورچە سپیە بێدەنگە، بێلایەنە، نەدەڕوانێت و نەدەگرییێت، نە پێدەکەنێ و نە قسە دەکا، ئیدی بۆنی سێوی لێ نایە، ئێستا لە شوێنی خۆیدا ڕۆیشتووە و لەناو یارییەکانی تری منداڵەکەم ژیان بەسەر دەبا.. هەرگیز پرسیاری دڵ و فرمێسکەکانم ناکات، ئەوە منم کە جاروبار سەرێکی لێدەدەم و بە هەندێ پرسیار دەیورووژێنم، ئەو هیچ وەلاّمێکی نییە، ئەوە نەبێ کە دەڵێ: پەیوەندی ئێمە وەکو پەیوەندی عاشقەکانیتر نییە، ئێمە ئێستا کە لەسەر عەردیشین بەلاّم لە ئاسمانیشداین، من و تۆ لەوێندەر نامەکانی ڕۆحمان دەگۆڕینەوە، باوەڕ دەکەی ئەو عەشقەی نێوانی ئێمە لە هیچ عەشقێکیتر ناچێ .

من گوتم: چۆن لە هیچ عەشقێکی تر ناچێ ؟

گوتی: تۆ خۆت بە نیازیت لە ڕێگای یادەوەرییەکانەوە بێنیەوە یادم کە تۆ کێیت؟ چیت دەوێ..؟ بۆچی عەشقی ئێمە لە عەشقی کەسانیتر ناچێ ؟

ئا، من پێت دەڵێم بە سەیری یەکترمان دۆزییەوە و بە سەیری یەکترمان خۆشویست، بە سەیریش هێندە بە خێرایی خزاینە ئامێزی یەکتری و بەسەیریش بۆ یەك گریاین، ئێستا بۆ تاوێ بیری من بکەوەو منیش دواتر وردە وردە هەموو ئەو شتانەت لەو نامەیەدا دێنمەوە بیر.. ئایا باوەڕ بەوە بێنین کە قەدەرێ لە سەفا و جوانیی ئێمەی بەیەك گەیاند و هەر ئەو قەدەرەیش بوو بە گەردووندا پەرتەوازەی کردین؟ ئایا ئاگاداری کە بۆنی سێو بوو ئێمەی بەیەك گەیاندو هەر سێوەکانیش بوون لێکیان دابڕاندین؟

دەتوانی بێنیەوە یادت ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوونت لە زانکۆدا بۆچی هێندە دڵخۆش بوویت؟ خۆ تۆ دەتزانی خەلاّس کردنی قوناغەکانی خوێندن وەکو تەواو نەکردنی وایە، بەڵکو ناخۆشتریشە، لەبەر یەك دنیا هۆکار، خۆ تۆ دەتزانی لە هەموو دۆستەکانت دادەبڕێی، خۆ تۆ دەتزانی کەشی زانکۆ لە ئەتمۆسفێری ناخۆشی فەرمانگە و ماڵ

خۆشترە، خۆ تۆ دەتزانی دوای چەند مانگێك لە دوورکەوتنەوەت لە ئەتمۆسفێری زانکۆ تووشی بێئارامی و نیگەرانییێکی دەروونی دێیت، خۆ تۆ زۆر شتیترت دەزانی، کەچی شێتانە سەماتدەکرد لەو ئێوارە ئاهەنگەدا.. کەچی لە قاقات دەدا و پێدەکەنی، گەردوونت پڕکردبوو لە بۆنی سێو، رۆحی مرۆڤەکانت پرکردبوو لە بۆنی ئەو سێوانەی کە تێنوویان بوو، لە بۆنی ئەو سێوانەی دەمانێك بوو باران تەڕی نەکردبوون، ئایا تۆ بۆچی ئەوەندە بۆنی سێوت لێدەهات؟

لەو ئێوارەیەدا هێندە دڵخۆشبوویت کە سالأنێکی زۆر بوو خۆتت بەو هەموو خۆشیەوە نەبینیبوو.. من ناڵێم لەبەر من هێندە دڵخۆشبووی، بەڵام خودا پێی گوتبووی کە لەو ئێوارەیەوە بەدواوە ئیدی ژیانی تۆ دەگۆڕدرێ..

تۆ دەزانی، یا دێتەوە بیرت ئەو ئێوارەیە چۆن ژیانی تۆی گۆڕی ؟

من گوتم: باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان دروستکردوە، چونکە خۆشەویستی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردووندا داگیرساوە و، هەمیشەیش بە هەلأیساوی بۆ بوونەوەرەکان دەرۆشنێتەوە..

ئارامبگرە با بێنمەوە یادت چی بوو ژیانی تۆی گۆڕی، نیوەڕۆیێك کاتێ کە من لە یەکێ لە رێستورانتەکان لەگەڵ دوو برادەرم کە لە ئەڵمانیا و بەریتانیا گەڕابوونەوە نانمان دەخوارد، برادەرێکیترم هاتە لام، سەرەتا سێوێکی بە دیاری پێدام.. دواتر وەکو ئەوەی تەنیا بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە هاتبێ، هاتە لام و گوتی: ئێوارە ئاهەنگی دەرچوونمان هەیە، دەبێ بێیت، خۆ ئەگەر نێی ئەوا تەواو لێت دڵتەنگ دەبم.. ئایا بۆچی ئەو لەو شوێنە دەرکەوت؟ بۆچی نەختێ دواتر یا کەمێ پێشتر لەوێ نەبوو؟ ئەی بۆچی هێندە جەختی لەسەر چوونی من کردەوە بۆ ئەو ئاهەنگە؟ ئەی بۆچی سێوێکی زەردی بە دیاری پێدام و خۆشی بۆنی سێوی لێدەهات؟ لە هەموو ئەوانەیش گرینگتر بۆچی تابلۆی کۆترێکی سپی بە سەر دیواری ئەو رێستوڕانتە هەڵواسرابوو، کە لەنێو تەمدا دەفڕی و خەریکبوو دەکەوتە سەرزەمین؟



ئێمە دوای نانخواردن بە نێو شاردا خولاینەوە، چونکە شوێن نەبوو چووینە بەرزترین تاوەری شار و دەستمانکرد بە نۆشینی شەراب و ئۆزو بەو نیوەڕیە.. لەبیرنەکەین مەززەشمان سێو بوو.

بۆچی بە نیوەڕۆ شەرابمان نۆشی؟ سێومان خوارد؟ خۆ ئێمە بڕیارماندابوو ئێوارەکەی بچینە سەر بەرزترین چیای وڵات و لەوێ ئۆزۆ بنۆشین..

لە بەرزترین تاوەری وڵاتدا بەدەم نۆشینی کحول سەبارەت بە زۆر شت دواین، لەوانە پرسیمان: بۆچی یادگەی مرۆڤ هەندێ شت لەناوە خۆیدا حەفردەکات و ئیدی تا مردن هەر بە هەڵکۆڵراوییەوە دەمینێتەوە؟

گەیشتینە باوەڕێك کە دوو شت بۆ ئەبەد لە یادگەدا رەشبوونەوەیان بۆ نییە.. یەکەمیان: عەشق و دووەمیشیان: عەشق..

گەر باوەڕ ناکەیت برادەرەکانم هەر ماون، لەو دوای نیوەڕۆیەدا من گوتم: ئەوڕۆ دوو رووداوی سەیر دێنە نێو ژیانم، یەکەمیان: غەریبی کۆترێکی سپی چاو بڕۆنزی دەکەم و دەیبینمەوە.

دووەمیشیان: سەرلەنوێ لەگەڵ شازادەیەکی ناو ئەفسانەکان یەکتر دەناسینەوە کە زووتر بەشێك بووە لە جەستەو رۆحی من.. مەبەستم تۆ بوویت، راستە پێشتر من تۆم نەبینیبوو، بەڵام لە یەکەم دیداردا تۆم ناسیەوەو زانیم تۆ هی نێو حیکایەت و ئەفسانەکانی.

ئەوان گوتیان: تۆ نە پێغەمبەریت و نە ساحیریش، هەموو کەسێ دەتوانێ وڕێنە بکا..

گوتم: ئاخر من بۆنی باخێ سێوی تێنوو دەکەم..

گوتیان: وڕێنە دەکەیت.

ئێمە لەبەر مەستی لە یادمان چووبۆوە کە ئێوارەکەی لە ئاهەنگی دەرچووان داوەتکراوین.. بۆیە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و هەمدیس بە نێو شاردا سوڕاینەوە،

نەماندەزانی دەچینە کوێ و ئاماﻧﺠمان لە ڕۆیشتن چییە! باشبوو یا خراپ ئەوە نازانم من، جا کوانێ کێشە کە تۆ نەزانی بەرەو کوێ دەچیت و نەزانی دەتەوێ چیبکەیت لە ژیاندا؟

ئێمە بە ڕێککەوت لە نزیك ئاهەنگەکە خۆمان دۆزییەوە، من بۆنی سێوی زەرد و دارستانی سێوی تێنووم کردو ئیدی نەمتوانی و داوامکرد بچینە ژوورەوە بۆ چەند دەقەیەك و بگەڕێینەوە، کەچی ئەوان حەزیان نەدەکرد، هەر چۆنێك بوو لەبەر خاتری من دابەزین و چووینە نێو زەڵە و زەنا و هاتوهاواری ئاهەنگەکە..

کە لە دەرگا هاتمە ژوورەوە، وێنەی سێوێکی گەورەم دیت لەسەر دیوارێك، بە تیرێك کەرت کرابوو، وێنەی کۆترێکی سپیشم دیت دەگریا.. بە دەنگێکی بەرز گوتم: من ئێستا ئەو کۆترە سپیە چاوبرۆنزییە دەدۆزمەوە کە بەدوایدا دەگەڕێم.. ئاخر بۆنی دەهات، بۆنێکی جیابوو، رەنگە بۆنی بیرەوەری بێ..

بۆنی رۆحی ئەو تەواو وەکو بۆنی غەریبیکردن وابوو، بۆنی سێو نەبوو بۆنی غەریبیکردن بوو، تەلار و گۆڕەپانی زانکۆکەی داگیرکردبوو..

بێگومان بە هاوڕێکاﻧﻢ گوتبوو کە من بە دوای کێدا دەگەڕێم.. قسەیەکی پڕ لە وڕێنەو شێتانە بوو ئەو قسەی من، چونکە ئەوەی من بەدوایدا دەگەڕێم ئێستا دانیشووی شارێکی ترە.. لەگەڵ ئەوەشدا یەکەمین کەس کە بینیم خوشکی کۆترە سپیەکە بوو، دوای چاك و چۆنی ژمارەی مۆبایلەکەی ئەو خوشکەی خۆی پێدام کە بەدوایدا دەگەڕام، سەیربوو، لەوێوە زانیم خوشکەکان هەمان بۆنیان لێدێ، بۆنی غەریبی، لێت ناشارمەوە، بەر لەوەی تۆ بناسم من ئەوم خۆشدەویست، ئێمە تەمەنێکی درێژمان بە سەفاو عەشق و بەختەوەری لەگەڵ یەکتریدا بەسەر بردبوو، ئای ئەگەر چاوت لێدەبوو چەند دڵخۆش بووم بە دۆزینەوەی ئەو ژنەی کە ئێستا لە باوەش پیاوێکیتردابوو..؟ هێدی هێدی هاتم، دەمزانی خۆرێك لەناو ئاهەنگەکەدا سەما دەکا، بۆنی سێو و بۆنی تیشکی خۆر ئاوێتە ببوو، بۆنی رووناکی هەموو دنیای تەی کردبوو، ئایا کەسێ هەیە گوێی لێبووبێ کە خۆر بۆنی سێوی لێبێ؟



من دەمزانی بەشێکی منە کە خودا بۆن و بەرامەی رۆحی خۆی بەبەر جەستە و سیمای داکرووە و هەڵیداوەتە نێو ئەو ئاهەنگە.. ئەو تیشك بوو کە ئەو ناوەی رۆشنکردبۆوە؟ پەیامی دڵی خودا بوو کە بەختەوەری بەو ناوەدا پەخشان کردبوو؟ حوزنی مرۆڤایەتی بوو کە هەموو مرۆڤەکان بە وردییەوە لێیان دەڕوانی و تەمەننای ماچکردنی پەﻧﺠەکانیان دەکرد؟ تۆ کێ بووی؟ مەجدەلییە؟ ئایا تۆ مەریەمی مەجدەلیەبووی کە بە منداڵییەوە حەزت لە کەوتنی من کردبێ لەسەر پەیژەکان؟

حەوا.. من هاتم بۆنم کردنی، حەوا من هاتم و تامم کردی، حەوا من هاتم و هەستم پێکردی، تۆ بۆنی هەتاوت لێدەهات، بۆنی رووناکی و بۆنی تیشکی خۆرت لێدەهات، لە هەموو ئەوانەیش سەیرتر تۆ بۆنی سێوت لێدەهات.. بۆنی سێو دنیای داگیرکردبوو.. تۆ لە نیگای منت ڕوانی، بە قووڵی لە نیگا سەرخۆشەکانی منت روانی، ئایا ئەو ئاهەنگ و زەماوەند و سەمایە بە تەنیا من و تۆی تیابوو؟ تۆ سەمات دەکرد، سەماییێك کە سالآنێك بوو بەو شێوەیە بەبەختەوەری سەمات نەکردبوو، دەتویست پێم بڵێی لێم بڕوانە، من بە تەنیا تۆ دەبینم بە تەنیا بۆ تۆ سەما دەکەم.. خۆ هەر واشبوو، تۆ بۆ من سەماتدەکرد، لە گلێنەکانی منت دەڕوانی، ئێستایش لەبەر چاوەکانی مندای کە بە چاوەکانت دەتگوت: تۆ لە کوێ بووی، بۆچی هێندە درەنگ هاتی ؟

من دەمگوت: درەنگیش بێ قەینا، با زۆر زۆر درەنگیش بێ قەینا، بەلآم خۆ هەر پێڕاگەیشتم، بەڵێ گیانی من حەوا خۆ پێڕاگەیشتم بتکەمە شیعر.. پێڕاگەیشتم بۆ ئەوەی ڕێگا بدەم بەیانی بێیتە نێو باوەشم و سەر ﺑﺨەیتە سەر سینەم و تێر تێر گوێ بۆ گریان و هەڵوەراندنی فرمێسکەکانت رادێرم.. پێڕاگەیشتم بتوانم بەیانی لەگەڵ ورچێکی سپی کە دڵێکی سووری لە باوەشدایە و لەسەری نووسراوە خۆشمدەوێی دیالۆگ بکەم و بەیەکەوە بژین.. خۆ پێڕاگەیشتم بۆنت بکەم، بۆنی سێو.. بۆنی دارستانی سێو.. بۆنی ئۆقیانۆسی سێو...

تۆ له نیگاکانی من ئایندەت دەخوێندەوەو هەوڵتدەدا کۆدی ئاینده ئاشکرابکەیت، من له ئاسمانم روانی، پەڕەسێلکەیەك بریندارکراو خولی خوارد و کەوته ژێر پێیەکانم کۆتایی به ژیانی هات..

من بۆ دوو خولەك بۆ ئەو ئاهەنگی دەرچوونه هاتبووم، کەچی هەزار ساڵ لەو زەماوەندی بەیەکتر شادبوونەوەی جەسته و رۆحه لێکترازاوەکان گیرسامەوە.. ئایا من شەمع بووم که ئاوا دەدرەوشامەوە و دەتوامەوە؟

دۆستەکانم تووڕەش ببوون بەڵام که هەموو قسەکانیمن راست دەرچوو.. که به چاوانیانەوە بینیان تۆ بەو هەموو جوانیەتەوە به تەنیا بۆ من سەما دەکەیت و تەنیا له من دەڕوانیت، گوتیان: دۆستی خۆشەویستی ئێمە، ئێمە کەی دەتوانین (کوڕی ئینسان) بەجێبێڵین؟ تۆ پەیامی خوات پێیه بۆ خۆت، نەك بۆ کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی.

دوو هەفته به رۆژ و شەویەوە تێپەڕی کەس لەو کۆلێژه نەمابوو جگه له من، جگه له تۆ.. ئێمه به خەیاڵ لەوێ بووین، له یەکمان دەڕوانی، نانمان نەدەخوارد و ئاومان نەدەخواردەوە، ئێمه به بۆنی سێو تێر دەبووین، لەگەڵ خەڵکی نەدەدواین، تەنیا بۆ ئەوەی پرسیاری یەکتری بکەین جاروبار له خەڵکمان دەپرسی، ئێستایش پێم سەیره ئێمه له کۆلێژەکەدا تەنیابووین، کەسمان لێدیار نەبوو، کەچی نەشمان دەتوانی لەگەڵ یەکتری بدوێین.. لەگەڵ ئەوەشدا به زمانی دڵ قسەی زۆرمان دەکرد، من پێم دەگوت: تۆ شازادەی نێو داستان و ئەفسانەکانیی و خۆت راپرووسکاندووه و هاتوویته نێو جیهانی ئێمە.

تۆ دەتگوت: ئەگەر واش بێت من بۆ ئەوه هاتووم جانتاییێکی پڕ له ئیلهامم بۆ هێناوی، ئەگەر وابێ که من له نێو ئەفسانەوە هاتبم ئەوا من تەنیا بۆ خاتری ئەوه هاتووم که هەزارەها خەونی خودایم بۆ هێناوی.

شەوێکیان سەبرم نەما.. ئێ خۆ من ئەیوب نەبووم؟ کۆلێژم جێهێشت و ویستم به دوای جەستەی تۆدا بگەڕێم، هەمدیس من و دوو دۆستەکەم بووین، سەیر لەوه دابوو



یەکێ له دۆستەکانم له خەونێکیدا ئەدرێسی ماڵی تۆی پێدرابوو، کەچی ماڵی ئێوەی نەدۆزیبووەوە.. له خۆمم دەپرسی چۆن دەیدۆزمەوە؟

شەوێك بۆنم کردی، بۆنەکه بۆنی سێو بوو، ئایا من پێشتر کراسی خوێنینی تۆم بۆن کردبوو؟ بەو نیوه شەوه هاتینه ماڵتان.. بۆنەکه ئێمەی گەیانده گەڕەکەکەتان، بۆنی سێو ئێمەی گەیانده کۆڵانەکەتان، بۆنی سێو ئێمەی گەیانده ماڵەکەتان، ئایا من هێنده سەرەڕۆم به دوای جوانید؟ ئایا من بۆ هەموو کەسێ ئاوا زوو سەرخۆشدەبم، که بگاته حاڵەتێك روو له دەرگای خودا بکەم و لەبەری بپاڕێمەوە تا به پردی رەحمەتی خۆی بمگەیەنێته جوانیی..؟

من وامکرد.. لەبەر خودا و مرۆڤەکان پاڕامەوە، بۆ ئەفرۆدێت نووشتامەوە و پێیەکانیم ماچکرد تەنیا بۆ ئەوەی ژمارەی مۆبایلەکەم له سەر مێزی ژووری میوان بەجێبێڵم..

تۆ له کاغەزی سەر مێزەکه له دەموچاوی منت دەڕوانی.. هەر لێت دەڕوانی، منیش لەوێوه خۆم مەلاسدابوو، تۆ هاتیی و گوتت: رەنگه ئەو ژمارەیه بتوانێ نۆتەی دەنگمان به یەکتری بگەیەنێ، بەڵام تۆ ئەوەتەی لەنێو سینەمدای، لەناو رۆحمدای..

دێتەوه بیرت که ویستت زەنگم بۆ لێدەی؟ له رووخساری منت دەڕوانی و زەنگێکت بۆ لێنەدەدام، چونکه پێویستت بەو زەنگه نەبوو تا لەگەڵ مندا بدوێیت، تۆ لەگەڵ حوبری سەر ئەو کاغەزه دەدوایت که پیتەکانی له نەخشی دەموچاوی من دەچوون.. تۆ دەتویست زەنگ لێدەیت و پەشیمان دەبوویتەوە.. بۆچی ؟

هەردووکمان چاوەڕوان بووین.. من به دواتدا دەگەڕام، له شەقامەکان، له کۆلێژەکان و له ئاهەنگەکان، من له بەرزترین تاوەری شار و لەسەر بەرزترین لووتکەی شاخەکان بەدواتدا دەگەڕام، شەوانه یانەکانی شارم تەی دەکرد بۆ ئەوەی بتدۆزمەوە.. له هەموو شوێنەکانی ئەو شاره بچووکه به دواتدا دەگەڕام تەنیا لەو شوێنانه نەبێ که دەمزانی لەوێندەری.. ئایا من شێتێکی راستەقینه نەبووم؟ بۆچی له شوێنێکدا به دواتدا نەدەگەڕام که دەشمزانی تۆ لەوێندەری ؟

ئێوارەیەك لە برادەرێكمم پرسی كە ئایا تۆ دەناسیێ ؟

لەبەر زۆری خەڵك كە لە چواردەوری مێزێكی لاكێشەیی بە مەستی دانیشتبووین، پەنجەی نایە سەر لێوەكانییەوە و من بێدەنگ بووم.. چەند چركەیێ تێپەڕی من هەر لەسەر مێزەكەدا بووم كە sms یێكم بۆ هات.. كێبوو ئەو نامەیەی بۆ ناردبووم؟ هەمان ئەو برادەرەبوو كە بەر لە چەند چركەیەك داوای لێكردم باسی تۆ نەكەم.. ئەو برادەرەم هەمان ئەو كوڕەش بوو كە لە ڕێستورانتەكە داوای كرد بێمە نێو ئەو زەماوەندەی كە ئێمە یەكترمان تێیدا دۆزییەوە.. ئایا ئەو پردی نێوانی ڕۆحەكانی ئێمەبوو؟ ئایا ئەو نووسەری ئەو چیرۆكەی ئێمەیە؟

كە نامەكەم لەنێو مۆبایلەكە خوێندەوە لەسەری نووسرابوو: ئەوە ژمارەی مۆبایلی (( شێواز))ە.. ئیدی من زانیم دەتوانم تۆم دەستبكەوێ نەك هەر تەنیا بە ڕۆح، بەڵكو بە جەستەیش.. چاوەڕێم كردی هەر دەرنەكەوتی.. هەر چاوەڕێم كردی، تۆ هێشتایش هەر دەرنەكەوتی، ئایا من بۆچی بۆت دەرنەدەكەوتم..؟

لە ئاگری ڤیان و ناكامیی عەشق دەترسام یاخود چاوەڕوانی داگیرساندنی ترافیكی سەوز بووم لە لایەن خوداوە؟ زۆرم چاوەڕوان كردی تا شەوێك لە ناو سرووشتی سەوز و لە ژێر باق و بریقی ئەستێرەكاندا، ئاگرێكمان كردبۆوە، پیاوە ئەفسانەییەكانی نێو ئەفسانەی ژیانی من گۆشتی كەروێشك و بەرخیان دەبرژاند، من لە مۆبایلەكەمم ڕوانی، پێكێكی خەستی ئۆزۆم لێدا و بە دەنگێكی بڵند گوتم: بەیانی دەعوەتی منن بە گۆشتی مامز، بە گۆشتی تاوس، بە شەرابی سووری ئیتاڵی و بە ئۆزۆی یۆنانی و بە یەنی راكی و ، بە هەموو ئەو شتانەی كە ئێوە حەزی لێدەكەن، بە مەرجێ وەڵامی ئەو تەلەفۆنە دڵخۆشم بكات.. بە مەرجێ گوێبیستی دەنگی ئەو تاووسە خوداییە ببم كە لەناو سەدان كەسدا بە تەنیا سەمای بۆ من دەكرد.. بە مەرجێ گوێم لەو دەنگە بێ كە بۆنی تیشكی خۆری لێدەهات، ئەو رووخسارەی كە بۆنی رووناكی لێدێ و ئەو جەستەیەش كە بۆنی دارستانی سێوی تێنووی لێدێ.



هەستام و بە سەرخۆشی لە ئەستێرەكانم ڕوانی، ڕۆژێكی ساماڵی خۆشبوو، ئەستێرەكان دەتریسكانەوە و شیعریان بۆ عاشقەكان دەخوێندەوە، ـ با ـ بەرامەی دەنگی عاشقانی بە یەكتری دەگەیاند، بەرخەكان خۆیان عاری كردبوو، هەر خۆیان دەچوونە سەر ئاگر تا وا لە مرۆڤەكان بكەن بیر لە عەشق بكەنەوە.. من لە ئەستێرەیەكم ڕوانی و لەودیو ئەستێرەكەدا تیشكێ بەر نیگام كەوت، بۆنی سێو دنیای پڕكرد.. ئایا ئەوە ڕۆشنایی و درەوشانەوەی چاوەكانی تۆ بوو..؟ یاخود گوتاری پڕ لە ڕەحمەتی خودابوو پەیامی عەشقێكی سەرسوڕهێنەری پێبوو؟

لەگەڵ مانگ قسەی زۆرمان كرد، ئەو دەیگوت: حەزدەكەم لە رووناكیدا بتخنكێنم..

– من بۆ هەمیشەیی ئامادەم لەنێو لافاوی رووناكیدا دەست لەسەر دڵ بووەستم و كڕنۆش بۆ غەرق بوون ببەم.

ئێمە لەگەڵ مانگدا قسەی زۆرمان كرد، بەڵام دواتر كە لە ئاسمانم ڕوانی مانگ نەمابوو، دواتر كە وردبوومەوە بۆم دەركەوت، ئەوەی كە من لەگەڵی دوابووم، مانگ نەبوو بەڵكو تۆ بووی خۆت لە فۆرمی مانگ نیشانی مندابوو..

هیچ ڕەنگێكی سەوزم لە ئاسمانەوە نەدیت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا زەنگم بۆ لێدای.. ئێوە بە هێوری هەڵوەستە لەسەر ئەو زەنگ لێدانە دەكەن؟ دەزانن چۆن دڵم لەرزی؟ دەزانن كە من دەمزانی چیرۆكێكی نوێ لێرەوە لەدایكدەبێ.. خۆ هەر واشبوو، كە گوتت: هەلۆ..

پێمگوتی: من ئەو نێچیرەم كە شەیدای سیحر و درەوشانەوەی چاوانی تۆ بووم، تۆ بۆنی تیشكی خۆرت لێدێ، بۆنی رووناكی تۆ كاسی كردووم، بۆنی دارستانی سێوی زەرد هەموو گیانی داپۆشیووم.. ناتوانم لەبەر لافاوی رووناكی تەنانەت بۆ چركەیەكیش چییە پێڵوەكانم دابخەم، چاوەكانی تۆ بوو پێیانگوتم: وەرە با تاوێ لەنێو بەفری ژیان خۆمان گەرم بكەینەوە.. دێتەوە بیرت من پێمگوتی: من ژنم هەیە، یەك منداڵیشم هەیە، مەرج نییە كە حەزمكرد لەگەڵت بدوێم واتا پەیوەندی خۆشەویستی دانێین، بەڵام هەستمكرد شتێ لەناوە تۆدایە وەكو مرۆڤێك من لەناو كەم كەسیتری

ئەو گەردوونەدا دەیبینمەوە.. بۆیە دەمەوێ وەکو دۆستێك خۆشمبوێی ، دەمەوێ پەیوەندیێکی خوشك و برایانەمان هەبێ، دەمەوێ پەیوەندییێکی ئەوەی تۆ دەتەوێ ئاوامان هەبێ.. گرینگ ئەوەیە پەیوەندیمان هەبێ و گوێم لە دەنگ بێ..

تۆ گوتت: منیش خۆشحاڵم بە ناسینت .

من گوتم: تۆ بۆنی رووناکیت لێدێ.. بۆنی ئۆقیانۆسێ سێوی تێنووت لێدێ.

تۆ تەنیا پێکەنی.

بڕوا دەکەی من لەو شەوەدا درۆم لەگەڵ کردی؟ چونکە نایەتەوە یادم رۆژێ لە رۆژان دۆستێکی ئافرەتم لەگەڵ دابووبێ حیسابی دۆستێکی پیاوم بۆی کردبێ ! من ئاوام، کاتێ ئافرەتێکی جوان دەبێتە دۆستم دەبێ ئێمە وەکو ژن و پیاو دۆستایەتی بکەین نەك وەکو پیاو و پیاو، یاخود ژن و ژن.. ئاخر تۆ بۆنی رووناکی و بۆنی دارستانی سێوت لێدەهات، نۆتەی دەنگت وەکو سۆناتای تریفە وابوو، پەنجەکانت لە کریستاڵ و دوڕ بوون، چاوەکانت دیوانی شیعری بوون، من چۆن دەمتوانی لەبەرامبەر تۆ جەستەم نەکەم بە پارچەیێ رۆحی رەها ؟

بەهەرحاڵ تۆیش دەتزانی من وەکو تۆی ئافرەت و منی پیاو تەلەفۆنم بۆ کردی، یا تۆی پیا و و منی ژن، گرینگ نییە تۆی ژن و منی پیاو یا منی ژن و تۆی پیاو، گرینگ ئەوەیە ئێمە ژن و پیاو بین.. هەر واشبوو، دواتر خۆت بۆت گێڕامەوە، هەر دوای داخستنی تەلەفۆنەکە وەکو باڵندە لە سەربانەکە ویستبووت هەڵبفڕی، گرینگ نەبوو بۆ کوێی ئاسمان، تۆ مەرامت بوو روو لە ئاسمان هەڵبفڕیت و لە شەقەی باڵ بدەیت.. خۆت بۆت گێڕامەوە کە چەندە بەختەوەر بوویت لەو شەوە ڕووناکەدا.. هەر خۆت بۆت باسکردم کە بۆ یەکەمینجار لەو شەوەدا بۆنی دارستانی سێوت کردبوو، بۆنی دوو سێوت کردبوو کە دەیانوویست لە دارستانەکەدا رابکەن.

منیش لەو شەوە تاریکەدا رووناکییێکی بێسنوور و ناکۆتام بە ئاسمانی شارەوە دیت، شەو بوو کەچی رووناکی هەمموو گەردوونی تەی کردبوو.. ئایا تۆ بووی هێندە بە رووناکی ئاوا گەردوونت شێتانە رووناك کردبوو؟



دوای چەند رۆژێکی کەم.. تۆ رازیبوویت یەکتری ببینین.. سەرەتا نەمانزانی چۆن و لە کوێ یەکتر ببینین چونکە شار بستێ خاکی تیا نەبوو کە بتوانرێ تێیدا دوو وشەی پڕ لە عەشقی هەڵبدرێ.. دواتر تۆ ئازایەتیت کرد و وێرای بمبەیتە نێو ئەو هەمموو چاوانەی کە لە ئێرەیی و نەزانییەوە خوێنی ناشرینیان لێدەتکا..ئازا بوویت و منت بردە نێو چاوە زەردەکان..

تۆ گوتت: کولێژ باشە، من هەندێ کارم ماوە لەوێ، دەتوانین لەوێ یەکتر ببینین .

منیش ئامادەبووم.. چووینە ژێر درەختێکی چەلاك کە نەیدەتوانی بەری تیشکی خۆرمان لێبگرێ، دنیا گەرم بوو کەچی رۆحمان فێنك.. سەرەتا لەگەڵ یەك قسەمان نەکرد، دواتر نزیکەی چەند ساڵێك لە نیگا پرسیاراوییەکانی یەکترمان ڕوانی.. هیچ شتێکمان لە نیگاکانی یەکتری نەدیت عەشق نەبێ.. من دەستم درێژکرد و کتێبە شیعرەکانی خۆمم پێدای، تۆ دڵخۆشبوویت و زەردەخەنە لە گلێنەکانتدا چرۆی دەکرد..

من بەو گۆڕەپانەدا گەڕامەوە کە بۆ یەکەمین جار لەوێوە تۆم بینیبوو، من وێنەی تەواوی تۆم لە زاکیرەمدا هەڵکۆڵیی و تۆیش ئەو کتێبانەت لە ئامێز گرت کە من بە دیاری بۆم هێنابووی.. ئەوانەی کە پێتم بەخشین کتێبی ئاسایی نەبوون، بەڵکو رۆحی من بوون لەنێو وشە و مۆرفیم و حوبر و کاغەز تواببوونەوە.. من لە وێنەی ئەو سێوەشم روانی کە لەسەر دیوار نەخشێنرابوو، تیرێکیش دوو لەتی کردبوو.

ئێوارە تەلەفۆنم بۆ کردی و گوتم: (ناسنامەکەم) لە پرسگەی کۆلێژ لە یادکردووە.

بە درۆ لە بیرم نەکردبوو، بڕوا بکە بە درۆ لە بیرم نەکردبوو، بەڵکو لە بەختەوەریدا تەم سەر عەقڵی داگیرکردبووم.. هەتا دەمتوانی خۆشم لەبیر بکەم، جا هەر واشبوو، من ناسنامەکەم لە پرسگەکەدا لە بیر کردبوو، خۆیشم لەنێو نیگاکانی تۆ.. بۆ دوو رۆژ دواتر لە شەودا کە گوتم: باشە گیان شەوت شاد..

تۆ گوتت: شەوت شاد گیان، تۆ لێرەی لێم نزیکی، تۆ لێرەی لە باوەشمی لێرەی لەسەر سینەمی .

من وام هەستکرد تۆ شیعرم بۆ دەخوێنیتەوە، وام هەستکرد بە زمانی عاشقان دەتەوێ بمخەوێنی.. بۆیە منیش گوتم: گیان تۆیش لێرەی، لێرە نەك لەسەر سینەم بەڵکو لە نێو رۆح و دەروونمدای..

تۆ گوتت: من بەڕاستمە کە لێرەی لەسەر سینەم..

بۆچی ئەو کات نەتدەگوت تۆ لێرەی لە نێو مەمکەکانمدای، تۆ لێرەی لە ژێر ستیانە پرتەقاڵییەکەمدای؟ تۆ لێرەی لەنێوانی ئەو سێوە تێنووانەی کە خەریکن دارستانی سێو بەجێ دێڵن؟

من گوتم: تۆیش لێرەی لەسەر سینەمدای.. لەناو چاوەکانمدای..

تۆ گوتت: من مەبەستم لە ناسنامەکەتە، وێنەی سەر ناسنامەکەت، لەسەر سینەمە.. ئەورۆ چووم لە پرسگەکە هێنامەوە و لە دەرفەتێکدا دەتدەمەوە، یانیش با بۆخۆم بێ ؟

من بڕیارمدابوو خۆمت پێببەخشم نەك ناسنامە..

من باوەڕناکەم هێشتا بمناسیتەوە، دەمەوێ بە وردی شتەکانت بێنمەوە یاد، تا هەر هیچ نەبێ لە رێگای ئەو نامەیە کەمێ بمناسیتەوە و بزانیت من کێم و چیم دەوێ و بۆچی ئەو نامەیەت بۆ دەنووسم.. !

خۆ دەتوانم ئێستا بێمە بەرامبەرت و لە چەند ڕستەیەکدا پێت بڵێم: من کێم، دەتوانم لێت بپرسم: دەی لە رووخسارم بڕوانە، نامناسیتەوە؟

دەزانم تۆ دەمناسیتەوە و هەندێ فرمێسك هەڵدەوەرێنیی و لەیەکتری دادەبڕێین.. بەلاّم من ئەوەم گەرەك نییە..من نامەوێ ئاوا بە توورەیی بمناسیتەوە..

من گوتم: باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان درووستکردوە، چونکە خۆشەویستی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردووندا داگیرساوە و، هەمیشەیش بە هەڵایساوی بۆ بوونەوەرەکان دەڕۆشنێتەوە.. دەمەوێ لە ڕێگای بیرەوەرییەکان بێنمەوە یادت کە من کێم و چیم داوایە..



تۆ دێتەوە یادت ئەو رۆژەی ویستت ناسنامەکەم بدەیتەوە رۆژێکی چۆن بوو.. لە کوێ یەکتریمان بینی؟ تۆ چۆن دەرفەتت درووستکرد لە دەستی ئەو هەموو تەڵبەند و پەرژینەدا رزگارت بێ کە هەموو شاریان داگیرکردووە.. دان پیادەنێم کە تۆ یەکێ بووی لە ئازاترین ئەو کچ و ژنانەی کە من لە ژیانی خۆمدا ناسیوومن.. دەبێ دان پیابنێم کە تۆ ئامادەبووی لە پێناوی جوانیی و سەفا رۆحی خۆت ببەخشی.. چەندین جار داواتکرد بچین لەسەر ترۆپکی چیاییێکدا دانیشین و تا سەرخۆشی عەرەق بنۆشین و لەوێیش بە هێوری بۆ باوەشی مەرگ و خودا بە خۆمان و سەیارەکە شۆڕبینەوە.. ئەوە تۆ نەبووی کە لە قسەکانت پەشیمان بوویتەوە، بەڵکو من بووم ژیانم بە مەرگ نەدەگۆڕییەوە، ئەوە من بووم ژیانێکی تاڵم پێ لە مەرگێکی شیرین خۆشتر بوو..

ئێستایش لەبەر چاومە بەیانی زووبوو، زەمین و ئاسمانی شار یەکپارچە بۆنی سێوی تازە پێگەیشتووی لێدەهات، گەرمابوو کەچی من لە سەرمای چاوەڕوانیدا هەڵدەلەرزیم.. لە کوێ ژوانمان دانا؟ دێتەوە یادت، یا بچم ئێستا بە گەورەیی لەسەر جامی سوپەر مارکێتەکە بنووسم: یەکەمین ژوانی راستەقینەمان لێرە بوو، بۆ ئەوەی هەر کاتێ کە ڕوو لەو سوپەر مارکێتە بکەی، بێتەوە یادت کە یەکەمین ژوانی راستەقینەی نێوانمان لە گەراجەکەی ئەو سوپەرمارکێتەدا بوو.. وەکو گوتم، بەیانی زوو بوو، زەمین و ئاسمانی شار یەکپارچە بۆنی سێوی تازە پێگەیشتووی لێدەهات، گەرما بوو، من سەرمام بوو، تۆ فێڵت لە هەموو کەسەکانی چواردەورەت کردبوو.. من نەبێ کەس نەیدەزانی تۆ بەرەو کوێ دەچیت.. دەزانی بەر لە گەیشتنی تۆ من چیمکرد؟

لە گەراجەکە سەیارەم پارك کرد.. گوێم بۆ گۆرانییێکی خۆشەویستی رادێرابوو.. پێت بڵێم چ گۆرانیەك بوو؟ نا گیانی من نا ئەوە ناکەم، چونکە دەزانم هێشتایش هەر ئەو گۆرانیەت خۆشدەوێ، ئەو کاتەیش کە مێردەکەت ئەو نامەیە لە دەستی تۆ دەرفێنێ و دەیخوێنێتەوە بە هۆی ئەو گۆرانییەوە دەتناسێتەوە، ئاخر من گوتم: نامەوێ بەختەوەری تۆ تێکبدەم..

من گوێم بۆ گۆرانییێکی خۆشەویستی رادێرابوو، خەیاڵ ڕفاندبوومی.. لە چاوەڕوانیتدا تێهزرینم بە پەرشی و پەخشانی بەو زەمینە پەرتەوازە دەبوو.. چاوەڕێم کردی نەهاتی، بۆنی سێوم دەکرد، لە ئۆقیانۆسێ بۆنی سێودا ئاوم دەژەنی.. بە پەنجەکانم حیسابم دەکرد، دێیت یان نایێیت.. پلانم دادەڕشت کە دەگەیتە لام دەبێ سەرەتادا تەرکیز لەسەر چ ئەندامێکی لەشت بکەم، یەکەم وشەم چیبێ کە ئاراستەی تۆی دەکەم، ئایا زەردەخەنەیەکی بێباکانە باشترین پێشوازی نییە..؟ هەموو حیسابێکم دەکرد، پێم باشبوو زەردەخەنەیەکت بۆ بکەم و چیتر نا، هەندێجار دەمگوت: نا، هەر کە گەیشتی بە ئەتاکێتەوە ماچێکی هێمن لە دەستی راستەت دەکەم.

لە سەیارە هاتمە خوارێ و چوومە ناو سوپەر مارکێتەکە، ئایا دەمویست چی بکڕم؟ دیاری یاخود شتێ بۆ خۆم..؟

تۆ ئەوە نازانی کە من بەو بەیانییە کیسەڵێکم کەوتە بەرچاو، دەموچاوی ئەو کیسەڵە تەواو لە دەموچاوی من دەچوو.. لە نێو جامخانەیەك دانرابوو، لەبەرامبەر ئەویشدا کۆترێکی سپی دانرابوو، کیسەڵەکە بە هێوری لە کۆترەکەی دەڕوانی، وردە وردەش هەنگاوی بەرەو ئەو کۆترە سپیە دەنا کە تەواو وەکو تۆ وابوو.. من دەمویست هەردووکیانت بە دیاری بۆ بکڕم بەڵام ئێستایش نازانم بۆچی نەمکڕین.. من هێشتا لەو کۆترە سپیە و کیسەڵەم دەڕوانی کە قسەیان دەکرد، کیسەڵەکە دەیگوت: من بەرەو تۆ دێم..

کۆترەکە دەیگوت: پێویست ناکا خۆت ئازار بدەیت، من باڵم هەیە و دەتوانم بەرەو تۆ بێم.. من بۆ لای تۆ دێم گیانیمن..

کیسەڵەکە دەیگوت: لە شوێن خۆتبە، قەینا من بەرەو تۆ دێم، بەڵام دەترسم کاتێ کە بە تۆ دەگەم، تۆ هەڵفڕی.. دوور دوور هەڵبفڕی.. ئیدی نەتوانم پێتبگەم..



من هەر گوێم بۆ ئەو قسانە رادێرابوو کە کیسەڵە شینەکە و کۆترە سپیەکە دەیانکرد، لەو کاتەدا پیاوێکی بالآبەرزی ورگ گەورەی جەمەدانی لەسەر پرسی: فەرموو برای بەڕێزم، با یارمەتیت بدەم..

گوتم: بۆنی سێو دێ، سێوم بدێ.

پێکەنی و گوتی: بەو بەیانییە و سێو؟ ببوورە سێومان نییە.

گوتم: بەدوای بنیشتێکی زۆر تیژدا دەگەڕێم..

ئەو بنیشتێکی ئێرانی پێدام و گوتی: خوا موفەقت بکا کوڕی خۆم .

دیاربوو ساختەچی بوو، دەیزانی بەو بەیانییە بنیشتم بۆ چییە..

کە لە سوپەرمارکێتەکە هاتمە دەرێ، تۆ لەنێو تاکسیدابووی، بۆیە دەزانم، چونکە تەلەفۆنت کرد.. لەو تەلەفۆنەدا نیگەرانی و ترسی خۆتت بۆم باسکرد.. لە من دەترسای یاخود لە بازنە تەنگەکانی کۆمەڵگە؟

بێگومان ترست نەبوو لە من، چونکە ئێمە خۆمان بەدوای ئەوەدا سەرگەردانبووین کە بجزێینە باوەشی یەکترەوە.. تا لەبەر دەروازەی سوپەرمارکێتێکە دەرنەکەوتی باوەڕم بە هاتنت نەبوو، کە هاتی خوا پێکەنی، گەردوون گەشایەوە، زەمەن وەستا.. لەوەیش سەیرتر ئەو کاتەبوو کە تۆم بە تەنیشتە خۆمەوە بینی.. حەزدەکەی ناوی ئەو گۆرانیەت پێبڵێم کە لەناو سەیارەکە گوێمان لێڕاگرت؟ ئا، گۆرانییەکە هەر ئەو گۆرانییەبوو کە جارێکیتر بە تەك یەکەوە وەستاین و بەدەم گوێگرتن لەو گۆرانییە لە ئاوابوونی خۆرمان ڕوانی..

بەڵام ناو سەیارەکە پڕبوو لە بۆنی هەلآتنی خۆر، پڕ بوو لە بۆنی سێو، وشەکانت پڕبوو لە ئاوەدانی، پڕبوو لە ئومێد و نیگەرانی، من زەردەخەنەیەکم کردو خۆم بێباك نیشاندای، کەچی لەناخەوە دەمردم.. دەبووایە بە کامە رێگادا بچینە ئەو ماڵە چۆڵەی کە بە هەزار فرت و فێڵ رێکم خستبوو؟ لەو رۆژانە شار نوێ دەکرایەوە، زۆربەی رێگاکان کاری تیا دەکرا.. تەنیا تاکە رێگایەك کە بمانگەیەنێتە ئەو ماڵە، رێگاکەی نێو گۆڕستان بوو.. کە لە دەروازەی گۆڕستانەکە چووینە ژوورەوە،

دارسێوێکمان بینی سێوەکان تازە لە خەو هەستابوون و بۆنێکی نوێیان بەو گۆڕستانەدا پەخشانکردبوو.. مەلاییێك وازی لە خوێندنەوەی قورئان هێنا و لە ئێمەی روانی، تۆ لێت دیار نەبوو منیش نەمویست نیشانی تۆی بدەم.. دوای چەند مەترێ دوو مار تێکئالاّبوون و زمانی یەکتریان دەمژی کە ئێمەیان دیت وازیان لە مژینی زمانی یەکتری هێنا و لە ئێمەیان روانی، دیاربوو حەسودییان پێدەهات، من نەمویست ئەوەشت نیشاندەم، نەختێ ئەولاتر دووپشکێك بەسەر پشت راکشابوو، بە شمشێرێکی بچووك ژێر ددانی خۆی خاوێن دەکردەوە، کە ئێمەی بینی لەبەرە خۆیەوە بە منی گوت: لاسایی من بکەوە، ژیان لە پێوەدان بەو لاوە شتێکیتری نییە..

من تۆم غافلاّند، دەستی تۆم گرت بۆ ئەوەی مەستت بکەم و رێگا نەدەم گوێت لە قسەی دووپشکەکە بێت.. پێش کۆتایی گۆڕستانەکە باپیرمم دیت، لە گۆڕەکەی دەرهاتبوو، جگەرەیەکی گرێڤنی بە لالێویەوە بوو، بۆنی سێوی لێدەهات، ئەوە یەکەمینجاربوو کە ببینم جگەرە بۆنی سێوی لێبێ.. زەردەخەنەیەکی بۆم کرد و گوتی: من شانازیت پێوە دەکەم، چونکە هەموو ئەو شتانەی لە من دابوون ئێستا لە تۆشدا روودەدەن..

من نەمویست ئەوەشت نیشاندەم، چونکە دەترسام ترس داگیرت بکا، خۆ هەر واشبوو، سەرەتا لە گۆڕستانەکە ترسایت، وات هەستدەکرد من تۆم بۆ گۆڕستان هێناوە نەك شوێنێکیتر، وات هەستدەکرد کە لای گۆڕێك سەیارەکە دەوەستێنم و لە تەنیشت گۆڕێکیشدا حیکایەتەکانی عیشق و ئیرۆتیکت بۆ دەکەم.. وات هەستدەکرد لەسەر یەکێ لە گۆڕەکان بە ڕووتی راتدەخەم و خۆیشم بە دیارتەوە نوێژی ئیرۆتیك و بەختەوەری دەکەم.. حەقی خۆت بوو وا بیر بکەیتەوە، چونکە لێرە ئێمە لە گۆڕستان زیاتر بەولاوە جێژوانێکمان نییە بە ئارامی ئۆقرەی تیا بگرین و سەربەست و سەرمەستانە لە گلێنەکانی یەکتری بڕوانین و لێوەکانی یەکتری هەڵمژین.. لێرە نەبێ لە زۆر شوێنیتری دنیا گۆڕینەوەی ماچی لێوەکان لەسەر شەقامەکان، لەنێو کافتریاکان و لەنێو میترۆ و ترام و پاسەکان دەگۆڕدرێتەوە، جارێکیان لە کافتریاییێك



لەگەڵ کچێك دانیشتبووین، لێوەکانی مەستی کردبووم، من نەمدەزانی کە لێوەکانی منیش ئەویان مەست کردبوو، ئێمە لە رێگای چاوەکانمانەوە نهێنی لێوەکانی یەکترمان بۆ یەکتر باسدەکرد، دەزانی لە پڕێکا چی پێگوتم ؟

گوتی چاوەکانت بانگی مەمك و لێوەکانی من دەکەن، پێیان دەڵێن بۆ هەمیشەیی رووت بوونە جوانتر و سەفابەخشترە.. ئاخ، گەر دەزانی کوو پەلاماریم دا، یان نا، ئەو پەلاماری منی دا، ئەو بوو بە شەڕ لێوەکانی لێرفاندم، کاتێکیش کە پێڵوەکانم ناوە ناوە ئاوەلاّ دەکرد، دەوروبەرم پڕ بوو لە مرۆڤەکان، ئەو مرۆڤانەی بۆخۆیان دەژیان و بە هیچ شێوەیەکیش لە ئێمەیان نەدەڕوانی.. ئەو لێوەکانی منی دەمژی و دەیگوت: ئای کە من تێناگەم بۆچی لێوەکانی تۆ ئەوەندە بۆنی ـ با ـ و بۆنی سەفەریان لێدێ؟

دێتە بیرت یاخود هەوڵی ئەوە بدەم کە دوای ئەوەی لە گۆڕستانەکە پەڕینەوە چیمان کرد.. ؟

لەبەر دەرگای ماڵە دوو دەرییەکە وەستاین، داوامنەکرد چاوەڕوان بیت تا دەرگاکەت بۆ ئاوەلاّ دەکەم.. هەر واشمان کرد، ئەو چرکەیەی کە گەیشتینە ناو حەوشەکە و دەروازەکەم داخست.. لێرەوە دەمبووری ئەگەر هەناسەیەکی هێندە قووڵ هەڵکێشم کە تاکو ئێستا بەو شێوەیە هەڵم نەکێشابێ.. ! ئێمە تەنیابووین لە حەوشەکە، من و تۆ و خودا، شەیتان لەوێ نەبوو، هەردووکمان زەردەخەنەیەکمان بۆ یەك کرد، باوەڕ دەکەی تاکو ئێستا هیچ زەردەخەنەیەکی تری لەو جۆرەت بۆ کەسێکی تر کردبێ؟ ئیدی بۆنی سێوی سپیکراو دەهات، ئاسمان و زەمین بۆنی سێوی سپیکراوی لێدەهات.. ئێمە هەردووکمان زەردەخەنەیەکمان بۆ یەك کرد، دووبارە دەپرسمەوە: باوەڕ دەکەی تاکو ئێستا کە زەردەخەنەی لەو جۆرەت بۆ کەسێکی تر کردبێ؟

دەزانم بەر لەوەی من بناسیت تۆ پیاوت دیبوو لە ژیانی خۆتدا، لەگەڵ پیاویش لە ژوورێکدا خەوتبووی، ئەوە خۆت بۆت گێڕامەوە، بەلاّم ئەوەی کە شاردبووتەوە کوڕێك

بوو کە دواتر پێت دەڵێم کێبوو.. دواتر لێت دەپرسم: بۆچی لای من نەتدرکاند کە ماچت کردبوو؟ لێت دەپرسم: بۆچی لە پێناوی من بەیانییێکی زوو زەنگت بۆی لێداو گوتت: ببوورە، لە ماڵەوە هەستیان کردووە کە ئێمە پەیوەندیمان هەیە، بۆیە ناتوانم چیتر درێژە بەو خۆشەویستییەی نێوانمان بدەم.

تۆ لە پێناو ماڵەوە نەبوو کە وازت لەو هێنا، بەڵکو لە پێناوی من بوو، دەزانم تۆ دان بەو راستییە دەنێی، وەکو ئەوەی کە ئەو کوڕەیش شەوێکی درەنگ دانی پیانا..

ئێمە لە حەوشەی خانووی ژمارە **٩٩** چووینە ژوورێ، لەسەر قەنەفەیەکی سێ کەسی دانیشتین، تۆ لەمبەر و منیش لەوبەر.. دوای داگیرساندنی تەلەفزیۆنەکە کە ریپۆرتاژێك بوو لەسەر دارستانێکی سێو کە هەموو سێوەکانی سپیکرابوو، هیچیترمان نەکرد، تەنیا لەیەکترمان دەڕوانی، دەمنادەمێ بزەیەکمان دەکرد، نەدەدواین، یان بەلایەنی کەم وەکی خەڵکی ئاسایی نەدەدواین، ناخمان پڕ بوو لە رستەی رەنگاڵەیی.. یەکەم قسەی کە من کردم ئەوە بوو کە گوتم: باوەڕ ناکەم .

گوتت: چی باوەڕ ناکەیت..؟

گوتم: لە ئاهەنگەکەدا باوەڕم وابوو هەرگیز ناتوانم تۆ لە تەنیشت خۆمدا ببینم .

گوتت: بەڵام من دەمزانی هێزێك هەیە دەتوانێ ئەو کەسانە بەیەکتری بگەیەنێ کە بۆ یەکتری و لە پێناوی یەکتری لە دایکبووینە.. باوەڕ دەکەم سەرچاوەی ئەو هێزەیش عەشق بێت.

هەندێ قسەی تری لەو بابەتانەمان کرد، کات گەیشتە سەر ئەوەی دەبووایە دەستم بە دەستت بکەوێ.. ئاخر لە ژوورێکی چۆڵ و هۆڵی لەو شێوەیە کەسێ هەیە بەرامبەر ئەو هەموو تەوژمی فەنتازیا و هزرینی رەنگاوڕەنگ و مەراقە کپبووانە خۆی بۆ بگیرێ..؟ لەوەش کاریگەرتر بۆنی ئەو سێوە تێنووانەبوون کە لە دارستانێکی تێنووەوە دەهات.. ئایا ئێمە لەناو دارستانی سێوی تێنوودا رۆنیشتبووین؟

نەمزانی بە چ رێگایەك دەستم بە دەستت بکەوێ.. عەیب و شەرمەزاری و دابەزین بوو لە بورجی عاج هەروا زوو پەلامارت بدەم، چونکە یەکەمین دانیشتنی لەو



جۆرە دەکرێ وێنەی هەڵە درووستبکا.. چی بکەم باشە؟ ئاوا لە دڵەوە پرسیارم لە خۆم دەکرد .

دێتەوە بیرت کە پێمگوتی: من مەرجت لەگەڵ دەکەم کە تۆ دەبێ پێشتر دەستی من بگری..؟

تۆ گوتت: منیش مەرج دەکەم کە تۆ دەبێ پێشتر دەستی من بگری..

من دەبووایە رێگایەك ببینمەوە، بۆ ئەوەی لەو مەرجەدا سەرکەوم، بیرم کردەوە باشترین رێگا ئەوەیە کە دیواری شەرم و سنوورەکانی سووربوونەوە لە یەکتری بڕوخێنین و ببین بە دۆست.. تا دوو کەس نەبێتە دۆستی راستەقینە ئەو دیواری شەرم و نهێنی پاراستن و، شاردنەوەی چیرۆکەکانی ژیان هەر دەمێنێتەوە.. دەبووایە فێڵێکت لێبکەم بە زووترین کات گرێ و خەمەکانی دڵی خۆت بۆ من بکەیتەوە، دەبووایە وابکەم بگرییێت، ئینجا بە سانایی سەردەخەیتە باوەشم نەك دەست بخەیتە نێو دەستم، منیش لە مەرجەکەمدا سەردەکەوم .

لێم پرسی: ئەو رۆژەی کە لە زانکۆ لە ژێر درەختە قژ رووتاوەکە یەکترمان بینی، گوتت ( من نیو ژنم ).. تێنەگەیشتم ( نیوژن ) چ چەمکێکی هەیە ؟

نەختێ رەنگی رووخسارت گۆڕا، لەگەڵ ئەوەشدا گوتت: چیرۆکێکی درێژە .

گوتم: من لە زاراوەکە تێناگەم، نیوژن.. واتە: ژن و ژنیش نا ؟

گوتت: واتە شووم کردووە بەڵام لەگەڵ پیاوەکەدا نەخەوتووم..

من لەو چیرۆکەی تۆ ئاگاداربووم، لێم ببوورە کە پێم دووبارە کردیتەوە، بەڵام دەمویست لە دەمی خۆت راستییەکانم گوێ لێبێت لە لایەك و، دەشمویست لەو مەرجەمدا لێت ببەمەوە..

گوتم: چۆن دەبێ شوو بکەیت و لەگەڵ پیاوەکەدا نەخەویت..؟ ئەی بۆچی شووت پێکرد ؟

گوتت: غەڵەتی ژیان بوو .

پرسیم: خۆشتدەویست، بەر لەوەی شووی پێبکەی؟

گوتت: نەخێر؟

گوتم: بە زۆر بە شوویان دای؟

گوتت: نەخێر.

پرسیم: ناشرین بوو؟

گوتت:  نەخێر.

من درامای کەڵەکەبوونی حوزنم لە رووخسارتەوە دەدیت، دەمزانی ئێستا چ ئاگرێك لە نێو سینەتدا هەڵایساوە، بەڵام دەمویست هێشتا ئاگرەکە گەورەتر بێ تاکو بگریت، گریانێك کە تا ئەو کاتە لەبەرامبەر هیچ کەسێکی تر بەو جۆرە نەگریابیت.. دەمویست وات بەسەر بێنم گلەیی بکەیت، گلەیی لە خۆت و گلەیی لە چارەنووسی خۆت، لە مرۆڤەکانی دەوروبەرت، لە سەرزەمین.. گلەیی بکەیت هەتا لە خوداش..

من پرسیمەوە: ئەی بۆچی رێگات نەدا لە نیو ژنیەوە ئازادت بکا و بتکا بە ژنێکی تەواو؟

بە خەفەتێکەوە گوتت: من نەبووم کە رێگام نەدا، بەڵکو ئەو خۆی بوو کە نەیدەویست رزگارم بکا؟

پرسیم: چۆن؟ ئایا نەیتوانی بە زاوا بێ؟ واتە کێشەی سێکسی هەبوو؟

گوتت: نازانم، بەڵام هەر بەلاشمەوە دانەهات..

پرسیم: ئەی بۆچی تۆی خواست..؟

لێرەوە دراماکە گەیشتە ترۆپك و ئیدی ئۆقرەت نەما.. بە هەندێ نیگەرانی و خەفەتەوە دەستتکرد بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە..

خۆ ئەگەر لە شوێنێك لە شوێنەکانی ئەو گێڕانەوەیە هەڵەمکرد، یا زێدەڕۆیی و درۆم کرد، ئەوا دەتوانی ئاگادارم کەیتەوە بۆ ئەوەی دەستکاری چیرۆکەکە بکەینەوە و شێوەی راستەقینەی خۆی پێببەخشین..

تۆ گوتت: من هێشتا چواردە ساڵان بووم، خەریکی خوێندن بووم، داخوازیم هات، ئەوەی کە هاتبووە داخوازیم کوڕێکی جوان بوو، زۆریش جوان بوو، ئەگەرچی زیاتر لە



دە ساڵێش لە من گەورەتر بوو، بەڵام هەرگیز پێیوە دیار نەبوو.. من رازی بووم شووی پێبکەم..

لەماڵەوە پێیانگوتم: کچم تۆ هێشتا بچووکی، نە کاتی شووکردنتە و نە دەشتوانی لە دووری ئێمەدا ژیانێکی خۆش و بەختەوەرت هەبێ.. بەو بچووکییە برۆیت و لە دوورە وڵاتی بەبێ خزم و کەس و کاری خۆت ئایندەیەکی خراپت دەبێ..

نازانم چی بوو، من هەر پێم داگرت لەسەر رازیبوونم.. لە لایەك پێم وابوو کە دەگەمە ئەوروپا ژیانێکی خۆشم دەبێ، لە لایەکیتریش کوڕێکی جوان هاتۆتە داخوازیم، سەرباری ئەوەیش لەو کۆمەڵگایەی خۆمان بێزار بووم.. ئەنجام ئەوە بوو شووم بەو کوڕە کرد..

شەوی یەکەم لە هوتێل ماینەوە، ئاسایی هات، خۆی گۆڕی و نوست..  شەوی دووەم لە قامیشلی لە ماڵی خاڵی ئەودا ژوورێکیان داینێ.. شەوەکەی خۆی گۆڕی و نوست.. من لام ئاسایی بوو، چونکە تا ئەو کاتە نەمدەزانی شووکردن چۆنە و رێساکانی چین.. چەند شەوێك لای ماڵی خاڵی ئەو مامەوە، ئەو خۆی چەند رۆژێك بۆ کاروبارەکانی من چووە دیمەشق، لەوێ کە کارەکانی تەواو کرد، گەڕایەوە منی لەگەڵ خۆیدا برد، کە گەیشتینە ئەڵمانیا، بە هەمان شێوە خۆی گۆڕی و ڕووی خۆی وەرگێڕا و نوست.. ئەو خۆ گۆڕین و خەوتنەی ئەو ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی نائاسایی بوو ئەوە بوو کە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ من نەدەدوا.. پێویستییەکانی خۆشی بە خۆی جێبەجێ دەکرد.. چێشتی لێدەنا و دەیخوارد.. هیچ وشەیەکی لەگەڵ مندا نەدەگوت.. هەفتەیەکمان بەو شێوەیە گوزەراند، فێری هەندێ شتی کردم چۆن پێداویستییەکانم دەکڕم و چۆن دەتوانم خۆم، خۆم بەڕێوە ببەم.. لەو کاتانەدا دراوسێیەکی کرمانجم ناسی کە پیرەژنێکی زۆر باش بوو، رۆژانە جاروبار لەگەڵم دەدوا.. هەمیشە پرسیاری ئەوەی لێدەکردم کە من چیدەکەم لە ماڵی ( محەمەد ) ؟

منیش دەمگوت: من هاوسەری ئەوم..

ئەو بە سەرسوڕماوییەوە لێمی دەڕوانی و هیچیتری نەدەگوت و بابەتەکەی وەردەگێڕا..

پاش هەفتەی یەکەم، محەمەد دەڕۆیشت، ئیدی شەوەهای شەو تەنیا جێیدەهێشتم.. نەمدەزانی بۆ کوێ دەچێ و چی دەکا و بۆچی نەك بە تەنیا لەگەڵم نانوێ، بەڵکو هەر لەگەڵیشم نادوێ، تەنانەت تەماشاشم ناکا.. لەوەیش خراپتر هەستمدەکرد بێزی لە بۆنی جەستەی من دەبۆوە، رکی لەبینینم هەڵدەستا و تووڕەیی داگیریدەکرد.. جارێکیان بە گریانەوە لێم پرسی: بۆچی دەڕۆیت و جێم دەهێڵی؟ دەکرێ پێم بڵێی تۆ چکارەی؟ بۆ کوێ دەچیت؟

ئەو بە بێزارییەکەوە وەڵامی دامەوە و گوتی: لە مۆدە کاردەکەم، پێویستە لەوێ بمێنمەوە..

ئەو جێی دەهێشتم و منیش لەنێو فرمێسکە هەڵوەریوەکانی خۆم رۆدەنیشتم، من لەگەڵ تەنیایی و خەمە ناکۆتاکانی خۆمدا رادەکشام و چیرۆکی پڕ لە خەفەت و حەسرەتی خۆمم بۆ برینەکانی رۆحی خۆم دەگێڕایەوە..

من بە هاوکاری ژنە کرمانجەکەی دراوسێمان چوومە کۆرسی فێربوونی زمان.. وردە وردە هەندێ شتی رۆژانە فێردەبووم، کە لە ماڵەوە تەلەفۆنیان بۆ دەکردم، دەمگوت: زۆر باش دەژیم، محەمەد زۆر رێزم لێدەگرێ و.. بەڵام ئێستا لە کارە.

کە تەلەفۆنەکەم دادەخست لە پرمەی گریانم دەدا.. بۆچی پێویست بوو من راستییەکان بشارمەوە؟ ئاخر نەدەبوو راستییەکان وا زوو بدرکێنم و ئەو بەسەرهاتە رەشەیان بۆ باسبکەم، من خۆم بەو رازی بووم، کەچی ئەو لە یەکەمین رۆژەوە تا ئەو کاتە تەنانەت دە رستەش چییە بۆ منی هەڵنەدابوو..

ئەو کاتانەی کە لە ماڵ نەبوو، جارناجارێ تەلەفۆنێك دەکرا، دەنگی پیاوان بوو، دەیانپرسی: محەمەد لە ماڵە؟

من بە ئەڵمانییەکی خراپ وەڵامم دەدانەوە: نەخێر، لە مێژە، چەند شەوێك دەبێ نەهاتۆتەوە ماڵ..



ئەوان دەیانگوت: سەیرە! ئەی بەڕێزت کێی و چی دەکەی لە ماڵی ئەودا؟

من دەمگوت: ژنیمە ..

ئەوان بزەیەکیان دەکردو دەیانگوت: نەمانزانییە محەمەد ژنی هێنابێ، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاست دەکەین خانمی بەڕێز .

محەمەد لە چەند شەوێکدا جارێ دەردەکەوت.. کە دەریش دەکەوت، دەهاتەوە ماڵ، سەرەتا دووشێکی دەکرد و نانێکی بۆ خۆی ئامادە دەکرد و دەیخوارد، ئەگەر ئەو شەو لە ماڵ بمابوایەوە، من تاکو بەیانی لە تەنیشت قەروێڵەکەدا لەسەر عەرد دادەنیشتم و سەرم دەخستە نێوانی چۆکەکانم و دەگریام، هێندە دەگریام تا فرمێسکی چاوانم هەمووی هەڵدەوەران.. هەستمدەکرد ئارەزووی بۆنی جەستەی من ناکا، هەستمدەکرد ئەو دەیەوێ ئێستا من لەبەرامبەریدا رەشبکرێمەوە، بەڵام نازانم بۆ نە هیچی دەوت و نەهیچی دەدرکاند؟

ئەو گوێی لە گریانی من نەدەگرت، زوو زوو دەخەوت و بەیانی کە دەیدیت من هێشتا وام لەنێو گریاندا، بە تیغی چاوانی لێمی دەڕوانی و دووشێکی دەکرد و دەڕۆیشت.. یانیش جار وابوو هەر ئێوارەکەی پاش دووش و خواردن، دەڕۆیشت و ئیدی دوای چەند هەفتەیەك بەهەمان شێوە دەردەکەوتەوەو هەمان چیرۆك دووبارە دەبۆوە.. ئەوەی کە تا ئەو کاتە منی بە زیندوویەتی هێشتبۆوە ژنە کرمانجەکەی دراوسێم بوو..

رۆژێکی لە نکاو، محەمەد گەڕایەوە ماڵ و گوتی: خۆت ئامادەکە..

منیش خۆم ئامادەکرد..

گوتی: سەفەرێکی ئوسترالیام لە پێشە، لەوێ دەبێ نمایشی مۆدە بکەم.. رەنگە زۆرم پێبچێ.. بۆیە من ئەو ماوەیە دەتگەڕێنمەوە لای ماڵی خاڵم لە قامیشلی، ئەو کاتەی کە دەگەڕێمەوە خۆم تەلەفۆنت بۆ دەکەم بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە..

منی بە فڕۆکەیەك ناردەوە سوریا، لەوێ پێشوازیان کردم و ماوەیەکی باش مامەوە، ناوە ناوە پەیوەندیم بە ژنە کرمانجەکە دەکرد.. تا رۆژێکیان بەوپەڕی

خۆشحاڵییەوە گوتم: زۆر غەریبیت دەکەم، هەر کاتێ محەمەد لە ئوسترالیا بگەڕێتەوە، منیش دەگەڕێمەوە لای تۆ، بەڕاستی تۆ بۆ من هەمیشە وەکو دایکێك وابووی .

ئەو پێی سەیر بوو کە گوتم: محەمەد لە ئوسترالیا دەگەڕێتەوە.. ئایا بۆچی پێی سەیر بوو؟

ژنە کرمانجەکە، نەختێ وەستاو گوتی: محەمەد کوانێ چۆتە ئوسترالیا؟ هەر کە تۆ ڕۆیشتی وەکو جارانی لێهاتۆتەوە، ناوە ناوە لەگەڵ برادەرەکەی دەگەڕێنەوە ماڵ و هەمان بەزم و ڕەزمی جارانیان دووبارە دەکەنەوە.. من قوڕگم پڕبوو لە گریان، ئیدی زانیم لە خۆڕایی نییە ئەو هەموو عەزابەی من..

دەگریام و بەدەم گریانەوە تەلەفۆنم بۆ ماڵی محەمەد کرد، خۆی وەڵامی تەلەفۆنەکەی دامەوە و گوتی: بەسە توانای تۆم نەما، بۆچی ئازارت بدەم، وەك چۆن منیان ئازاردا، بە زۆر ژنیان بە من هێنا، ئەگینا من هەرگیز نەمدەویست تۆ بەو شێوەیە ئازاربدەم.. تۆیش وەکو دایکم و خوشکم و هەموو ژنێکیتری ئەو دنیایە تەنیا بۆنی تارمایی و مەرگت لێدێ، من ناتوانم تەنانەت چرکەساتێکیش چییە لەگەڵ تۆدا ژیان بگوزەرێنم، ئیدی ماڵئاوا.

من لەبەری پاڕامەوە، گریام، خۆم بە قوربانی کرد، پێمگوت: من هیچم لە تۆ داوا نییە.. بەو ژیانە ڕازیم کە ئێستا تێیدام، قەینا با پێچەوانەی هەموو کچانی دنیا من هەر (نیو ژن) بم، هەرچی تۆ داواتە من ئەوە دەکەم، بەس ڕێز لە حەیا و ئەخلاقی من بگرە، ئەگەر بگەڕێمەوە ولاَت چیم بەسەر دێ؟ چۆن جورئەت دەکەم لە خەڵك بڕوانم؟ کێ جارێکیتر بە چاوانی مرۆڤەوە لێم دەڕوانێ؟

دوا قسەی ئەو ئەوە بوو کە چاوەڕوانی تەلاَقنامە بکەم .

من بە گریانەوە تەلەفۆنم بۆ ژنە کرمانجەکە کرد، هەموو ڕووداوەکانم بۆی گێڕایەوە و پێمگوت: ئەی بۆچی منی دەهێنا کە ژنی هەبوو؟ من تاوان و گوناحم چییە؟ بۆچی خودا ئاوای بەسەردا هێنام؟ ئایا من چ خراپەیەکم بۆ دنیا هەبووە؟



ئەو هەوڵی دەدا هێورم بکاتەوە، لە کۆتایی قسەکانیدا گوتی: کچم باش بوو لە شەڕی ئەو بێدینە ڕزگارت بوو، من پێم سەیربوو کە کچێکی جوان و عاقڵی وەکو تۆ شووت بەو بێدینە کردبوو، ئەو لەمێژە برادەری پیاوی هەیە، دەزانی یانی چی برادەری پیاو؟ مێردەکەت مێردی هەیە..

من لەو کاتەدا ڕۆح لە جەستەمدا نەما، ئیدی زانیم خودا غەزەبی لێگرتووم، ئیدی زانیم کە ژیانم بەرەو کۆتایی چووە، کە گەڕامەوە چەند جارێك هەوڵی خۆکوشتنی خۆمم دا، بەلاَم کاتێ خودا غەزەب لە یەکێك دەگرێ ڕێگای پێنادا بشمرێ..

تۆ پاش گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە هۆن هۆن لە بەرامبەر مندا دەگریایت.. گۆنات پڕبوو لە دڵۆپی کریستالاَوی، ئاگادار نەبووی کە نەك هەر دەستت لەناو دەستی من دانابوو و دەتگوشی، بەڵکو سەریشت لەسەر سینگم دانابوو، منیش مەرجەکەم لەبیر نەمابوو، بەڵکو قژتم بۆندەکرد و ماچم دەکردی، بۆنی سێو لە جەستەتەوە وەکو تەمی بەیانیان ڕوو لە ئاسمان و خودا بەرزدەبۆوە، لووتم پڕ بوو لە بۆنی سێو، دەستەکانم پڕبوون لە بۆنی سێوی سپی، فرمێسکەکانتم دەسڕییەوە و بە حەسرەتەوە پێم گوتی: مەگریە، تۆ ئێستا لە باوەشی یەکێکی کە دەزانێ تۆ کێی! تۆ درەوشانەوەیەکت تێدایە لە هەموو ژنەکانی گەردوون ئەو درەوشانەوەیە نییە.. من خودا لەناو تۆدا دەبینم.. تۆ کچی ئاسمانیت، نەك هی سەر ئەو عەردە جەنجاڵ و پڕ لە شەیتانە.. هێدی هێدی یەکترمان گوشی، توند توند، وەکو ئەوەی بمانەوێ بچینە ناو یەکترییەوە، وەکو ئەوەی بمانەوێ لەناو یەکتریدا بتوێینەوە، تۆ دەگریایت و منیش چاوەکانتم بە لێوەکانم دەسڕییەوە، تۆ دەگریایت و منیش لەگەڵ تاڵ تاڵی پرچت گەمەم دەکرد، تۆ دەگریایتو من چاوەکانتم ماچدەکرد، تۆ دەگریایت و منیش دڵۆپە کریستالاَوییەکانی سەر گۆناکانتم ماچدەکرد، تۆ هێشتا هەر دەگریایت کە من لێوم خستە سەر لێوەکانت، تۆ هێشتا هەر بە کوڵ و مەراقەوە دەگریایت کە من لێوم بە لێوەکانتەوە داخشاند.. تۆ هێششتا هەر دەتویست بگریت کە من زمانم لەنێو دەمت دابوو، تۆیش وردە وردە زمانت بزواند، ئەو جارەیان بەدەم گریانەوە بزەت کرد.. منیش..

هەردووکمان بەدەم بزەکردنێکی جددییەوە و بە چاوانی داخراوەوە زمانی یەکترمان دەمژی.. سەرەتا لێنەگەڕای بە لێوەکانم گەززە لە سێوە تێنووەکانی سەر سینەت بدەم، لێنەگەڕای دەست لە مەمکەکانت بدەم.. دواتر ئاگات لە خۆت نەما و لێگەڕای، کۆنترۆڵت نەمابوو بۆیە ڕێگات پێدام..من لێوم لە گۆپکەی مەمکەکانت گیرکردبوو، ئایا دەمویست ئەو سێوە سپیکراوانە بیانخۆم؟ من بۆنم کردی، بۆنی سەرتاپای جەستەت، خۆ بەڕاستی بۆنی سێوت لێدەهات، ئێستایش کە ئەو نامەیە دەنووسم خەریکە بۆنی سێو گێژم دەکات..

دێتەوە بیرت، یا هێشتا بڕۆم بۆ ئەوەی بە تەواوی بێتەوە یادت..؟

نیوەڕۆ بوو حەزت نەدەکرد بڕۆین.. حەزت نەدەکرد سەرت لە باوەشما بپچڕێنی.. حەزت نەدەکرد مەمکەکانت لە پەنجەکانم دابڕێنی.. حەزت دەکرد هێشتا بۆنت بکەم، حەزت دەکرد هێشتا بۆنی ئەو جووتە سێوە بکەم کە ئێستا حەسابوونەوە و تێنوویەتیان شکابوو..

تۆ گوتت: ناڕۆم.. باوەکو بە نەڕۆیشتنم گەردوونیش بە کۆتایی بگات..

من بە لێوەکانم وەڵامم دایتەوە، تۆ تێگەیشتی حەزم نەدەکرد بەو شێوەیە بەڕێت بکەم.. هەوەسم بوو تا هەتایە هەر لە باوەشما بمێنێیتەوە.. بەڵام نەدەبوو، خۆ تۆ دەتزانی لەبەر چی..!

من بە نهێنی دەرگاکەم ئاوەڵاکرد، بەر لە هەر شتێ ئاسمانم دیت.. بەو نوێژی نیوەڕۆیە هەزارەها ئەستێرەم دیت خاچیان لە چاواندا هەڵدەوەری.. فرمێسکیان هەڵدەوەراند و پێیان وابوو نابێ ئێمە لە یەکتری دابڕێین.. من ئەو کاتە حەزم نەکرد ئەو نهێنیەت بۆ بدرکێنم، مانگم دیت سەری خستبووە نێو چۆکەکانی و لێزمە لێزمە شیعری هەڵدەوەراند.. حەزینەدەکرد تۆ بە ڕێگایەك و منیش بە ڕێگایەکی تردا هەنگاوی لێکترزان و لێك دوورکەوتنەوە داگیرسێنین.. لە هەموو ئەوشتانەیش سەیرتر من ڕۆشنایی و باق و بریق و تریسکانەوەی ئەستێرە و مانگم لێدیاربوو بەو نیوەڕۆیە کە تا چ ڕادەیەك پڕبوون لە مۆرفیمی خودایی و هەزارەها ڕستەی نامۆیان بۆ



نووسیبووین.. ڕستەیەك کە بە گڕ نووسرابوو لەنێو دوو مانگیش دانرابوو ئاوابوو (خۆشەویستی تەنیا پردێکە بۆ ئەوەی لە قۆناغێکی تەمەنەوە بمانگوازێتەوە قۆناغێکی تر).. ڕستەیەکی تر کە بە تیشك نووسرابوو ئاوابوو (دوای هەموو ئاوێزان بوون و ئاوێتە بوونێك، لێکترازان هەیە).. لە ڕستەیەکیتردا کە بە خەتی تاریکی نووسرابوو ئاوابوو (هەموو ڕێگایەك سەرەتاییێکی هەیە و کۆتایش، بەڵام گرینگ ئەوەیە لە ڕێگاکەدا پێبکەنی.).. زۆر بوون ئەو ڕستانەی کە لە ڕووپەڕی ئاسمان نووسرابوون، ئەستێرەکانیش ڕێزی زۆریان هەبوو.. جاروبار کڕنۆشیشیان دەبرد لە پێناوی ئەوەی هێشتا بۆ تاوێکی تر لە ئامێزی یەکتریدا گۆرانی بۆ جوانییەکانی گەردوون بچڕین.. بەڵام ئاساییە کە بڵێین بۆ هەمیشەیی یاساکانی عەرد و ئاسمان لە یەکتری جیان.. عەرد عەقڵە و ئاسمانیش ڕۆح.. ڕۆح خۆشترە و عەقڵیش باشتر..

گیانی من، نەمویست ئەو کاتە پێت بڵێم: کێشەی گەردوون کێشەی نێوانی ڕۆح و عەقڵە.. کێشەی نێوانی خۆشی و باشییە..

من کە بە نیوەڕۆ ئەستێرەکانم لە ئاسمان دیت ڕۆشناییان دەدا، نووری ڕووخساری خوداوەندیشم دیت، ئایا ئەوە تۆ بووی کە لە پشت ئەستێرەکانەوە نوورت دادەباراند، گوڵ و خوناو و بۆنی سێوت هەڵدەوەراند؟ ئەوە تۆ بووی دەتگوت داوێك هەیە لە نێوانی عەرد و ئاسمان و لە نێوانی خۆشی و باشی و لە نێوانی عەقڵ و ڕۆحیشدا؟

گیان دڵم نەدەهات وەڵامت بدەمەوە، ئەگینا خۆ دەمتوانی بڵێم: عەقڵ واتە تەڵبەندکردنی ئازادییەکانی مرۆڤ.. عەقڵ واتە کوشتنی سەفا و ئومێد و بەختەوەری.. تێمبگە گیانی من، من باس لە بێعەقڵییێکی ڕەها ناکەم کە هاوڵاتیانمان تێی گلاون، من لە ناعەقلانیەتی دوای تێپەڕاندنی قۆناغی عاقڵبوون دەدوێم.. واتە لە دوای عاقڵبوون بە دوای ناعەقلانیەتێکدا بگەڕێی کە تەنیا بۆ خۆت و خودی خۆت ناعەقلانیەت بێت..

بەهەرحاڵ من بە عەقڵ هەڵسوکەوتم دەکرد، تۆیش بە بێعەقڵی، دەزانی بۆ؟ چونکە پێویستت بە بەختەوەری و سەفابوو، کەچی ئێستا لە کاتی نووسینی ئەو

نامەیەدا من بە بێعەقڵی هەڵس و کەوت دەکەم و تۆیش بە عاقڵی چونکە من پێویستم بە تۆیە و تۆیش پێویستت بە عەقڵە تا بە هۆیەوە لە ئامێزی مێردە خۆشەویستەکەت دانەپچڕێی..

من نامەوێ هەموو ئەو ڕووداوانەت بێنمەوە یاد کە بەڵگەن بۆ نیشاندانی لاوازی عەقڵی تۆ لەو قۆناغەدا، مەبەستم لەو قۆناغەیە کە عاشقم ببوویت.. عاشقیش نا، تۆ خۆت دەتگوت وشەیەك کە زیاتربێ لە عەشق و عاشقبوون، شێبوونیش نەبوو، چونکە دەتگوت وشەیەکە هێشتا مرۆڤایەتی داینەهێناوە، ئەوانەی سەرەوە قسەی خۆتن، هەرچۆنێ بێ لەو قۆناغەدا من دەمزانی خودا لە نێو مندایە، لەسەر ڕێگاکانی مندایە، لەناو ماڵی مندایە، لەنێو گلێنەکانمدا دەدرەوشێتەوە.. بۆیە تۆ بە لاوازی و ناعەقلانی هەڵس و کەوتت دەکرد..

جارێکیان بە دوای ماڵی مندا گەڕابوویت و نەتدۆزیبۆوە، لێم پرسیت دەتویست چیبکەیت؟ لە وەڵامدا گوتت حەزمدەکرد لەنێو ژووری نووستنی تۆدا و لەسەر قەروێڵەکەی تۆدا خۆم بتەقێنمەوە .

من پێکەنیم، لێم مەتۆرێ زۆر زۆریش پێکەنیم، هێندە پێکەنیم تا زگم هێشا، دەزانی بۆ؟

لە دڵەوە گوتم: خۆ تەقاندنەوە هەندێ زێدەڕۆیی تێدایە، بەڵام ئازا و بوێر و مەردبە کە شووت کرد بە دزی مێردەکەت وەرە باوەشم.. نەخێر گیانی من خۆت مەکوژە، ئازابە کە شوو دەکەی مەمکەکانت بە دەست بگرەو لە نێو دەوی منیان بئاخنە، ئەوەیە وەفا، نەك خۆ تەقاندنەوە لە نێو ژووری نووستنی مندا و لەسەر قەروێڵەکەی مندا.. هەر ئەو کاتە بوو کە زانیم تۆ پایزی، تۆ زستانی، بۆ ئەوە هاتووی تا من بوەرێنی، تا من لەنێو سەرما و زریانی بیرەوەریەکاندا بتەزێنی.. بۆچی نایێی لە پەنجە تەزیوەکانم و لە دڵی وەریوی من بڕوانی؟

ئێستا تۆ لە ئامێزی مێردەکەتدای.. شەوانە پەنجەکانتان تێکدەئاڵێنن و ماچە سپییەکان دەگۆڕنەوە، هێندە ماچی دەکەیت وەکو ئەوەی بەر لە لێوەکانی ئەو تامی



هیچ لێوێکی ترت نەکردبێ.. دەچیتە باوەشی و سەر دەخەیتە سەر سینگی، وەکو ئەوەی پێشتر سەرت نەخستبێتە سەر هیچ سینگێکی تر.. دەچیتە ژێریی و وەکو کەروێشکێکی دەستەمۆ خۆت مت و خامۆش دەکەیت وەکو ئەوەی نەچووبیتە ژێر هیچ کەسێکی تر.. لەوەش خراپتر ئەوەیە کاتێ کە پێی دەڵێی: من نازانم چۆن گوزارشت لەو هەستە بکەم کە بەرامبەر بە تۆ هەمە.. باوەڕناکەم وشەی خۆشەویستی وشەیەکی لە جێ بێ بۆ ئەو هەستەی من، چونکە لە سەرووی وشەی خۆشەویستی وشەیەکیتر هەیە، ئا من ئەو هەستەم هەیە بەرامبەر بە تۆ..

تۆ ئێستا بەو شێوەیە لەگەڵ مێردە خۆشەویستەکەت دەدوێی، وەکو ئەو ئەوەی پێشتر لەگەڵ هیچ کەسێکیتر ئاوا نەدوابی.. بەڵام من لێم دیارە تۆ ناتوانی من لەنێو زاکیرەی خۆتدا ڕەشبکەیتەوە، چونکە من لەناویدا هەڵکۆڵراوم، من بە قووڵی لەناویدا هەڵکۆڵراوم، تۆ ناتوانی من لە ڕۆحی خۆتدا ڕەشبکەیتەوە، چونکە من ڕۆناکییەکی هەمیشە هەڵگیرساوم لەناویدا..

دەزانم بیری من دەکەیتەوە و لەناو یادەوەری تۆدا شوێنێکم هەیە، دەزانم کە لە شەوێکی تاریك و دەیجوور و ئەنگوستەچاودا دەچیتە باوەشی ئەو، وا هەست دەکەیت لە باوەشی مندایت، کە لە دەمووچاوی بێزاکەری ئەو دەڕوانیت خەیاڵ دەکەیت کە ئەوە دەموچاوی منە.. من دەزانم تۆ ئێستا بیر لە من دەکەیتەوە، جارێکیان خۆت گوتت: ئێمە گەر یەکتریش نەبینین و لەگەڵ یەکتریش نەدوێین بەو شێوە واقعیەی کە هەیە ئاساییە، چونکە ئێمە بەیەکتر گەیشتنی ڕۆحیمان هەیە، ئێمە دیالۆگی ڕۆحیمان هەیە، ئێمە لەوێ لە ئاسمان دادەنیشین و حیکایەتی خواو زەمین بۆ خۆمان دەکەین، من دەگەڕێم لەناو وشەکانتدا تۆ دەدۆزمەوە، لەناو لاپەڕەی گۆڤارەکان، لە هەموو شوێنێ بە دوای تۆدا دەگەڕێم..

من بۆ ئەوەی وردە وردە و بە هێمنی خۆم بە تۆ بناسێنمەوە پێویستە تەحەدا نەکەم و وەکو بومەلەرزە و لافاو هەڵنەچم، چونکە بە هەڵچوونم هەموو شتەکان ڕووت دەبنەوە و تۆیش زوو دەمناسیتەوە و چیرۆکەکەشمان کۆتایی پێدێ، بەڵام نا من باسی

ئەو رۆژەت بۆ دەکەم کە لەبەرم دەپاڕایتەوە و دەتگوت با بڕۆین، با ڕوو لە یەکێ لە ولاتە دوورەکانی دنیا بکەین، لەوێ ئیدی لە ماڵەوە دانیشە و شیعر بنووسە، تۆ پێویست نییە بچیتە دەرەوە، من دەچم بازاڕدەکەم، کاردەکەم، خۆم دووشت بۆ دەکەم، وەکو منداڵێك کە لە من لە دایکبووبی ئاوا خزمەتت دەکەم، من پێدەکەنیم و دڵخۆش دەبووم کە کەسێکی بەو شێوەیە دڵسۆز هەبێ بۆ من لە ژیان، رەنگە پەیوەندی بە خۆسەپاندنی منیشەوە هەبووبێ، لە لایەکی ترەوە..

جارێکیان پێم گوتی: هێندەم خۆشدەوێی کە خەریکە خۆشەویستی و مەراقم بۆ تۆ، بمگەیەنێتە حاڵەتی شێتبوون، ئەگەر شێتبووم و لە کووچەیەك یا کۆلانێ یا قەرەباڵغی نێو سەنتەرێ منت دیت و تۆیش دەستت لەنێو دەستی مێردە خۆشەویستەکەتدابوو، هەوڵدە رەحمت بێ و بزەیەکم بۆ بکە..

تۆ گوتت: من هەرگیز شوو ناکەم، هەموو پیاوانی دنیا بە لایەك و تۆیش بە لایەك.. دواتر گەر تۆ بە شێتی لە شەقامێکدا ببینم دەتبەم و وەکو ئەوەی کچت بم یا دایکت ئاوا خزمەتت دەکەم..

تۆ هەست ناکەی دیالۆگی نێوانی ئێمە لە ئاگری دۆزەخ گەرمتربوو؟ ئێمە هێندە بە گەرمی گوزارشتمان لە عەشقی نێوانمان دەکرد کە دەمانتوانی هەموو جارێ لەنێو قسەکاندا جارێ یاخود چەندین جار بە هاوارەوە بگرین و فرمێسك هەڵبوەرێنین..

زۆرجار دەگریایت و بە پاڕانەوە داوای وەلامت لێم دەکرد، تۆ هەمیشە دەتپرسی: ئەوەی تۆ لەگەڵی دەژیت چی هەیە من نەمبێ؟ بۆچی تۆ بڕیارتدا لەگەڵ ئەودا بژیت؟ ئایا ئەو شتێکی لە من زیاتر هەیە، بێجگە لە شانس و بەختێکی باش.. دەبێ جیاوازی من و ئەو لە چیدا بێ گەر تەنیا ئەوە نەبێ کە ئەو کەسێکی بەختەوەرە و منیش کەسێکی بەدبەختە؟

من دەمگوت: با خۆمان بدەینە دەم رووباری چارەنووس، ئەو رێڕەوەکان باشتر دەزانێ و ئەو دەزانێ بەرەو کوێمان دەبات، ئێمە ئێستا لە چیمان کەمە؟



هەموو شتێکمان هەیە.. عەشقمان هەیە، خەونمان هەیە، جوانیمان هەیە، بەختەوەریمان هەیە، ژیانمان هەیە، دیالۆگی جدیمان هەیە، هیچ چرکەیێ بەسەرماندا تێپەڕ نابێ بێ ئەوەی بیر لە یەکتری بکەینەوە.. بەڵکو زۆر لەوەش زیاتر عاشقی یەکترین کە ژن و مێرد یەکتری بین، ئەی ئەو رۆژە لە ئێس ئێم ئێسێکدا بۆت نەنووسیبووم: ئەوڕۆ یادی هەفتەی یەکەمی شووکردنم دەکەمەوە، کراسی سپیم لەبەر کردووە و مۆمم داگیرساندووە، ئەوڕۆ دووشەممەیە و دووشەممەی رابردوو من بووکی تۆ بووم.. سلاو لە زاوا ئەبەدییەکەی من.. ئایا بەڕاستی لە دووشەممەی رابردوودا من زاوای تۆ بووم؟

هەندێجار تۆ بەدەم گریانەوە دەتپرسی، دەگریایت و دەتپرسیەوە: من چ خراپەیەکم بۆ تۆ هەبوو ئەی خودا؟ بۆچی لەسەرەتای تەمەنمەوە ئەو هەموو ئازار و خەم و ئەندێشەیەت لە من بارکردووە..؟ زۆرجار هەوڵی خۆکوشتنت دەدا، جارێکیان بە مست حەبت خواردبوو، وابزانم سەرێکیشت لە مەرگ دابوو، دوای چەند رۆژ ئینجا هاتیتەوە ناو ژیان و سەر لە نۆژەن دەستت کردەوە بە ژیان، دەزانم تۆ دەتویست مرۆڤ خۆی بڕیاری ژیان و چۆنیەتی مردنی خۆشی بدا، تۆ پێت وابوو مرۆڤ و ئیرادەی مرۆڤە کە رووداوەکان دەخولقێنێ.. دەزانم تۆ دەتویست من دەستی تۆ بگرم و بتبەم، بەرەو دوورگەیەك، بەرەو کیشوەرێکی تر و بە تەنیایی لەوێ زەمەن تێپەڕێنین، ئا.. حەزت دەکرد کچەکەی منیشمان لەگەڵ دابێت کە بە کچەکەی خۆت بانگت دەکرد..

ئێمە کە لە حەوشەکە هاتینە دەرێ و سواری ئۆتۆمبێلەکە بووینەوە، وەکو جاری پێشوو گوێمان بۆ ئەو گۆرانییە رادێرا کە جارێ بەدەم گوێ گرتن لەو گۆرانییە دەستمان لەنێو دەستی یەکتری دانابوو، سەرمان بەرزکردبۆوەو لە ئاوابوونی خۆرمان دەڕوانی.. دێتەوە بیرت تێکستی ئەو گۆرانییە باسی لە چ دەکرد؟ حەز دەکەی بێنمەوە یادت؟ ((من ناتوانم غیابی تۆ لە یاد بکەم.. من ناتوانم خۆری رووخساری تۆ لە ژووری تاریکی رۆحی خۆم دەربکەم.. من ناتوانم لە دووری تۆدا وەرزەکان بەڕێبکەم.. رۆژەکان ئاوابکەم.. من ناتوانم.. ئاخر من ناتوانم..))

بەدەم گوێ گرتن لەو گۆرانییە دەستمان لەنێو دەستی یەکتری دانابوو، بە هەمان ئەو ڕێگایەی کە پێی داهاتبووین گەڕاینەوە گۆڕستانەکە، لەوێ باپیرمم دیت، خەریکبوو جگەرەی کۆتایی پاکەتەکەی تەواو دەبوو، کە ئێمەی دیت بزەیەکی کرد و گوتی: تەنها تاکە هێزێ کە بتوانێ مردوو زیندوو بکاتەوە یادەوەرییە، تەنها تاکە شتێ کە بتوانێ خۆشەویستی مردوو زیندوو بکاتەوە یادەوەرییە.. کوڕی خۆم دەزانم من بۆ هەمیشەیی لای تۆ زیندووم، دەبێ تۆیش ئەوە بزانی کە من هەمیشە چاودێری تۆ دەکەم و شانازیشت پێوە دەکەم کە ئاوا بەبەر چاوی من دێیت و فریشتەکان بەرەو چۆڵەوانی ڕاپێچ دەکەی .

کە لەو تێپەڕین دووپشکەکە هێشتا هەر خەریکی خاوێنکردنەوەی ژێر ددانەکانی بوو بە شمشێر، هەستایەوە و بە خەندەوە گوتی: تۆ دەبێ دەرسی پێوەدانی تەواو لایمن بخوێنی، ئەوەی تۆ کردت پەشیمانی بەدواوەیە، چونکە پێوەدانی تەواو نەبوو، یا تەواو پێوەدە یاخود واز لەو گەمەیە بێنە..

ئایا ئەوە قسەیەکی بێ مانا نەبوو؟ ئەی تۆ خۆت نەتگوت: لە دووشەممەدا من بووم بە بووکی تۆ؟ ئەی بۆچی دووپشك بەو شێوەییە کلاسیکییە دەدوا؟ ئایا ئەو ئاگاداری ئەوە نەبوو کە تۆ (نیو ژن) بوویت؟

لەگەڵ ئەوەشدا من هەڵوەستەیەکم لەسەر قسەی ئەو دووپشکە کرد، چونکە جارێ کە بە حیسابی خۆم رەحم بە فریشتەیەکی پاکیزە دەکەم دڵم نەیدەویست تەواو دەرسی ئازار و لەززەتی پێبدەم، دەرئەنجام لەبەرم رایکردو منیش بەردەوام پێکی پەشیمانیم بۆی هەڵدەلووشی، کەچی پەشیمانی هیچ ڕێگایەکت نیشان نادا بەرەو چوونەدەرەوە .

هێشتا لە گۆڕستانەکەدابووین کە دەنگی مەلایەکە هاتە بەر گوێم، بە ئاوازێکی خۆش دەیگوت: ((تازە لاوی هەمیشە لاو، لە دەورەیان دێن و دەچن، بە زەرك و بە تونگە و پیاڵە، بادەی رەوان لەسەر چاویان دەدەنێ، نە لە خومار سەریان دێشێ و نە ئاوەزیش لە دەست دەدەن))... پاش کەمێ بە پێکەنینەوە لە ئێمەی ڕوانی و بە هاوارەوە کە دەستێکی لەگەڵ بڵند کرد و بە تیغێکی چاوی چەپەشی لە گۆڕەکانی



دەڕوانی و بە عەرەبی گوتی: ((انما الحیات الدنیا لعب و ولهوا)).. لەوێش تێپەڕین و گەیشتینە بەردەم نەخۆشخانە گەورەکە، من تۆم لەسەر شەقامە گشتییەکە دانا، چاوم لێبوو شوفێری تاکسیەکان تەماشایان دەکردی بۆ زیارەت و بۆ تیجارەت، چاوم لێبوو کوڕە لێپرسراوەکان بە پرادۆ و مۆنیکا بە تەنیشتتدا تێپەڕ دەبوون، لە ئاست تۆدا هەڵوەستەیەکیان دەکرد، کە تۆ رووت وەردەگێڕا ئەوان بە نائومێدییەوە پێیان لەسەر بەنزین دادەگرت و بە حیسابی خۆیان پێیان دەگوتی ئێمە منەتمان بە تۆ نییە، هەزاری وەکو تۆمان دەستدەکەوێ، چاوم لێبوو ماتۆڕسوارەکان کە بە تەنیشتت دا تێپەڕ دەبوون، فەنتازیایان دەکرد و فیلمی هیندیان دەهاتە بەرچاو، حەزیان دەکرد لە پشتەوەی ماتۆڕەکە سوارتکەن و بە شەقامەکانی شاردا بتسوڕێننەوە گۆرانی هیندی بڵێن، سایەقی تراکتۆرەکە کە کای بار کردبوو، خەیاڵی هەر لەسەر ئەوە بوو بە باوەشی خۆی هەڵتگرێ و لەناو کای عارەبانەی تراکتۆرەکە بە رووتوقووتی درێژت بکا.. شێخێکی حەفتاساڵانی ڕدێن سپی کە لەگەڵ کوڕەکەی لە پێشەوەی ئۆپێلکی تاکسی سوارببوو بەدەم سەڵاواتەوە لە ترسی کوڕە گەنجەکەی خۆی بە دزی و بە تیغی چاوانیەوە لێتی دەڕوانی، کە لێت تێپەڕین کوڕەکەشی لە ئاوێنەکەوە تەماشای دەکردی، چونکە لە باوکی دەترسا، چونکە تۆ بۆنی سێوت لێدەهات.. من کە تۆم لەسەر شەقامەکە دانا، هەموو دنیا تەماشای دەکردی، هەتا ژنەکانیش تەماشایان دەکردی، دەزانی بۆچی؟ چونکە هەموویان لە دڵەوە تەمەننایان دەکرد خودا کەمێکی لە جوانیی تۆ بەوان بەخشیبووا.. هەموویان تەمەننایان دەکرد وەکو تۆ بۆنی سێویان لێبهاتبووایە..

من نازانم بۆچی تۆم لەبەردەم نەخۆشخانەکە دانا، بۆچی نەچووینە ناو نەخۆشخانە بۆ ئەوەی چارەسەری خۆمان بکەین، ئێ ئێمەیش پێویستیمان بە نەخۆشخانە هەبوو، دواتر کە گەیشتییەوە ماڵەوە لە تەلەفۆن پێمگوتی: باشە بۆچی ئێمە نەچووینە نەخۆشخانە؟

تۆ گوتت: گیان، ئاخر ئێمە دەبێ بچینە نەخۆشخانەی عاشقان، چونکە ئێمە سەرەتانی عەشقمان گرتووە..

ئای گیانی من هەر واش بوو ئێمە سەرەتانی عەشقمان گرتبوو، دێتەوە بیرت ئەو ڕۆژەی کە گوتم: دەڕۆم، چۆن هاوارتکرد؟ ئەی گوێت لە دەنگی کەوتنی دڵۆپە فرمێسکەکان نەبوو؟

تۆ بە هاوارەوە گوتت: بۆ کوێ؟ ئاخر لە غیابی تۆ شار بۆنی خوێن و بۆنی تاریکی و بۆنی مەرگی لێدێ..

گوتم: دەڕۆم بەرەو ئەو کیشوەری کە لێیەوە هاتووم..

گوتت: نابێ بڕۆی، بە ڕۆیشتنی تۆ گەردوون لەناودەچێ، زەمەن دەمرێ و هەتاو ئیدی ناتوانێ چاوی بە زەمین بکەوێتەوە .

گوتم: لە پێناوی تۆدا دەڕۆم، دەڕۆم بۆ ئەوەی بە یەکجاری بگەڕێمەوە وڵات.. ئێستا دەزانی بۆچی من ژیانی دۆزەخم لە جیاتی ژیان لە بەهەشت هەڵبژارد؟ تا ڕۆژی مردنت دەبێ بێتەوە یادت کە تۆ چارەنووسی مرۆڤێکت گۆڕیوە، تۆ ژیانی سەرلەبەری منت گۆڕیوە، بەڵێ من بۆ ئەوە دەڕۆیشتم کە بە یەکجاری بگەڕێمەوە.. ئێستا زانیت بۆچی من گەڕاومەتەوە؟ ئێستا دەزانی بۆچی من شەوانە بە سەرخۆشی لە شەقامەکانی ئەو شارەدا دەسوڕێمەوە و بۆ ترپە ترپی ڕژانی خوێنی دڵی خۆم دەگەڕێم؟

ئەو کات تۆ گوتت: نابێ بڕۆی، گەر دەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە، بمکوژە ئینجا بڕۆ، یاخود لەگەڵ خۆتدا بمبە و ئینجا بڕۆ، گرینگ نییە چۆن دەمبەیت، حەز دەکەیت لەناو باوەشی خۆت حەشارمدە، یا بمکە حەڵقەیەك و لە پەنجەیەکتم بکە و ئینجا بڕۆ، ئارەزووی خۆتە چۆن دەمبەیت، لەناو جانتاکەتم بنێ، دەرگاکانی زەمینی بیرکردنەوە لەو کیشوەرە کلۆمدە و بمبە، یاخود لە پێکێکی شەرابدا هەڵملووشە و بمبە.. دێتەوە یاد کە گریایت و بە دەنگە خۆشەکەت ئەو گۆرانییەت بۆچڕیم: ((من ناتوانم غیابی تۆ لە یاد بکەم.. من ناتوانم خۆری رووخساری تۆ لە ژووری تاریکی ڕۆحی خۆم دەربکەم.. من ناتوانم لە دووری تۆدا وەرزەکان بەڕێبکەم.. ڕۆژەکان ئاوابکەم.. من ناتوانم.. ئاخر من ناتوانم..))



شەوێکی درەنگ بوو، من لەگەڵ شاعیرێکی عاشق بە ئێستەتیك و سەفا و راستگۆیی لەنێو سەیارەکەدا بە سەرخۆشی گوێمان بۆ ئەو گۆرانییە ئورفاییە رادێرابوو کە شیعرەکەی دەیگوت: ((با لە کاتی مەرگمدا کچەکان دارەبازەکەم بخەنە سەرشانیان و بە خاکەناسی زیڕ گۆڕم بۆ هەڵکەنن)) من سەرلەنوێ وەکو چەندین شەوانی بەر لە ئێستا دەستمکردەوە بە گێڕانەوەی ئەو عەشقە نمونەییەی کە ئێمەی بەیەکترییەوە بەستبۆوە.. دوای قەتیس مانی چەند دڵۆپە فرمێسکێك لە چاوەکانمدا بەدەم گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە زەنگم بۆ لێدای، دەزانی دوای من کێ بوو لەگەڵ تۆدا دوا؟ ئەو پەیامبەرێك بوو هێندەی جوانیی عەشق عاشقی عەشق و ئێستەتیکە، ئەو دەیزانی شتێ هەیە لەودیو سنوور و دەسەلاتی عەقڵی کەسەکان کاریگەری لەسەر ئێمە کردووە، ئەو دەیزانی ئەوە ئێمە نین کە لەناو گەمەیەکی پڕ لە جوانیی زەمەن تێدەپەڕێنین، بەڵکو منداڵە جوانەکانی نێو ئێمەن گەمەی ڕۆحانی خۆیان دەسازێنن..

دێتەوە بیرت چی پێگوتی؟

کە مۆبایلەکەی خستە بەر گوێی، یەکسەر ئاوا هات دوان: گلەیی لێمەکە، ئێمە کەسمان گلەیی لێ ناکەین، چونکە ئەو یوسفی نێو ئەو چاخە جەنجاڵەیە، ئەو بۆ ئەوە دەڕوا عەشق لە دنیادا کۆبکاتەوە و لە فۆرمێکی نوێدا پەخشی بکا.. ئەو دەڕواو دەگەڕێتەوە، چونکە خوداو دوعای ئێمە دەیپارێزێ، تۆیش دوعای بۆ بکە، چونکە خۆشیدەوێی..بەختەوەربە چونکە خۆشیدەوێی..

کە مۆبایلەکەم وەرگرتەوە دەزانی تۆ چیت گوت؟ بێنمەوە یادت؟ تۆ لەو کاتەدا قسەی ئاسایت نەکرد، بەڵکو شیعرت بۆ من خوێندەوە، تۆ بە پاڕانەوەیەکەوە گوتت :

**دڵی گەردوون، ئەی ڕۆحی پیرۆز لەگەڵیبە**

**لە دوایبە و بیپارێزە**

**لە ڕێگاکان**

**لە زەریاکان**

**لە ئاسمان و لەنێو چیاکان**

**رۆحی جیهان ئەی خودا لە گەڵیبە**
**چونکە ئەویش کوڕی تۆیە**
**چونکە ئەویش لە خوێنی تۆیە**
**چونکە ئەویش لە رۆحی تۆیە..**

گیان درۆ ناکەم تا ئێستا دوعا و نزای لەو جۆرەم نەبیستبوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا رۆژێ لە رۆژان وەکو ئەو کاتە شانازی ئاوام بە خۆم نەکردبوو.. یەکڕاست دوای دوعاکە کەوتییەوە نێو بوحەیرەی گریان و گوتت: تەماشاکە تۆ چەند بەختەوەریت؟ تۆ کەسانێکت هەن کە بێسنوور خۆشیان دەوێی.. کەچی منێکی داماو، تەنیا و تەنیا کە کەسێك هەبێ بتوانم بیدوێنم و هەستی خۆمی بەرامبەر دەربڕم خۆمم.. تەنیا خۆمم کە دەتوانم نهێنییەکانی خۆمی لە لا باسبکەم..

من بەرەو کیشوەرێکی سپی رێگام گرتە بەر.. بەڵام کە لە سنووری شار تێپەڕیم، بۆنی سێو ئەو پێدەشتەی تەی کردبوو، تۆ زەنگت بۆ لێدام و گوتت: بۆنی تاریکی و بۆنی خوێن و بۆنی نەهامەتی دەکەم لەو شارە، خودایە چەند هەست بە چۆڵەوانیی و وێرانەیی ئەو شارە دەکەم !؟ بۆنی بیابان و لم و تارمایی دەکەم.. ـ با ـ ی سەر بیابان هەڵیکردووەو هەموو شاری داگیر کردووە..

تۆ نەتدەزانی قسەی ئاسایی بکەیت و نەشتدەزانی رستەیەکی ئاسایی هەڵبدەیت، کە لێوە سوورەکانت لێك دەکردەوە شیعر لە دەمتەوە هەڵدەوەرا، بۆیە شانازیم دەکرد، خۆ حەقی خۆشم بوو شانازی بکەم.. سنووری شارم بڕی و لە شارێکی دی لە هوتێلێك دابەزیم.. شەو لە یانەکە خۆم سەرخۆش کرد، لەگەڵت دوام، بەڵام چۆن؟

تەلەفۆنی هوتێلەکە تێکچووبوو، هەروەها مۆبایلەکەشم ونکردبوو، ئیدی نەمدەتوانی لەو چرکەیەکدا بە هیچ شێوەیەك قسەت لەگەڵدا بکەم.. پێویستیشم پێت بوو، بۆیە بانگی گارسۆنەکەم کردو داوام لێیکرد قەڵەم و کاغەزێکم بۆ بێنێ.. دەستمکرد بە نووسینی نامەیەك بۆ تۆ.. گەر راستیت دەوێ، بیرۆکەی ئەو نامەیەی ئێستای بەردەستت هی ئەو شەوەیە..



نووسیم و نووسیم و نووسیم، ناوە ناوە داوای کاغەزی زیاترم دەکرد، تا وای لێهات لەبەر نەمانی کاغەز کارتۆنی تەکەی جگەرەیان بۆ هێنام.. دواتر لەسەر کلێس نووسیم، نەمدەزانی چی دەنووسم، گرینگ ئەوە بوو لەگەڵ تۆدا دەدوام.. ئایا تۆ گوێت لە زەمزەمە و گریان و هەڵچوونی وشەکانم دەبوو؟

ناوە ناوە لە مێزەکەی بەرامبەرمم دەڕوانی، ئاگام لێبوو کە بە مەراقەوە دوو کەس چاودێریم دەکەن، من دەمخواردەوە و دەمنووسی.. بریا لەوێبووای، دەزانی بۆ؟

دێتەوە یادت کە چەندین شەو وەختێ بە مەستی لەگەڵت دەدوام تۆ هەمیشە دوو شتت دەهێنایەوە یادم، یەکەمیان ئەوەبوو کە دەتگوت: تۆ تەنیا لە سەرخۆشیدا دەتوانی بە حەقیقەتێکی رەهاوە گوزارشت لە خۆشەویستی نێوانمان بکەیت.. هی دووەمیشیان کە بەردەوام دەتهێنایەوە یادم ئەوەبوو کە دەتگوت: خۆزگە جارێ لە بەرامبەرت بوومایە کە ئاوا سەرخۆش دەبیت.. لەوەیش زیاتر دەرۆیشتی و دەتگوت: من لە توانامدایە خۆم گلاسی ئۆزۆن بخەمە سەر لێوان و سینگیشم بۆت بکەمە مەززە..

منیش حەزم دەکرد، منیش حەزمە سێو بکەمە مەززە، منیش بە بۆنی سێو زیاتر مەستدەبم، ئایا لەو شەوەدا سێوەکانی باخەڵی بەهەشتاوی تۆ لە کوێ بوون؟ ئاگاداری لێوەکانی من بوون کە هێندە تێنووی بۆنکردنیان بوون؟

دوو کەس لە مێزەکەی بەرامبەر مندا چاودێریان دەکردم، منیش لە دووکەسەکەی بەرامبەر خۆمم روانی لەو شەوەدا، یەکێکیان تا کەمەری نەمابوو، گەنجێکی پەککەوتە، دەبێ چ رووداوێ لە پشت نەمانی قاچەکانی ئەودا هەبووبێ؟ لەسەر عارەبانەیەکی کەمئەندامان رۆنیشتبوو، شەش بیرەی تەواوکردبوو بانگی گارسۆنەکەی دەکرد بۆ ئەوەی هی حەفتەمیشی بۆ بێنێ، ئەویتریش ئۆزۆی دەخواردەوە، گەنجێکی رەشتاڵەی لاوازبوو.. بێقاچەکە لە دەموچاوی وا بەدەردەکەوت کە حەزی لە سەمابێ، حەزیدەکرد هەستێ و سەمایێکی ئەبەدی سازبدا، بەڵام بیری لە باردۆخی من دەکردەوە، مۆبایلێکی هاوشێوەی ئەوەی منی بە دەستەوە بوو، دەمنادەمێ تەلەفۆنێکی پێدەکرد.. من دەستم شل ببوو، ئیدی دەمویست زۆر شتیترت بۆ بنووسم

بەلاّم توانای نووسینم نەمابوو.. لە مۆبایلەکەی دەستی ئەو کوڕەم روانی مۆبایلەکەی خۆمم هاتەوە یاد، تەنیا بزەیەکم کرد، ئایا ئەو مۆبایلەکەی منی دزیبوو؟ من ونم کردووە ئەو دۆزیویەتیەوە؟

ئیدی خۆم بۆ نەگیرا و بەرێز و شەرمنییێکی زۆرەو بەرەوە مێزەکەی ئەوان ڕۆیشتم، جزدانەکەمم دەرهێنا و پەنجا دۆلارم دانایە سەر مێزەکە و بە شەرمنی و رێزێکی زۆرەوە گوتم: من غەریبم لەو شارە، پێویستم بە تەنیا یەك پەیوەندی تەلەفۆنییەوە هەیە، ئەوەش پەنجا دۆلار، تکا دەکەم سیّ کارتم بۆ لە برادەرێکتان، یا ناسیاوێکتان وەرگرن و داخیلی مۆبایلەکەی خۆتانی بکەن و دەمەویّ هەندیّ شتی گرینگ هەیە لەگەلّ دۆستێکم یەکلایی بکەمەوە.. لێرەوە باوەڕم وابوو (من ئەوەم کە هەم)..

ئەوان پەنجا دۆلارەکە و دوو مۆبایلیان هەلّدایە پێشە من و بە شێوە دیالێکتێك کە من شەرم لە خۆم بکەمەوە بێقاچەکە گوتی: تۆ پێویستە شەرم لە خۆت بکەیتەوە، ئەو مۆبایلانە هەردووکی لە خزمەتی تۆ دان.. تۆ دەتوانی تا دواترەمین سەنت قسەیان پێبکەیت.. برای ئازیز ئێمە کە لە تۆمان دەڕوانی بەو هەموو ئیشتیاق و شێتیەتییەوە دەتنووسی دەمانویست بێینە لات بۆ ئەوەی چ یارمەتییێکت دەویّ ئێمە لە خزمەتت دابین..

ئەو کاتە بە زۆر رازیانکردم لەگەلّت بدوێم، شتەکانی سەر مێزەکەی منیان بۆ سەر مێزی خۆیان گواستەوە.. لەوێوە من چیرۆکی نێوانی خۆم و تۆم بۆیان گێڕایەوە و بەیەکەوە قسەی زۆرمان کرد، هەر لەوێش بوو بەلّێنم پێدای کە ئەو نامەیەت بۆ بنووسم کە ئێستا من خەریکی نووسینمەو تۆیش لە ئایندەدا دەیخوێنیتەوە.. یان وا ئێستا دەیخوێنیتەوە..

دوای مەستی و سەرخۆشییێکی زۆر، من دەسکی عارەبانەی کەمئەندامەکەم گرتە دەست و بە نێو شاردا خولاینەوە، پیاسەی زۆرمان بەنێو سەنتەری شاردا کرد، بێقاچەکە هاواری دەکرد: باوەکو پارچەیەیەکی تری جەستەشم نەمێنیّ، گرینگ



رۆحە، من رۆحم سەلامەتە، رۆحی من لە رۆحی ملیۆنەها جەستە ساغ بەختەوەرترە.. هاواری دەکرد: رۆحی ئێمە بەختەوەرە.. بەختەوەر..

گیان ئەو شەوە پەیمانم پێدان لە ئایندەدا بیانبینمەوە، بەلاّم تا ئێستا نەمدیتینەوە، چونکە لە دەستی ئێمەدا نییە، پەیمان شکاندن بەشێکی جەستەی ئێمەی پێکهێناوە، پەیمان شکاندن تێکەلّ بە خوێنی مرۆڤەکانە.. پەیمان شکاندن وەکو کەشتییێك وایە و هەمیشە لەنێو خوێنی ئێمەدا دەخولێتەوە، لەگەلّ ئەوەشدا من هەولّدەدەم نەختیّ جیاتر بم، ئەوەتا لێرە باسیان دەکەم و ناویان دەهێنم، چونکە هەر نا بە ناوهێنان و یادکردنەوەیان بەشێکی ئەو قەردەیان پێدەدەمەوە کە پێیان بەخشیبووم لە شەوێکی دۆزەخینی ئاوادا .

ئەو شەوەت بێتەوە یاد، کە ئێمە بەدەم قسەکردنەوە لە خودا پاڕاینەوە جارێکیتر بەیەکمان بگەیەنێتەوە، هەردووکمان وەکو دوو منداڵ دەگریاین، لەگەلّماندا گەردوون دەگریا، خودا نەیدەویست لەو دیمەنە تراژیدیە رابمینیّ گەرنا ئەویش لە کەناری سۆز و گریانەوە نزیك و نزیکتر دەکەوتەوە .

بەیانی ڕۆیشتم.

سنووری چەندین وڵاتم بڕی تا گەیشتمە ئەو کیشوەرەی کە لێیەوە هاتبووم.. لە ئەسلّدا من خەلّکی ئەویّ نەبووم، بەلاّم هەمیشە شانازی دەکەم کە ئەویّ شوێنزای من بووایە، باوەکو لەبەر رێکپۆشی و مرۆڤدۆستی و مافی مرۆڤیش نەبیّ، تەنیا لەبەر ئەو ئازادییە بیّ کە تاك وەکو کولتور هەزمی کردووەو رۆژانە هەلّسوکەوتی لەگەلّ دەکا و ئەنجامیدەدا.. چەندین جار من و تۆ تەمەننای ئەوەمان دەکرد کە لەویّ بووایین، چونکە لەوێندەر دەتتوانی من بە سەرخۆشی ببینی و هەر خۆشت ستیانەکەی ڕەنگ گۆشتیەکەی خۆت هەلّبدەیت و مەمکەکانت بۆم بکەیتە مەززە.. ئەریّ هێشتا ئەو ستیانەت ماوە؟

گەر لەویّ بووایین تۆ دەتتوانی سەمام بۆ بکەیت و پەیمانەکەی خۆت بگەیەنیتە سەر، چونکە تۆ پەیمانت دابوو لە کاتی گونجاودا حەددی ئێسقان سەمام بۆ بکەیت،

من دەمزانی سەماکارێکی نایابی، بە تایبەتیش لەگەڵ گۆرانییەکانی ئیلهام مەدفەعی، بەڵام کاتی گونجاو نەبوو.. ئەگەر لەوێبووایین دەمانتوانی لەسەر شەقامەکان بە پێخواسی قاچەکانما تێکباڵێنین و لەناو پارکێکدا شەو بەسەر ببەین، یا کیسەخەوێك بە کۆڵمانەوە هەڵگرین و لەسەر پشتی کەشتییێك کە لە ئیتالیاوە دەچێتە یۆنان رایبخەین و بە جووتە بچینە ناوی.. ئەگەر لەوێبووایین ئێمە هەموو شتێکمان دەتوانی، تەنیا چێشتنی تامی ناخۆشیی نەبێ کە لێرە هەموو کەسێ بەبێ جیاوازی دەیچێژێ.

من ئەو هەموو سنوورەم بڕی کەچی یەکەمینجارم بوو کە هێندە بەختیار و کامەران و بێکێشە ئەو هەموو سنوورە ببڕم، کاتێ گەیشتم، گومان نەما دوعاکەی تۆ بوو منی گەیاند، دوعاکەی تۆ:

**دڵی گەردوون، ئەی رۆحی پیرۆز لەگەڵیبە**
**لە دوایبە و بیپارێزە**
**لە رێگاکان**
**لە زەریاکان**
**لە ئاسمان و لەنێو چیاکان**
**رۆحی جیهان ئەی خودا لە گەڵیبە**
**چونکە ئەویش کوڕی تۆیە**
**چونکە ئەویش لە خوێنی تۆیە**
**چونکە ئەویش لە رۆحی تۆیە..**

کە گەیشتم زانیم رۆحی تۆم لەگەڵدابوو لەو رێگایە دوور و درێژە، زانیم خواش لەنێو رۆحی تۆدابوو لەو رێگایە دوور و درێژە، چاوم لێبوو کە بەسەر سەرمەوە هەڵفڕ هەڵفڕیەتی و دەمپارێزێ..

دوای چەند رۆژێ هێندە غەریبیم کردی دەنگم بۆنی گریانی گرتبوو.. ئەگەر چەند جارێ لای خانم سڤێتلانەی سۆزانی خەمەکانی خۆم سەبارەت بە تۆ هەڵنەڕێشتبایە،



ئەوا ڕەنگ بوو لە نەخۆشخانە بکەوتمایە، باشبوو خانم سڤێتلانە بە باوەشی گەرمی نەختێ دەرمانی دەکردم و بۆ تاوێ تیماری برینەکانی رۆحی ساردمی دەکردم .

پاش ماوەییێ سینە و مەمکی بەفرینی خانم سڤێتلانە نەیدەتوانی رۆحم گەرم بکاتەوە، هەموو شتێکم دەدیت رەشبوو، هەتا بەفر و رەنگی ئاڵا سێ رەنگیەکەی ئەو ولاتەیش تەنیا خۆیان بە رەش نیشان دەدا.. رکم لە هەموو شتێکی رەشدەبۆوە، بۆیە جانتاییێکی سپیم ئامادەکرد و گەڕامەوە، ئێستا زانیت بۆچی لێرە دەژیم؟ تۆ تاوانباری بەوەی کە رەنگی کیشوەرێکی سپیت بە رەش و رەنگی ولاتێکی رەشت بە سپی گۆڕی لەبەر چاوی مندا..

من لە دەستپێکی ئەو نامەیەدا گوتم: من باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان دروستکردووە، چونکە خۆشەویستی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردوون داگیرساوە و هەمیشەیش بە هەڵاوی بۆ بوونەوەرەکان دەرۆشنێتەوە..

من گوتم: تەنیا بیرەوەریە کە دەتوانێ ببێتە پردێك بۆ ئەوەی رۆحە لێکترازاوەکان بە یەکتری بگەیەنێتەوە..

ئێستا وای لەگەڵ مندا ئەو نامەیە دەنووسین، زۆر سەیرە تۆ وەکو جەستە لەگەڵما بوونت نییە کەچی رۆحێکی ئامادەیت، ئایا رۆح گرینگترە یا جەستە؟

من لەگەڵت دەدوێم، بۆت دەنووسم، بەڵام تووخوا هەندێ ئارامبگرە بۆ ئەوەی وردە وردە بێنمەوە یادت کە من کێم و چیم داوایە؟ نامەوێ ئاوا زوو بمناسیتەوە، دێم و نهێنییەکانت هێدی هێدی بۆ ئاشکرا دەکەم تا هەر هیچ نەبێ بێتەوە یادت کە من کێم و بۆچی ئەو نامەیە بۆ تۆ دەنووسم؟

باش بێنەوە یادت کە جارێکیان لە نیگاکانمت روانی و دەستت لە گۆناکانم نزیك کردەوەو بە سیحرێکەوە گوتت: دەتوانم دەست بە نێو پرچت دابێنم؟

من گوتم: تۆ دەتوانی پرچت بەسەر رۆحمدا پەخشان بکەیت..

تۆ هێدی هێدی نینۆکە نارنجیەکانت بە گۆناکانم داهێنا، دواتر بە لێوەکانم، تۆ بە ئارەزووی خۆت نینۆکە نارنجیەکانت بە رووخسارم دادەهێنا.. ئێستایش تامی نینۆك

و پەنجەکانت لە گۆنا و پرچ و لێوەکانی خۆم دەکەم.. پەنجەکانت بۆنی سێویان لێدەهات، چەندین جار ئەو کردارەت دووبارە دەکردەوەو تێر نەدەبووی، هیلاك نەدەبووی، فرمێسکت هەڵدەوەراند تێر نەدەبووی، هیلاك نەدەبووی، ئێستایش لەوانەیە کە دەست بە پرچی مێردەکەت دادەهێنی هیلاك نەبیت، ماندوو نەبیت، لەوانەیە کە نینۆکەکانت بە گۆناکانی دادەهێنی هیلاك و ماندوو نەبیت، وەکو ئەوەی کە بەر لە منیش دەستت لەنێو قژی یەکێکیتر وەردابوو و ماچت کردبوو ئاواشت تێگەیاندبوو کە هیلاك و ماندوو نابیت.. من نامەوێ گلەییت لێبکەم، بەڵام گلەیی لە خۆم دەکەم و هەست بە گوناحێکی گەورە دەکەم کە بەر لە مردنم شتێ بە نهێنی و پەنهانی بهێلمەوە و کەس نەیزانێ.. من کەسێکی لەو جۆرانەم کە نهێنی و شتی شاراوە لە دڵیان ئۆقرە ناگرێ و هەمیشە دەیانەوێ نهێنییەکانیان وەکو باران بەسەر کەسانیتر ببارێنن..

ئێرە سەرەتاییێکی باشە بۆ ئەوەی بێنمەوە یادت کە چەندین جار لێم دەپرسیت (لافاو) کێیە؟ پەیوەندی ئێوە چییە؟ بۆچی لە رۆژی ئاهەنگی دەرچوونت لەگەڵ ئەودا بە بەختەوەرییێکی بێسنوور وەستابوویت و قاقا و خەندە سەراپای رۆحی داگیر کردبووی؟

تۆ دەتگوت: دۆستێکی ئاسایی منە و هیچیتر، لە کۆلێژ بەیەکەوەین، کوڕێکی باشە، پەیوەندی ئێمە لە پەیوەندییێکی ئاسایی نێوانی دووکەس تێپەڕ ناکا.. هەردووکمان حەزمان لە گۆرانییەکانی ئیلهام مەدفەعیە..

کە جاروبار دەمپرسییەوە هەواڵی (لافاو) چییە؟

تۆ دەتگوت: گیان پێویست بە غیرە و گومان ناکا، گەر من شتێکم هەبووایە لەگەڵ لافاو ئەوا دەمتوانی هیچ شتێکم لەگەڵ تۆ نەبووایە، چونکە زووتر ئەوم دەناسی نەك تۆ.. وەکو گوتم لافاو لە کوڕەکانیتر تێگەیشتووترە، زۆرجار بە تەلەفۆن ئاگاداری یەکترمان دەکردەوە کە فیلمێکی خۆش لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنیدا هەبووایە، بۆ ئەوەی لەکاتی دیداردا بابەتێکمان هەبێ بۆ گفتوگۆ، لە کاتی گفتوگۆ و یەکتر



بینینیشدا ئەو لە هەموو کوڕەکانیتر زیاتر دەیتوانی رێزی خۆی بگرێ بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەی ناچار بکا رێزی لێبگرێ.. بەڵام گیانی من، دەبێ تۆ لەوە تێبگەی کە پەیوەندی خۆشەویستی لە نێوانی ئێمەدا نەبووە..

من باوەڕم پێکردبووی کە لافاو تۆی ماچ نەکردووە، من باوەڕم پێکردبووی کە دەستت لەنێو پرچی لافاودا هەڵنەسویوە، هەروەها باوەڕیشم پێکردبووی کە سەرت نەنابێتە باوەشی لافاو و تاوێ بەدەم گریانەوە چیرۆکی خۆتت بۆ نەگێڕابێتەوە، من هەموو شتێکم پێ باوەڕکردبووی چونکە خۆشمدەویستی.. تۆیش حەقی خۆت بوو درۆم لەگەڵدا بکەی، حەقی خۆت بوو نهێنیەکانی خۆت بە شێوەیەك بگۆڕیت کە لەگەڵ چاخدا بگونجێ، دەزانی بۆ؟ چونکە خۆشتدەویستم.

زۆری نەخایاند خۆشەویستی ئێمە درز و کەلێنی گەورەی لێکەوت، وەك چۆن زوو یەکترمان دۆزیەوە و زوو بەیەك گەیشتین و زۆر زوو توانیمان بە راستگۆییەوە بۆ یەکتری بگرین، هەر ئاواش عەشقی ئێمە بەرەو کۆتایی چوو، بێگومان کوژانەوەو نەمانی عەشقێکی هێندە ئاگرین هەروا زوو دەبێ هۆکاری خۆی هەبێ، خۆ هەر واشبوو هۆکاری خۆی هەبوو.. با واز لە هۆکارە ناڕاستەوخۆکان بێنین کە یەکێکیان ئەوە بوو، من یەك جار ژنهێنانم پێ کارێکی هەڵە و کوشندەیە، ئینجا دووجار و سێ جار و... تاد، دەشزانم کە ئێمە لە پێناوی پێکەوە ژیان ئەو کارەمان نەکردبوو، بەڵکو لە پێناوی دوو شتی سەرەکی بوو کە دواتر بۆتی ئاشکرا دەکەم..

بەڵام بۆچی پەیوەندی ئێمە نەماو هۆکارەکانی چیبوو، پێویستە بڵێم یەکێ لەو هۆکارە راستەقینە و راستەوخۆیانە ئەو رۆژە بوو کە بەیانییێکی زوو، لە خەو هەستایت و بە خەیاڵی ژیانێکی نوێ دەستت بە رۆژێکی نوێ کرد، دوای چێشت، میکیاجێکی جوانت کردبوو کە چیاکان لەبەر جوانیتدا دەتوانەوە، خەڵکێکی زۆریش هەن شاهێدی ئەوە دەدەن بە چاوی خۆیان بینیویانە کە لەو رۆژەدا (سەفین) چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا هاتووە.. تۆ میکیاجێکی جوانت کردبوو، دەستت دایە

مۆبایلەکەت و زەنگت بۆ لێدام، بە زەنگی مۆبایلەکە خەبەرم بۆوە، بە چاوی خەوالّوەوە گوتم: بەیانی باش گیان، شەوی رابرد خەوێکی خۆشت هەبوو ؟

تۆ گوتت: بەیانی باش گیان، ئەورۆ کاتی نیوەرۆ چاوەڕوانی موفاجەئە و پەرجوویێکی خۆشبە.

تەلەفۆنەکانمان داخست.. من تێنەگەیشتم لە مەبەستی تۆ، نەمدەزانی ئەو پەرجووە چییە کە ئەورۆ پێویستە ببینم!

دەمی دوای نیوەرۆ زەنگێکت بۆ لێدام من وەلاّمم نەبوو.. جارێکیتر و دەیانجاریتر، تۆ هەرجارەو بە ڕەنگێك بیرت دەکردەوە، بۆیە وەلاّمم نەداتەوە چونکە کارێکی هەیە، شوێنەکەی تەواو نییە بۆ قسە کردن، پاش کەمێکیتر تەلەفۆنم بۆ دەکاتەوە.. تۆ تاکسییێکت راگرتبوو، بە شوفێرەکەت گوتبوو بتباتە ئەو شوێنەی کە جارانی دی لەگەلّ مندا لێی کۆبووینەوە، تەلەفۆنت دەکرد و بەردەوام ئێس ئێم ئێست دەنارد..

من لە ژوورەکەی خۆما خەوتبووم، مۆبایلەکەشم لە شوێنێکیتر بوو، بە هیچ شێوەیەك گوێبیستی ئەو هەموو هاوار هاوار و نالّە نالّەی تۆ نەببووم.. دوای کاتێکی درەنگ برا بچووکەکەم هات و بە پێکەنینەوە گوتی: ها بدویّ .

کە وەلاّمم دایتەوە، یەکڕاست بە نارەحەتی و بارێکی دەروونی شلّەژاوەوە گوتت: بۆ وەلاّم نادەیتەوە، من وا لەو شوێنەم کە جاری پێشوو لەویّ یەکترمان بینی .

ئەو شوێنە کێندەر بوو کە ئێمە لەوێدا بۆ دواین جار یەکترمان بینیبوو، گەڕەکێکی خەتەر کە هەمیشە پیرەژن و منداڵەکان بەبەردەرگاوەن، ئەوەش قەینا، ئەی تۆ نەتدەزانی من هەموو جاریّ بە هەزار درۆ و پاڕانەوە و تکا ئەو ماڵەم بۆ تەنیا دوو کاتژمێر چۆڵکردەکرد..؟

تۆ گوتت: لە دەرگاکە دەدەم و دەچمە ژوورەوە، دەبیّ ئێستا بێی..



من نەمتوانی تەحەمولی ئەو هەموو شێتایەتیەی تۆ بکەم، بۆیە لێم پرسیت: ئەگەر نەخۆشیت دێم و بۆ لای دکتۆرێکت دەبەم.. کیّ بە تۆی گوتووە لەو شوێنکاتەدا ئامادەبیت..؟

تۆ دەگریایت و دەتگوت: ئاوا جێم دەهێڵی؟ من دێمە ماڵتان .

من هێندەیتر ترسام، گیان لێت ناشارمەوە من تەواو ترسام، چونکە تۆ دەهاتی، لات ئاسایی بوو بێی و هەموو شتیّ بە گەورەتر لە فۆرمی خۆی بڵێی.. کە تەلەفۆنم داخست بۆت گریام و لێشت تۆرام، تەماشایێکی مۆبایلەکەمم کرد، ٣٨ زەنگت لێدا بوو، لەگەڵ شەش نامەیش.. یەکیّ لەو نامانە، دێتەوە بیرم ئاوا نووسرابوو: ( لەناو تاکسیم، هەوڵدە وەلاّمم بدەوە، بۆ ئەوەی جارێکیتر بەهەشت بە چاوانی خۆمان لەسەرزەمیندا ببینینەوە ).. چەند دەقەیەك دوای مارەکردنت بەدەم گریانەوە خۆت بۆت گێڕامەوە کە لەو رۆژەدا پێنج کاتژمێر لە ژێر باراندا بە کۆلاّنەکاندا هاتوچۆت کردبوو، بۆت گێڕامەوە کە من چ ئازارێکی تۆم دابوو، بۆت گێڕامەوە کە خەڵك بە چ چاوێك تەماشایان کردوویت و تۆیش چەند بە کەرامەت شکاوی لە خۆتت روانیوە؟

چەند دەقەیەك دوای مارەکردنت دەگریایت و دەتگوت: تۆ گەورەترین ئازاری مندا لەو رۆژەدا، خۆ ئەگەر من نەتبوورم، تۆ لە ژیاندا هەرگیز ناتوانی بەختەوەر بیت.. ئەگەر من نەتبوورم رۆحی جیهانیش لێت نابووریّ.

من پێم سەیربوو کە تۆ هێندە شاعیریانە دەدوایت، شیعر لە دەمی تۆ دادەباری، هەموو جاریّ دەمپرسی: ئەی خودا دەبیّ چ شاعیریّ خۆی لەنێو رۆحی تۆدا مەلاّس دابیّ..

هۆکاری دووەم ئەوەبوو کاتیّ لە ئاهەنگی ساڵرۆژی لە دایکبوونی دۆستێکت داوەتت کردم، دەستمان لەناو دەستی یەکترنا و لە ئاوابوونی خۆرمان روانی، ئێمە وەستاین تا خۆرەکە ئاوابوو، بەدەم تەماشاکردن لە ئاوابوونی خۆر تۆ ئەو گۆرانیەت بۆ چرپیم: ((من ناتوانم غیابی تۆ لە یاد بکەم.. من ناتوانم خۆری رووخساری تۆ لە

ژووری تاریکی ڕۆحی خۆم دەربکەم.. من ناتوانم لە دووری تۆدا وەرزەکان بەڕێبکەم.. ڕۆژەکان ئاوابکەم.. من ناتوانم.. ئاخر من ناتوانم..))

هی سێیەمیشیان ئەوە بوو کاتێ کە چەند دەقەیەك بەر لە مارەکردنت وەکو دوو هەفتە بەر لە مارەکردنت لێت پرسیمەوە، ئەوا دواترەمین فرسەت و هەلی ژیانە، چەند خولەکێکمان ماوە، هەوڵدە تیشکێك بدۆزەرەوە تا ئەو پلانە شێتانیەی خۆم سەر لەبەری هەڵوەشێنمەوە، تا تەلەفۆنەکەمان داخست هەر دەتگوت دواترەمین هەلە، ئاخیر چرکەساتەکانی ژیانمانە.. ئازابە و بڕیار بدە، من دەتوانم لە ئاهەنگی گواستنەوەدا بە جلی بووکێنی رابکەم و بێمە باوەشی تۆ.. دەی بڕیار بدە، دواترەمین هەلە، ئاخیر چرکەساتەکانی ژیانمانە..

من لەوێش ڕێگام دای، چونکە من بۆ ئەوە لە ژیانی تۆ دەرنەکەوتبووم کە تاهەتایە هەر بەیەکەوە بین و بەیەکەوە بژین، من تەنیا پەیامبەرێك بووم کە هاتبووم تۆ لە دۆزەخ بگوازمەوە نێو ژیانێکی ئاسایی وەکو ژیانی کەسانیتر.. من بۆ ئەوە هاتبووم چیرۆکێکت بۆ بنووسم و تۆیش تا ئەبەد شانازی پێوە بکەیت، شانازی چی؟ نا نا شانازی نا، بەڵام کتێبێکت بۆ بنووسم و تۆیش ئەگەر لەبەر مێردە خۆشەویستەکەت بوێری جار و بار بیخوێنیتەوە..

دوای مارەکردنت هیچ شتێکت بۆ من پێنەمابوو، کە قسەمان دەکرد، هەستمدەکرد شاعیرە شێتەکەی ناوە تۆ مردووە، هەستمدەکرد ئەو پۆلە پەروانەی نێو ڕۆحی تۆ بەرەو شەمع سەفەریان کردووەو ئێستا بوونەتە خۆڵەمێش، دوای مارەکردنت هیچ شتێکت بۆ من پێنەمابوو، ئەوە نەبێ کە دەتویست کچێکت لە من هەبێ بۆ ئەوەی بەشێکی من لەگەڵ تۆدا بێ بۆ ئەبەد.. من سەرەتا رازینەبووم، دواتر کە گواسترایەوە و من بەو پلانەی تۆ رازیبووم، ئیدی تۆ دەتگوت: چۆن دەتوانم خیانەت لە پیاوێك بکەم کە خۆشی دەوێم..؟ ئێستا مێردەکەم بە هیچ کەسێ نادەم لەو دنیایە.. ئەو بە لایەك و هەموو دنیاش بە لایەك..



قەینا من زۆر دڵتەنگ نەبووم، چونکە ژیان ئاوایە، ئێستا ئەو بە هیچ کەسێکیتر نادەیت، ئێستا شاعیرە مولتەزیمەکەی ناو ڕۆحی تۆ تەنیا شیعری محافزکارانە دەنووسێ، شیعر بۆ مێردە خۆشەویستەکەت دەنووسێ و تەواو.. قەینا من زۆر دڵتەنگ نەبووم، حەقی خۆتە، چونکە سەدانی وەکو تۆم بینیوە لەو شانۆگەرییەدا.

نازانم تۆ خۆت بوویت یا مێردەکەت یاخود ئەو قەدەرەی کە چۆن تۆی هێنابوو دەیویست ئاواش بتباتەوە، نازانم کامەیان بوو؟

شەوێکی درەنگ من بە مەستی لە تەك ژنەکەم راکشابووم، زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا، تۆبووی، نەمزانی چیبکەم ! دەبووایە وەڵامت بدەمەوە..

کە وەڵامم دایتەوە، گوتت: ئێستا مێردەکەم تەلەفۆنت بۆ دەکا، تۆیش دەڵێیت من (شێواز) ناناسم، چونکە ئەوڕۆ تۆ تەلەفۆنت کردووە و ئەو لەگەڵ تۆدا دواوە، پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گوتوومە نایناسم، تووخوا ئەگەر تەلەفۆنی کرد بڵێ نایناسم، بەسە ئیدی بە قوربانت بم، گیانی من، ژیانم تێك مەدە، لێگەڕێ من بەختەوەریم دۆزیوەتەوە تۆ لێمی ون مەکە..

تۆ قسەکانت تەواو کرد و منیش بە هیچ شێوەیەك نەمدەتوانی وەڵامت بدەمەوە، نەمدەتوانی بڵێم: من چەند ڕۆژێك دەبێ زەنگم بۆ تۆ لێنەداوە، نەمدەتوانی پێت بڵێم: تێکنەگەیشتنێك هەیە، من تەلەفۆنم نەکردووە.. نەمدەتوانی بڵێم: مێردەکەت درۆ دەکا، ئەو لەگەڵ من قسەی نەکردووە.. من نەمدەتوانی هیچ شتێك بڵێم، نەمدەتوانی بڵێم: ئایا تۆ هەمان پلانی لافاو بەسەر منیشدا پراکتیزە دەکەی؟ یاخود مێردەکەت فێڵی لێت کردووە، من نەمدەتوانی هیچ شتێك بڵێم، بۆیە گوتم: باشە.. خواحافیز .

کە تەلەفۆنەکەم داخست ڕەنگم گۆڕابوو، خوێن بە جەستەمدا هاتوچوونی نەدەکرد، ژنەکەم پرسی: گیانە چی ڕوویداوە؟

گوتم: کچی برادەرێکم زۆر نەخۆشە و ئومێدیان پێی نەماوە، برادەرەکەم بۆ دڵنەوایی خۆی هانای هێناوەتە بەر من، بۆیە دەبێ بچمە لای.. چەند درۆیەکیترم کرد و خۆم لە چوونەکەش دەربازکرد.

بەیانی بۆ شەوەکەی ( لافاو ) م دیت.. چاکەت و پانتۆڵێکی رەشی لەبەر دابوو، مەست مەست لە دەروازە گەورەکەی گەورەترین و جوانترین هوتێلی وڵات بە سستی و بە مەستی بەرەو باخچەکە دەهات.. من لە باخچەکەدا بە چاکەت و پانتۆڵێکی رەش و کەرەڤاتەیەکی رەش و جووتێ پێڵاوی رەشەوە وەستابووم، منیش مەست بووم و لەسەر ئەو گردە بڵندە لە دوور دوورم دەڕوانی، هەموو شوێنەکانی وڵاتم لێدیار بوو، لەسەر ئەو گردە بەرزە هەموو شتێکم لێدیاربوو بەختەوەری نەبێ.. من لە باخچەکە وەستابووم و لە برادەرەکانم دابڕابووم، لە رۆشنایی گلۆپەکانی شارم دەڕوانی کە بە کزی بریسکەیان دەهات و دەترووسکانەوە، هەندێ لە گەڕەکەکانیش تاریك دەچوونەوە، لەنێوانی تاریکی و رووناکیدا من وێنەی تۆم لێدیاربوو کە دەردەکەوتی و وندەبووی.. لەو کاتەدابوو کە لافاو کەوتە بەرامبەرم و یەکترمان لە ئامێزکرد.. هەندێ لە چاوەکانی یەکترمان روانی بە بێدەنگی و دواتر لافاو ئەو بێدەنگییەی بە پرسیارێ شکاند و گوتی: ئایا دەزانی لەو دوا دواییانە تۆ کارێزێکی گەورەبووی لە ژیانی مندا بەڵام لە جیاتی ئاو و بەختەوەری تاریکیت بۆ بەرهەمهێنام، دەزانی کە تۆ لەو دوا دواییە سەرچاوەی تەواوی تاریکی و خەمەکانی ژیانی من بووی؟

من بە سەرسوڕماوییەوە و بە پرسیارێکەوە وەڵامی پرسیاری ئەوم دایەوە: تێناگەم مەبەستت چییە، بۆچی من کارێز و سەرچاوەی تاریکیەکانی ژیانی تۆ بووم؟

گوتی: شێواز.. لەگەڵ ئەوەشدا بزەیەکی پڕ لە خەفەتی کرد.

من رۆژی ئاهەنگەکەم هاتەوە یاد کە لەتەك شێوازدا وەستابوو، جگەرەیەکی مارلبۆرۆی بە لالێویەوە بوو، دەمنادەمێ خەندەیەکی دەکرد، ئەوکاتە هەستمدەکرد پیاوێکی بەختەوەرە و حەقی خۆشیبوو کە شانازی بکا، چونکە لە تەك خۆر وەستابوو، ئەو کاتە من جاری دووەمم بوو لافاو ببینم لە ژیانمدا، یەکەمین جار ئەو وەختەبوو کە لە یەکێ لە یانەکانی ئەو شارەدا لە رێگای برادەرێکەوە یەکترمان ناسی، بەڵام لە یەکەمین دیدار و لە یەکەمین گفتۆگۆدا من بە ئاشکرا پێمگوت کە تۆ پیاوێکی بەڕێزیت و شایستەی ئەوەی کە مرۆڤ بە خۆشحاڵییەوە برادەرایەتی تۆ بکا..



من کتێبەکانی خۆم بە لافاویش بەخشی و بۆشم نووسیبوو: بەو لافاوە هێورە پێشکەشە کە لە یەکەمین دیداردا خۆشمویست. من نەمویست درێژە بەو هەموو بیرەوەرییانە بدەم، بۆیە رووی پرسیارم ئاراستەی لافاو کرد و گوتم: بۆچی من کانگای گرفت و ناخۆشیی و خەم و حەسرەتەکانی ئێوەبووم لەم دوا دواییە؟ ئەی لێم نەپرسیت کە تۆ هیچ بیرۆکەیەکی پرۆژەی زەواجت لەگەڵ شێوازدا هەیە و تۆ بە نەخێر وەڵامت دامەوە؟ ئەی کە لێم پرسیت پەیوەندی تۆ بە شێوازەوە چییە؟ یا چ جۆرە پەیوەندییێك ئێوە کۆدەکاتەوە، تۆ گوتت: تەنیا پەیوەندی دۆستایەتی و هاوڕێییەتی.. هەردووکمان حەزمان لە گۆرانییەکانی ئیلهام مەدفەعییە..

لافاو بە مەستییەکی حەسرەتدۆستەوە تەماشاییێکی ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی کرد، وەکو ئەوە وابوو بە ئاسمان و گەردون بڵێ: بۆچی هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە دەمانەوێ ناشێین بەرجەستەی بکەین، سەری نەوی کرد و لە گلێنەکانی منی روانییەوە و گوتی: شێواز خاوەنی رۆحێکی پڕ لە سیحر بوو، ئەو دەیتوانی رۆحی مرۆڤەکان بەرەو رامکردن و دەستەمۆکردن ببا.. ئەو رۆحی منی بۆ تا هەتایە نێچیر کردووە، دەتوانم بەبێ گومان و دڕدۆنگییەوە بڵێم هێشتا خۆشمدەوێ.. چونکە ئەو زۆر جیاتر بوو لەوانەی کە ئێمە دەیانبینین و دەیاندوێنین.. زەمەنێکی باش ئێمە خۆشەویستی یەکتری بووین، بەڵام ئەو شتانە هەمووی وەکو وەهم وابوو، ئێستا رابردوو بە تەنیا لە خەیاڵ دەچێ.. من ئاگاداری چیرۆکی پڕ لە نەهامەتی و بەدشانسی شێواز بووم، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەیی ئەوەم تێدابوو بتوانم قبووڵیبکەم.. قبووڵکردنێکی تا هەتایی نەك کاتیی.. بەڵام چ لە کۆمەڵگا و فشارە گەورەکانی کۆمەڵگا دەکەیت..؟ پەیوەندی ئێمە پەیوەندییێکی هێندە جدی بوو کە هەموو عاشقەکان خەونی پێوە دەبینن..

وەکو ئەوەی بیەوەێ بەراوردی عەشقی نێوانی خۆی و شێواز لە لایەك و من و شێوازیش لە لایەکی ترەوە بکا، ئەو بابەتەی کە دەیویست باسیبکا، بە پرسیارێك گۆڕی و گوتی: تووخوا هیچ جارێ بە تۆی گوتووە خۆشمدەوێی؟

من بە هێورییێکەوە لێیم ڕوانی و گوتم: بەردەوامبە .

مەستیەتی لافاو لە گلێنە ڕەشەکانی دەبریسکایەوە، لەگەڵ ئەو هەموو مەراق و خەون و خەفەتەی کە لە رووخسارییەوە بەدیدەکرا، هێشتا توانی بەردەوامبێ و گوتی: لەیەکەمین دیداری نێوانی من و تۆدا، تۆم خۆشویست، چونکە هەستمکرد کە تۆش منت خۆشویست، دێتەوە بیرت کە لە یەکەمین چاوترووکاندا بە منت گوت: لافاو هەست بە ئارامییێکی بێسنوور دەکەم لەگەڵ تۆدا، ئەی ئەو کاتەی کە کتێبەکانی خۆت بە من پێشکەشکرد؟ بۆت نەنووسیبووم (بەو لافاوە هێورە پێشکەشە کە لە یەکەمین دیداردا خۆشمویست).. ئەو کاتەی کە تۆ ئەو کتێبانەت پێشکەشی من کرد، شێواز هێشتا هەر هی من بوو..

من قسەکانی لافاوم بڕی و پرسیم: هیچ جارێ شێواز سەری ناوەتە باوەشت و بگرییێت؟

گوتی: زیاتریش.. بەیەکەوە بووینە لە ژوورێکدا.

گیان لەوێ دەمویست بیرکردنەوەیەکی نیتچشەییانەم سەبارەت بە ئافرەت هەبێ، بەلاّم خۆم بێدەنگ کرد، چونکە بیرمکەوتەوە منی پیاویش وەکو تۆی ژن وام، تا ئەوێ وەفادارم بۆت کە وەفادار بیت بۆم و لەوێشەوە وەفام نامێنێ کە تۆ وەفات نەمێنێ، ئەوە هاوکێشەیەکە پێویستە باوەڕمان پێی هەبێ، لەو هاوکێشەیەشدا بە گرینگی نازانم کە کامە لە پەیمان شکاندن پێشی ئەویدی بکەوێ، ژن یاخود پیاو.. چونکە پێشتریش بۆم نووسی کە پەیمان شکاندن ژەهرێکە لەنێو خوێنی مرۆڤەکاندا، بۆ هیچ کەسێ نییە لە خوێنی خۆی جیای بکاتەوە.

من خۆم گرت و ڕێگام دا کە لافاو بەردەوامبێ..

لافاو بە غەمگینی و نالەبارییێکی زیاترەوە بەردەوامبوو: ئێمە یەکترمان خۆشدەویست، بەلاّم کە تۆ دەرکەوتی هەموو شتێ گۆڕا.. کە تۆ دەرکەوتی ئاسمان هەمان ئاسمانی پێشوو نەما.. گوڵەکان هەمان ئەو گولاّنە نەبوون کە بەر لەدەرکەوتنی تۆ بۆم بزەیان دەکرد.. ژیانیش هەمان ئەو ژیانە نەبوو کە دوای دەرکەوتنی تۆ شەڕی دۆڕانی پێدەفرۆشتم.. ئیدی بۆنی سێو نەدەهات لەو دنیایە.



من سەرم سوڕما، لافاویش بۆنی سێوی لە تۆ کردبوو؟ دەستێکم لە شانی لافاو دا و گوتم: دڵتەنگ مەبە، حەزدەکەم هێشتا گوێت لێبگرم..

گوتی: چەند رۆژێ بەر لەوەی تۆ لە ئاهەنگی دەرچووانی زانکۆ دەرکەوی، بە تەلەفۆنێ ئەو وەکو خۆر لەو شوێنە بۆ من دەرکەوت کە من لێیم داواکردبوو، ئیدی بە چاوانی خۆمان بەهەشتمان دیت، دەزانی دواتر لە ئێس ئێم ئێسێکدا چی بۆ نووسیبووم؟ نووسیبووی "دووشەممەی رابرد من بووکی تۆبووم، زاوا ئەبەدییەکەی من سەلام" بەلاّم کاتێ کە لە رۆژی ئاهەنگەکە تۆ دەرکەوتی ئیدی هەموو شتەکان گۆڕان، بەیانییێکی زوو، زەنگێکی مۆبایلم بۆ لێدرا، کە لە شاشەی مۆبایلەکەم روانی، شێواز بوو، من ترسام، دڵم لەرزی و خەبەرەکە زووتر گەیشت، من تەواو ترسام، ترسێك کە تا ئەو کاتە هەرگیز ترسی ئاوا لە دڵ و رۆحی مندا دەرنەکەوتبوو، ترسام و زانیم هەواڵێکی ناخۆش و قەدەرێکی ناخۆش بەڕێوەیە، کە وەلاّمیم دایەوە، پێشبینییەکانی دڵ و رۆحم راست دەرچوو، شێواز بوو گوتی: ببوورە لافاو ئیدی ناتوانم وەکو پێشتر پەیوەندیت لەگەڵدا بکەم، چونکە لە ماڵەوە هەستیانکردووە، بۆیە هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم و ژیانێکی خۆش.. دەزانی زۆر ناشاعیرانە دەدوا، ئەو نەبوو، نازانم پێدەچێ منداڵە جوانەکەی ناخی ئەو مردبێت لە کاتی ئەو تەلەفۆن کردنەدا.

من زانیم شێواز درۆ دەکا، بەلاّم گوناحی ئەویشی تێدا نییە، چونکە کاتێ دڵ دەگۆڕێ دەبێ کارێ لە پێناوی خۆشکردنی ئەو زەمینەی گۆڕانە بکا.

گوتم: برای ئازیزم کاك لافاو، ئەوە شێواز نەبووە کە ویستوویەتی درۆ بکا، بەڵکو خودای گەورە بووە لە دەمی بچووکی ئەو هاتۆتە دەرێ، چونکە ئەو وشانە تیشکی رێگاییێکی نوێ بوو بۆ ژیانی نوێی ئەو.. خودایە بچووکەکەی ناوەخۆی بووە، رێگای ژیانێکی گەورەی نیشانداوە.. ئەو دەبووایە ئاوا بکا، چونکە خودا فەرمانی پێکردبوو کە دەبێ ئاوا بکا.

لافاو قسەی پێبڕیم و گوتی: نازانم خودابوو یا شتێکیتر، بەلاّم دەزانم کە ئەو ماوەیێ رۆح و باوەشی منی گەرمکردبۆوە، کە تۆیش هاتی خودابوو یا شتێکیتر

هەموو شتەکانی گۆڕی، بەڵام من نەگۆڕاوم چونکە ئەو توحفەیەك بوو، هەرگیز ناتوانم لە نێو رۆحی خۆمدا دەری بکەم و هەڵیبدەم.. من بۆ چەندەمین جار دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم: (شێواز) یاقوتێکی خودایی بوو، باشبوو شانس یاوەرم بوو توانیم بە رۆشنایی و تروسکایی بریقەکانی ئەو دەروون و رۆحی خۆم رووناك بکەمەوە... بەڵام ئێستا دەمەوێ بیکەمەوە بە هی خۆم، چۆن دەتوانم؟

گوتم: ئێستا ئەو هی پیاوەێکی ترە، ئەو رۆحی پیاوێکی تر رووناك و رۆشن دەکاتەوە نەك هی من و تۆ، ئێستا ئەو لە باوەشێکیترە، پەنجە و لێوەکانی ئەو گەرم دەکاتەوە نەك هی و تۆ و من، ئێستا ئەو گڕو گڕێ و گۆڵی دەروون و رۆحی خۆی بۆ ئەو پیاوە دەکاتەوە و نیشاندەدا کە لە کاتی ئێمەدا بوونی نەبوو نەك من و تۆ... ئێستایش کە من و تۆ هەر خۆشمان دەوێ دەبێ راستگۆیانە خۆشمان بوێ و رێگا بدەین ئەو بەختەوەر بێ..

لافاو گوتی: ئەی ئەو هەموو رستە رۆمانسی و جوانانە بۆ کوێ دەچن کە لە دەمی ئەوەوە دەهاتنە دەر؟

گوتم: من باوەڕم وایە خودا لە پێناوی عەشق، یادگەی بۆ مرۆڤەکان درووستکردوە، چونکە خۆشەویستی ئاگرێکە لە سەنتەری گەردوون داگیرساوە و، هەمیشەیش بە هەڵاییساوی بۆ بوونەوەرەکان دەرۆشنێتەوە.. رستەکانی ئەو تەنیا لەنێو یادگە و بیرەوەریەکانی ئێمەدا دەمێننەوە .

گوتی: تووخوا پێم بڵێ، هیچ جارێ بە تۆی گوتووە خۆشمدوەێی؟

گوتم: نەخێر، چونکە ئەو هەمیشە دەیگوت: خۆشمناوێی، بەڵکو (هەستێ هەیە لە سەرووی عاشقبوون، شێتبوونیش نییە) من ئەو هەستە بۆ تۆ هەیە، ئەو هەستە وەکو منداڵێك وایە، هەمیشە دەیەوێ ئەو شتەی هەبێ کە دەیەوێ هەیبێ، منیش رێك ئەو هەستەم بەرامبەر بە تۆ هەیە، هەمیشە دەمەوێ هەمبیت، دەمەوێ هی من بیت و بۆ من بیت و بۆ ئەبەدیش بەو شێوەیە بێت.

هەمدیس لەگەڵ لافاو یەکترمان ماچکرد، ئەو رۆیشت و منیش گەڕامەوە لای برادەرەکانم..



کە من لێرەدا ئەو چیرۆکەی نێوانی تۆ و لافاوم بۆ گێڕایتەوە لێم مەتۆرێ، چونکە من نەمویستووە نە راستی ئەو چیرۆکە بسەلمێنم و نە پێچەوانەکەشی، من قسەکانی ئەوم بۆ نووسییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە یەکێ لەو شەوانەدا کە پێویستیم پێت بوو، نەوێرام لەگەڵت بدوێم، لەبەر ئەوە نا کە مێردەکەت پێبزانێ کاریگەرییێکی بچووکیشی هەبێ بەسەر ژیانی من، نا، بەڵکو من هەمیشە ئەو رستەیەم دێتەوە یاد (بە قوربانت بم لێگەڕێ با بەختەوەر بم) بۆیە زەنگم بۆ دەستەخوشکێکت لێدا، دەزانی کامەم مەبەستە؟ ئەوەی کە لە رۆژی ساڵیادی لە دایکبوونیدا ئامادەبووین و دواتر خۆمان شاردەوەو ماچێکم لە لێوەکانت کرد و دواتر هێندە بە غەمگینی بەرامبەر بە غروب وەستایین و لە ئاواوابوونی خۆرمان روانی.. کە وەڵامی دامەوە و منی ناسی بەڕاستی رێزی زۆری لێنام، من سوپاسی دەکەم کە جاروبار گوێم بۆ دەگرێ کە هەموو شتێ سەبارەت بە تۆ بڵێم، شەوێ کە گەیشتینە سەر باسی لافاو، ئەو گوتی، من پێم وایە لافاو زۆری فەنتازیا بەو چیرۆکەوە کردووە تا لێی بۆتە راستی و وا هەستدەکا ئەو شتانەی ئەو گێڕاویەتیەوە لە واقیعدا روویانداوە، بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدانیم، چونکە راستییێك هەیە لە نێوانی تۆ و لافاو، تەنیا تۆ و لافاو دەتوانن رۆشەنی بکەنەوە ئەگەر ویستتان، بەڵام باوەڕناکەم ئەو بابەتە پێویستی بە رۆشەنکردنەوە و یەکلایی کردنەوە هەبێ..

ئێستا دەبێ لای تۆ چ کاتێ بێ کە ئەو نامەیە دەخوێنیتەوە؟ ئایا پەلەی ئەوەتە پێش هاتنەوەی مێردەکەت ئەو نامەیە تەواو بکەیت؟ یاخود هەر گرینگیشی پێنادەیت؟ ئایا لێم تۆراویت یاخود شاعیرە مردووەکەی ناخت زیندوو بۆتەوە و چەند رستەیەکی جوانی هەیە بۆ گوتن؟

من نامەوێ ئازاری زیاترت بدەم، تۆ دەتوانی ئەو نامەیە بسوتێنی، یا بیدەیتە دەم ـ با ـ وە و بە کۆلانەکەتانیدا پەرشبکەیت، هەر چیەکی لێدەکەیت ئارەزووی خۆتە، گرینگ ئەوەیە تۆ بەختەوەر بیت بە هەموو ئەو کارانەی کە دەیکەیت، بەڵام

هەرگیز هەوڵمەدە درۆ لەگەڵ رۆح و دەروونی خۆتدا بکەیت.. کە دەشزانم هەرگیز ناتوانی تەنانەت یەك درۆش چییە لە ژیانتدا بیکەیت..

گیان.. گوێت لێمە؟ هێشتا زۆر شتم ماوە بیڵێم، بەلاّم تەنیا بەوە واز دەهێنم کە پەیامی نووسینی ئەو نامەیەت پێڕابگەیێنم..

پەیامی نامە:

دەبێ بزانی وەك چۆن تۆ، خودای ئیلهامبەخشی زەمەنێکی پڕ لە بەخششی نووسینی بۆ من، منیش هەر ئاوا پێغەمبەری تۆ بووم لە زەمەنێکی ژیانتدا..

لە کاتی یەکترناسینماندا تۆ مرۆڤێکی بێزار و گۆشەگیر و رەشبین و نائومێد بووی لە ژیانی خۆتدا، لەبەر ئەو ئاستەنگ و رووداوە ناکاو و تراژیدیەی کە لەسەردەمێکدا تووشت هاتبوو، من بۆ ئەوە نێردرابووم کە لە بێزاری و گۆشەگیری و رەشبینی و نائومێدی رۆحیەوە رزگارت بکەم، تۆ رکت لە پیاو دەبۆوە، ئەگەر لافاو بۆ ئەوە نێردرابێ کە زەمینەیەك خۆش بکا بۆ دەربازکردنت ئەوا من بۆ ئەوە نێردرابووم کە فێرت بکەم و بڵێم: ئاساییە و دەشکرێ پیاوی جوان هەبێ لە ژیاندا بەلاّم ئێمە نایدۆزینەوە.. هەر واشم کرد، سەرتا لەو سەرەتانی گۆشەگیرییە رۆحانییە دەربازم کردی، لەناو بیری نائومێدی دەرمهێنایی و رەنگی خۆرم نیشاندای، کەواتە من پەیامێکم پێت گەیاند، چونکە تۆ گەیشتییە حاڵەتی عەشق و سەرووی عەشقیش کە پێشتر زۆر لێی بێئومێد ببووی .

پەیامی دووەمی من ئەوە بوو کە فێری رقی جوانت بکەم، من لە عەشقدا تووڕەم کردی، تووڕەبوونێك تا ئاستی رق لێبوونەوە، رق لێبوونەوەیەك تا ئاستی کاردانەوە، من وام لێکردی لە دەستم رابکەیت و پیاوێکی هێمن بدۆزیتەوە کە ئامادە بێ هەموو شتێکی ژیانت پێبدا کە کەسێکی وەکو من نەیدەتوانی پێتی ببەخشێ..

**ئێستا زانیت بۆچی من پێغەمبەری تۆم؟**

**ئەوەشیان گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە تۆ هێشتا و تا هەتایش لەگەڵمدای**

**لە رێگاکان**



**لە زەریاکان**

**لە ئاسمان و لەنێو چیاکان**

**چونکە تۆش کچی ئاسمانیت**

**چونکە تۆش لە خوێنی ئاسمانیت**

**چونکە تۆش لە رۆحی ئاسمانیت**

ماوە بڵێم: بۆ هەمیشەیی خۆشمدەوێی، نا نا، خۆشم ناوێی بەڵکو (هەستێ هەیە لەسەرووی عاشقبوون.. شێتبوونیش نییە).

**٢٠٠٦/٠٧/٢٠**

**٢٠٠٦/٠٩/٢٧**